36

# وارڤین

گۆڤارێکی ژنانەیە دەزگای وارڤین ١٥ ڕۆژ جارێک دەریدەکات

ساڵی دووهەم/ ٦٨ لاپەڕە/ ١٥٠٠ دینار/ فێبرووەری ٢٠١١



فەرهاد پیرباڵ داوای هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی بۆ ڕۆشنبیران دەکات



هاوسەری بۆینباخ لە مەلاکانیش کێشەیان هەیە

ژنان ناچار بە بنکەکانی پۆلیس دەکرێن

هاجەر بە سێ گوللەی شووبراکەی کوژرا

ڕێبین هەردی: ڕێکخراوەکانی ژنان لەهەموو ڕێکخراوەکانی دی چالاکترن

سیدییەک نهێنی سووتانی لەنجە ئاشکرا دەکات

«بۆنی سیاسەتی حزبەکەی لەوەزیری ئەوقاف دەکرێت»

پەخشان زەنگەنە: پرسی ژن لە ئەولەویاتی کاری حکومەتدا نییە

زولەیخا: دەمەوێ بە هەموو زمانەکانی دنیا گۆرانی بڵێم


www.netewe.com

تابلۆی سەعید محەمەد کەلەش

# WARVIN.ORG




www.netewe.com

خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر: لەنجە عەبدوڵلا Lanjaebdulla@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر: تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین: بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com

سکرتێری نووسین: ئەرسەلان ڕەحمان arsalan.rahman@yahoo.com

ڕاوێژکاری یاسایی: فەوزیە فەقێ ڕەشید

ڕاوێژکاری دەروونی: د. توانا عەبدولڕەحمان

پەیامنێران:
ئامەد: دیلار سەولەدار — قامیشلۆ: لاڤە خالید
بەغدا: حەلا ناسر — دوبەی: سەنا کوردی

بەڕێوەبەری کارگێڕی
ڕێباز عەبدوڵلا
07504624506

ناونیشان:
هەولێر – عەنکاوە/ گەڕەکی حەدیاب

بۆ ڕیکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:
mob: 07504624506
Normal: 0662647813
07507460824

warvin.press@yahoo.com

## مەیسون دەملوجی بۆ وارڤین:

# ژنان لە بڕیاردا پەراوێزخراون



مەیسون دەملوجی

فۆتۆ: Daylife

**وارڤین – تایبەت:**
ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەکوتلەی عێراقییە مەیسون دەملوجی رایدەگەیەنێت، ژنان لەپرۆسەی دروستکردنی بڕیاراندا پەراوێزخراون و هەندێک لایەن وەک رێکخراوی خێرخوازی هاوکاری رێکخراوەکانی ژنان دەکەن، نەک رێکخراوی داکۆکیکار لەپرس و مافەکانی ژن. هەروەها گوتیشی «ئیئتلافی دەوڵەتی یاسا ناخوازێت رێککەوتنی هەولێر جێبەجێ بکرێت و ئارەزووی ئەوەی هەیە دەست بەسەر پۆستە گرنگەکانی بڕیاردانددا بگرێت».

**وارڤین:** **سەبارەت بەئەنجومەنی باڵای سیاسیەتی ستراتیژی گفتوگۆکانتان لەگەڵ ئیئتلافی دەوڵەتی یاسا بەکوێ گەیشتن؟**

– **دەملوجی:** ناکۆکییەکانمان نەک تەنیا لەگەڵ ئیئتلافی دەوڵەتی یاسا، بەڵکو لەگەڵ هەندێک لەرێبەرانی هاوپەیمانی نیشتمانی لەسەر یەک خاڵە، ئەویش خۆی لەشەرعیەتدانی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی سیاسەتە ستراتیژییەکان دەبینێتەوە، بەوپێیەی کە هەموو پۆستە باڵاکان لەبریکاری وەزارەت بەسەرەوە پێویستە لەئەنجومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر بدرێت و شەرعیەتی پەرلەمانی هەبێت.
بێگومان ئەو ئەنجومەنەش گرنگ و هەستیارەو پێشمان سەیر بوو کە سەرۆکوەزیران نوری مالکی لەلێدوانێکدا رایگەیاندبوو، داواکارییەکانی عێراقییە لەبارەی ئەو ئەنجومەنەوە رەتکراوەن. هەندێک لەئەندامانی دەوڵەتی یاسا تائێستا ئەو داخوازییانەمان رەتدەکەنەوە، ئەمە لەکاتێکدایە، گفتوگۆ سێقۆڵییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بەردەوامن و لەلایەن کوتلەی عێراقییەوە عەدنان ئەلجەنابی و لەهاوپەیمانی نیشتمانی حەسەن سنەیدو لەکوتلەی هاوپەیمانی کوردستانیش رۆژ نوری شاوەیس ئەو گفتوگۆیانە بەڕێوەدەبرێن.
هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بڵێین، ئەو پرسە لەو رێچکەیەی کە لەچەند هەفتەی رابردوودا لەسەرییبوو لایداوە. ناکۆکییەکە لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتمانی نییەو ئێمە پەیوەندییەکی دۆستانەو باشمان هەیە لەگەڵ کوتلەی سەدرییەکان و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و بەوپێیەش ئێمە جیاکاری لەنێوان بڕیارەکانی دەوڵەتی یاساو لایەنەکانی دیکەی ناو ئیئتلافی هاوپەیمانی نیشتمانی دەکەین.

**وارڤین:** **ئایا ئەوهەڵوێستەی دەوڵەتی یاسا پەیوەستە بەتێپەڕاندنی هەندێک پرسی دیکەوە؟**

– **دەملوجی:** بێگومان نەخێر، بەڵام ئیئتلافی دەوڵەتی یاسا حەزدەکات دەستبەسەر ناوەندە گرنگەکانی بڕیارداندا بگرێت و ئەوانی دیکەی لێ بێبەشبکات. بێگومان هەندێکیش لەو پرسە دەترسن، چونکە ئێمە لەقۆناغێکی دیکتاتۆری ترسێنەر لە ٢٠٠٣ رزگارمان بووەو بەهیچجۆرێک لەجۆرەکان ئارەزووی ئەوە ناکەین، بگەڕێینەوە بۆ ئەو قۆناغە.

**وارڤین:** **سەبارەت بەرێککەوتنتان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لەمەڕ بنەمای هاوبەشی لەبڕیارداندا هیچتان بەدیهێناوە؟**

– **دەملوجی:** هەڵبەتە هاوبەشی نەتەنیا لەئەنجومەنی باڵای سیاسەتە ستراتیژییەکاندا، بەڵکو ئێمە داوامانکردووە، ئەنجومەنی وەزیران بەگوێرەی پەیڕەوێکی ناوخۆ کە تائێستا بڕیاری لەسەرنەدراوە، کاربکرێت و دامەزراوە ئەمنییە نادەستوورییەکانی سەر بەفەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق ببنە بەشێک لەوەزارەتە ئەمنییەکان، بەڵام تائێستا ئەوە بەدینەهاتووەو بەپێچەوانەشەوە تەنانەت وەزارەتە ئەمنییەکان وەزیریان بۆ دانەنراوەو سەرۆکوەزیران بەتەنیا سێ وەزارەتی ئەمنی بەوەکالەت بەڕێوەدەبات. هەروەها پرسی لێپرسینەوەو دادپەروەری جێی مشتومڕەو داوامانکردووە لەئەنجومەنی نوێنەران دەنگ لەسەر دەستەیەکی نوێ بۆ ئەو پرسە بدرێت و نابێ دەستە هەڵوەشاوەکەی ریشەکێشکردنی بەعس بەردەوام بێت لەسەر کارەکانی و ئەمانەو زۆرێک لەپرس و بابەتی دیکە ناکۆکییان لەبارەوە هەیەو تائێستا یەکلانەکراونەتەوە.

**وارڤین:** **چۆن دەڕواننە دواکەوتنی چارەسەری ئەو کێشانە؟**

– **دەملوجی:** ئێمە لەدواخستنی جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتنە دەترسین کە لەهەولێر بەچاودێری



www.netewe.com

سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی واژۆی لەسەر کرابوو. هەرچەندە ژمارەیەک لەئەندامانی ئیتیلافی دەوڵەتی یاسا جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە ئەوان پابەندن بەبڕیارو ڕێککەوتنەکان و هەندێکجار نیازپاکی لەوبارەیەوە پیشاندەدەن.

**وارڤین: پێتانوایە هەریەک لەسەرۆکوەزیران نوری مالکی و ئەیاد عەلاوی جارێکی دیکە بەمنزیکانە کۆببنەوە؟**

– **دەملوجی:** لەوبڕوایەداین کۆببنەوە لەبەرژەوەندی هەردوولادایە پێویستە هەردوولا بۆ چارەسەری کێشەکانیان یەک ببینن و پێویستیشبوو ئەوان بەشێوەیەکی دەوری کۆببنەوە، بەڵام تائێستا ئەوە نەهاتووەتەدی و هەرچەندە ئەیاد عەلاوی چەندینجار دەستپێشخەریکردووەو سەردانی نوری مالکی کردووە. پێویستیشە لەلایەن خۆیەوە نوری مالکی لەبەرئەوەی لەرەگەزی عەرەبە، ڕەچاوی نەریتەکان بکات و ئەویش وەڵامی ئەو دەستپێشخەرییانە بەسەردانیکردن بداتەوە.

**وارڤین: ئایا تائێستاش لایەنی کوردی زەمانە بۆ ئەو ڕێککەوتنەی لەهەولێر واژۆی لەسەر کرا؟**

– **دەملوجی:** بەڵێ تائێستاش زامنی ئەو ڕێککەوتنەن و کوردەکانیش لەدووبارە گەڕانەوەی تاکڕەوی بۆ دەسەڵات دەترسن، هەروەک چۆن عەرەبیش ترسی ئەوەی هەیە.

**وارڤین: هەندێک لەوبڕوایەدا ئەوەی لەتونس و میسر روویدا ئەگەری ئەوەی هەیە لەعێراقیش دووبارە ببێتەوە؟**

– **دەملوجی:** پرسەکە پەیوەستە بەتەوەرەکانی ئابووری وکۆمەڵایەتییەوەو هیچ دروشمێکی ئایدۆلۆژی بەرز نەکراوەتەوەو خەڵک دەیەوێ ڕێز لەمافەکانی بگیرێت و خزمەتگوزاری دەوێ، لەراستیشدا ئێستا پێش هەموو شوێنێک لەبەسرە خەڵک داوای خزمەتگوزاری دەکات و لەهەندێک پارێزگای عێراقش داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پاک و بێگەرد دەکرێ، بەگشتیش کۆمەڵگای عێراقی کۆمەڵگایەکی گەنجەو زۆربەی تەمەنی لەخوار ٢٥ ساڵەو خزمەتگوزاری پێویست بۆ توێژەکانی کۆمەڵگا لەهەموو رووەکانەوە دابیننەکراوە.

**وارڤین: ژن لەو نێوەندەدا پێگەی لەکوێدایەو تاچەندە بەشدارە لەپێکهێنان و دەرکردنی بڕیاری سیاسیدا؟**

– **دەملوجی:** من بۆ خۆم لەریزی بەرهەڵستکاراندا بووم و لە٢٠٠٣ەوە بەشدارم لەبڕیاری سیاسی و بەروونی بڵێم هەست بەئازارو خەجاڵەتی دەکەم لەبارەی گەیشتنی پرۆسەی سیاسی بەو ئاقارەی کە ڕۆڵی ژنی تێدا پەراوێزخراوەو دانانی ژنان لەهەندێک وەزارەتی دەوڵەت پرسێکی هێندە بایەخدار نییە.



بەهۆی پەراوێزخستنی ژنانەوە، هەست بە شەرمەزاری دەکەم

فۆتۆ: Daylife

لەرابردوودا ئێمە چەندین ژنمان کاندید کرد، بەڵام هەموویان رەتکرانەوە هەریەکە بەپاساوێک رەتکرانەوەو یەکێکیان بەپاساوی لیبراڵیەت و یەکێک بەبیانووی ئەوەی لەباشوورەو یەکیان وتیان لەلیستی عێراقییەیە. بەوشێوەیە ئەوان ژن پەراوێزدەخەن و یەکێکیان دەوێ قسەنەکات و وەک دیکۆر لەوەزارەت دابنیشێ و هیچ رۆڵێ نەبێت و ئەمەش بەس نییە، بەڵکوئێمە داوادەکەین بەشدارییەکی راستەقینە بەژنان بکرێت لەدروستکردنی بڕیارو ئاشتەوایی نیشتمانیدا. خۆشتان دەزانن ژنان لەخراپترین رەوشدابوون لەپێش ٢٠٠٣ و ئێستاش بەتەواوەتی لەپرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراق رۆڵیان پەراوێزخراوە.

**وارڤین: ستراتیژییەتی ئەم قۆناغەتان چییە بۆ ئەوەی بگەنە ئەو ئامانجانەی، کە وەک ژنان تێدەکۆشن بۆهێنانە دییان؟**

– **دەملوجی:** ئێمە ئێستا لەهەوڵی ئەوەداین کوتلەیەکی ژنانە لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێکبهێنین و هەرچەندە پێشتریش هەبوو، بەڵام بەهۆی دەستتێوەردانی سیاسییەوە شکستیهێنا. پێویستە ئەوەشمان لەبەرچاو روونبێ کە ئەمجارە وەک جاری پێشوو نییەو دەرفەتێکی باش هاتووەتەپێش بۆ ئەوەی ژنان بتوانن بەهەموو مافەکانیان بگەن.

**وارڤین: رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەتایبەتی ئەوانەی بەرگری لەپرسی ژنان دەکەن چییە؟**

– **دەملوجی:** رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەتایبەتی ئەوانەیان، کە بەرگری لەمافەکانی ژن دەکەن بەرچاو و کاریگەرە، هەرچەندە هەوڵی زۆر لەئارادابووە بۆ پەراوێزخستنی رۆڵی ئەو رێکخراوانەو تەنانەت هەندێک لایەنیش لەسەر بنەمای رێکخراوی داکۆکیکار لەمافی ژن پشتیوانی مادی رێکخراوەکانی ژنان ناکەن، بەڵکو رۆڵی ئەو رێکخراوانەیان بچووککردووەتەوە بۆ رێکخراوی کۆمەککردنی بێسەرپەرشت و هەژاران و لەسەر ئەو بنەمایە هاوکارییان دەکەن. نەک لەسەر بنەمای ئەوەی ئەوە رێکخراوێکە داکۆکی لەپرسی ژن دەکات و دەیەوێ پەرە بەهۆشیاری و رۆشنبیری ژنان بدات. سەرەڕای هەموو ئەمانەش ژنان بەئازاییەکی لێبڕاوانەوە هاتوونەتە مەیدان و نایانەوێ سازش لەسەر مافەکانیان بکەن.



حەلا ناسر باوی



www.metewe.com

## حزبوڵڵا هاوسەرەکەی کوشتووە

# جیهان سنجار لە حزبوڵڵا نابوورێت

**وارڤین – تایبەت:**
ئێش و ئازاری ئەو خێزانانەی کە کەسووکاریان لەلایەن حزبوڵلاوە کوژراون، وەک دوێنێ گەرموتازەیە. هێشتا دیمەنی خزمەکانیان کەلە کوچەو کۆڵانەکاندا لەلایەن حزبوڵلاوە بە گوللە، ساتۆرو داری بزمارڕێژ کوژراون لەبەرچاویانە. ئەو بنەماڵانە کە وێنەی کەسووکارە کوژراوەکانیان لەشوێنی هەرە بەقیمەتی ماڵەکەیاندا هەڵواسیوە، بەهۆی ئازادکردنی ئەندامانی حزبوڵلاوە لەدەوڵەت تووڕەن. هاووڵاتیان دەترسن جارێکیتر حزبوڵلا ببێتە پەلەپیتکەی دەوڵەت و ڕۆژانی پێشوو دووبارە ببنەوە.



جیهان سنجار

فۆتۆ: وارڤین

چاوەڕوانی بەسزاگەیاندنی بکوژانی مێردەکەی دەکات

هاوسەری پەرلەمانتاری پارتی دیموکراسی مەهمەت سنجار کەلە ساڵی ١٩٩٣ لە ئەلیە (باتمان) کوژرا واتە جیهان ســـنجار و ستی گوڤەنچ کە (باوک، بــراو کورمام)ی لەلایەن حزبوڵــڵاوە کوژراوە بۆ وارڤین دوان

### بۆ لێکۆڵینەوە ڕۆیشتبوو

مەهمــەت ســـنجار، کاتێک لەســاڵی ١٩٩٣ بۆ لێکۆڵینەوە لەکوشـــتنە بکەر نادیارەکان چووە باتمان، ئیتر نەگەڕایەوە. بەپێی بەڵگەنامەی ٦مین دادگای سزا قورسەکانی ئامەد، مەهمەت، لەلایەن ئەندامانی حزبوڵڵا بەناوی سینان یاقوت و رەفعەت دەمیر و کەسێک بەناوی نهێنی حسێنەوە کوژراوە. سەرەڕای تێپەڕینی ١٨ ساڵ بەسەر ئەوکارەساتەدا هێشتا تاوانباران سزای پێویستیان وەرنەگرتووە. ئێش و ئازای هاوسەری مەهمەت، جیهان سنجار، تائێستایش وەک ئەو ڕۆژانە گەرم و تازەیە. جیهان سنجار، زۆرجار بەرێی پارێزەرەکەیەوە هەوڵیداوە کەلە دادگاییکردنی حزبوڵڵاییەکاندا بەشدار بێت، بــەڵام وەک گوتــی داواکارییەکانــی بەهەندێک بیانوو رەتکراونەتەوە. جیهان ســـنجار کە پاش کوژرانی مێردەکەی زۆرجار هەڕەشـــەی کوشتنی لێکرا بەهۆی ئەوەی کە ژیانیان لەمەترسیدابوو ٣ کوڕەکەی ناردە ئەڵمانیا لای مامەکانیان. هەر سێ منداڵەکەی سنجار تائێستاش لە ئەڵمانیا دەژین. جیهان سنجار، بۆ ئەوەی تۆڵەی مەهمەت بکاتەوە هاتەناو سیاســـەتی کورد. دوو جار لەسەر یەک بووە سەرۆکی شارەوانی قۆسەری مێردین.

### «هەم دایک بووم و هەمیش باوک»

بەئازادکردنــی ئەندامانــی حزبوڵــڵا لەزیندان برینەکانی ســـنجار کە هێشـــتا ســـارێژنەبوون، دووبارە کولانەوە. سنجار کە باسی ئەو ڕۆژانەی دەکرد گوتی کە کاتێک لە ئەنکەرە بووە هەواڵی کوشتنی هاوسەرەکەی بەتەلەفۆن پێگەیشتووە: «هاوســـەرەکەم پەرلەمانتار بوو، بـــەڵام لەژێر چاودێـــری دەوڵەتـــدا کـــوژرا. پاش کوشـــتنی هاوســـەرەکەم، دەوڵەت ویستی لەبەر پەرلەمانی تورکیادا مەراســـیمی بۆ بگێڕێت، من نەمهێشت. کاتێک هاوســـەرەکەم کوژرا منداڵەکانم ٢ ساڵ و نیو، ١١ ســـاڵ و ١٢ ســـاڵان بوون. برینێکی زۆر دژوار بـــوو بۆ من. ئیتر بۆ منداڵەکانم هەم دایک بـــووم و هەمیش باوک. مەهمـــەت گەلەکەی زۆر خۆشدەویست. کەسێکی ڕاست و خاوێن بوو. بۆ ئەوەی پشـــتی گەلەکەی بگرێت و لەو کوشتنانە بکۆڵێتەوە کە ڕۆژانە لە کۆڵانەکاندا ئەنجامدەدران، چووبووە باتمان. بەڵام خوێنڕێژان لەوێ خوێنی مەهمەتیشیان ڕژاند».



ستی گۆڤەنج، قوربانییەکی دیکەی دەستی حزبوڵڵا — فۆتۆ: وارڤین

## ئامادەنیم لەگەڵیان بژیم

سنجار، گوتی کەلە نەوەدەکاندا دەوڵەت لەهەمبەر کوردان حزبوڵڵای وەک پەلەپیتکەکێش بەکارهێناوە. «ئەگەرکوشتنی مەهمەت سنجار روونببێتەوە. هەموو پاشەڕۆژی دەوڵەت روونەدبێتەوە. زۆر گرنگە ئێمە بزانین کە ئەو هێزە کامەیە لە پشتی حزبوڵڵاوەیە. حزبوڵڵا، پەلەپیتکەکێشی بەکرێگیراون». سنجار، دەستنیشانی کرد کە هەرکەس بەخۆی دەڵێ من مرۆڤم، دەبێ لەدژی حزبوڵڵا هەستێتەوە. «هەموو ئەو کەسانەی کە بەخۆیان دەڵێن کە من مرۆڤم، لەبەرامبەرئەوئازادکردنانەداکەوتوونەتەناوگومانەوە. یەکێک دەڵێ من ٧٠ کەسم کوشتووە، یەکێکیتریان دەڵێ ٤٥ کەسم کوشتووە. من نامەوێ کەس ئێش و ئازار بچێژێ و کەسیش بکوژرێت. لەدژی چەمکی سەر بە سەرم (قساس). بەڵام ئەو کەسانە دانیان بەو کوشتنانەدا ناوە کە کردوویانە. بۆیەش کۆڵانەکان شوێنی ئەوان نییە، زیندان جێگایانە». سنجار، رەخنەی لە تێروانینی «با حزبوڵڵا وەڵامی رەخنەکان بداتەوەو لەسیاسەتی کورد دا بەشداربێت» گرت و گوتی: «من نامەوێ لەگەڵ ئەو کەسانەدا سیاسەت بکەم کە دەستیان لەڕژاندنی خوێنی مرۆڤەکاندا هەیە. رەخنەگرتن و وەڵامدانەوەیان دڵم رەحەت ناکات. ناتوانم لەگەڵ ئەو کەسانە لەژێر چەترێکدا سیاسەت بکەم کە هاوسەرەکەمیان کوشتووە. ئامادەنیم. ناتوانملێیانببوورم».

## باوک، برا کوڕمام

یەکێکی دیکە لە قوربانییەکانی حزبوڵڵا (ستی گۆڤەنچ)ە. گۆڤەنچ کە دایکی ٤ منداڵە زیاتر لەهەموو کەسێک بەدەست ئازار و ژانی حزبوڵڵاوە دەناڵێنێ. حزبوڵڵا هەم باوک، هەم برا و هەمیش کوڕمامێکی گۆڤەنچی کوشتووە. ئەویش ئازادکردنی ئەندامانی حزبوڵڵا ئازاری دەدات. ئێمە ستی گۆڤەنچمان لەماڵەکەی لە (پەیاسا)ی ئامەد بینی. گۆڤەنچی ژنە کورد کە سێ خزمی خۆی لەماوەی ساڵێکدا لەدەستداوە ئەسرینی چاو دەبارێنێ. دەستپێک کوڕمامەکەی واتە عەبدولمەناف گۆڤەنچ دەکوژرێت. عەبدولمەناف لە٢٦ی تەباخی ١٩٩٢ لە فارقین کاتێک دەچێتەسەر کارەکەی لەلایەن ٣ کەسەوە گوللەباران دەکرێت. پاش ئەوەی تەرمی عەبدولمەناف دەبەنە نەخۆشخانە ترس و خۆف دەستپێدەکات. چونکە دەورووبەری گۆرستان لەلایەن ئەندامانی حزبوڵڵا و ڕێکخستنی چەتەکانی ژیتەم کە لەلایەن سەربازانی دەوڵەتی تورکەوە دامەزراوە، گەمارۆ دەدرێت. گۆڤەنچ، وەها باس لەڕۆژی شاردنەوەی تەرمی کوڕمامەکەی دەکات: «کاتێک بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەکەی چووینە نەخۆشخانە کلاشینکۆف بەدەستی پۆلیس و ئەندامانی حزبوڵڵاوە بوو. ئەوان لەبەر دەرگای نەخۆشخانەکەدا وەستابوون. کە تەرمەکەمان وەرگرتەوە، لەبەرئەوەی مەلاکانی مزگەوتی جامی هەڕەشەیان لێکرابوو، مامم بەدەستی خۆی کوڕەکەی شوشت و لە گۆڕستان شاردیەوە. بەڵام حزبوڵڵا و پۆلیس و سەربازانی دەوڵەت دەوروبەری گۆرستانیان گەمارۆ داو گوللەیان بەسەرماندا باراند. ئێمە بەزۆر خۆمانمان رزگار کرد. پاشان کارگەمانمان سووتێندران. ئەوانەشی کە مایەوە حزبوڵڵا دەستی بەسەردا گرت و تێیدا جێگیر بوو. هاوسەرەکەم دەستگیر کرا. دوو ساڵ کەوتە زیندان. ئێمە دەستمان لەهەموو موڵک و ماڵی خۆمان هەڵگرت و کۆچمان بۆ ئامەد کرد».

## ئەمجارە نۆرەی باوکیەتی

پاش ئەو کوشتنەش ئازاری ستی گۆڤەنچ تەواو نابێ، بەڵکو رووداوە ئازاراوییەکان هەردەچێت زیاتر دەبن. ئەمجارە حزبوڵڵا بەڵای خۆی لە براکەی واتە مەحسون گۆڤەنچ دەدات. مەحسون گۆڤەنچ کە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی فارقین بوو و هاوکاتیش بەڵێندەر بوو لەلایەن حزبوڵڵاوە هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرا. دوو ئەندامی حزبوڵڵا لە کارگەی گۆڤەنچ لە کۆشیۆڵۆی ئامەد بەدەستدرێژی گوللە دەیکوژن. وەک هەموو کوشتنەکانی دیکەی کوردستان بکوژانی مەحسونیش زۆر بەئاسانی لەشوێنی رووداوەکە دووردەکەونەوە. پاشان مام تاهیر گۆڤەنچی تەمەن ٨٠ ساڵان کە برازاو کوڕێکی لەدەستداوە، بۆ ئەوەی ئەو ماڵ و موڵکانەی وەربگرێتەوە کە لەلایەن حزبوڵڵاوە دەستیانبەسەردا گیراوە سەردانی دادگای کۆماری فارقین دەکات. داوا دەکات ماڵ و موڵک و خانوو و کارگەکەی بۆی بگەڕێندرێتەوە. بەڵام ئەو داواکارییە کۆتایی بە تەمەنی مام تاهیر دێنێت. ستی گۆڤەنچ، لەبارەی کوژرانی باوکیەوە ئەو زانیارییانەی بۆ وارڤین ئاشکرا کرد. «باوکم بۆ ئەوەی ماڵ و موڵکەکەمان لەژێر چنگی حزبوڵڵا دەربێنێت، رووی لە فارقین کرد. ئەو کەسێکی بەدین بوو. بۆ ئەوەی نوێژ بکات دەچێتە مزگەوت. نوێژەکەی دەکات و لە مزگەوت دێتە دەرەوە. بەرەو ماڵی خۆی دەچێت. لە کۆڵان ٤ کەس لێی نزیکدەبنەوەو سڵاوی لێدەکەن. یەکێک بۆ ئەحواڵپرسین دەستی باوکم دەگرێت. سێ کەسەکەی دیکەش داری بزمارڕێژکراو لەسەر باوکم دەدەن. ئەو لەوێ دەمرێت. باوکم کوڕێک و برازایەکی خۆی دایە گڵ، بەڵام حزبوڵڵا ئەویشی کوشت».

ستی گۆڤەنچ، لەبارەی ئازادکردنی حزبوڵڵاییەکان و بەشدارییان لەسیاسەتدا لەژێر سەیوانی کورددیدا دەڵێ: «ئێمەیش موسوڵمانین. بەڵام ئێمە لەگەڵ دەوڵەت نەبووینەیەک و کوردمان نەکوشت. با بکوژان سزای خۆیان وەربگرن».

# ئەنجومەنی خانمان چی بەسەرهات؟

## پەخشان زەنگەنە:

# پرسی ژن لەئەولەویاتی حکوومەتدا نییە

**وارڤین – تایبەت:**

**دوای ماوەیەکی زۆر لەراگەیاندنی ئەنجومەنی خانمان لەلایەن سەرۆکی حکوومەت و گوتەبێژی حکوومەتەوە، تائێستا ئەو ئەنجومەنە لەسەر ئەرزی واقیعدا پێکنەهاتووە. لەلایەکی دیکەوە یەکێتی ژنانی کوردستان رایانگەیاند، ئەوان لەو ئەنجومەندا بەشدارنابن و بە «نایاسایی» دەزانن.**

پارێزەر تەلار لەتیف، بوونی ئەو ئەنجومەنە بەبێ هەبوونی یاسایەک بۆ کارکردن و بەردەوامبوونی بە «لاواز» وەسفدەکات. بەرای ئەو «کردنەوەی هەر دامەزراوەیەک بۆ ژنان کارێکی باشە، بەڵام بەمەرجێک، بەپێی یاسا دامەزرێ و خاوەن بڕیاربێ و دەسەڵاتی چاودێری و بەدواداچوونی هەبێت. چونکە بوونی یاسا هاوکارییە بۆ بەردەوامبوونی ئەو ئەنجومەنە لەکابینە یەکلەدوای یەکەکانی حکوومەتدا».

یەکێک لەرەخنەکانیتری تەلار، لە ئەنجومەنی خانمان ئەوەیە کە بەبێ هەبوونی یاسا ئەرک و دەسەڵات و مافی ئەنجومەنەکە دیاری ناکرێت، چونکە دامەزراندنی ئەنجومەن بەبێ بوونی یاساکە دەبێتە هۆی ئەوەی وەک بەڕێوەبەرایەتییەک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و دەپرسێ «ئایا ئەو ئەنجومەنە پلەی چییە؟ تاچەند دەتوانێ چاودێری و لێپرسینەوەی لەسەر هەر وەزارەتێک هەبێت، ئەگەر پلەی ئەنجومەنەکە کەمتر بێت لەئاستی پلەی وەزارەتەکان؟».

هاوکات پێیوایە پێویستە رێکخراوەکانی ژنان لەو ئەنجومەنەدا نوێنەر نەبن، چونکە کارو چالاکی رێکخراوەکان جیاوازە لەگەڵ کارو چالاکی ئەنجومەنەکەو کاری رێکخراوەکان دەرخستنی کێشەکان و کارکردنە وەک گروپی فشار، بۆ نەهێشتنی ئەو توندوتیژییانە، لەکاتێکدا ئەنجومەنەکە لەناو دەسەڵاتی جێبەجێکردندا دەمێنێتەوە. ئەندام و چالاکوانانی رێکخراوی یەکێتی ژنان، بەشدارینەکردن و نەناردنی نوێنەر بۆ ئەنجومەنی باڵای خانمان، بۆ خودی پێکهاتەی ئەنجومەنەکەو شێوازی پاڵاوتنی ئەندامانی بۆردەکە دەگێڕنەوە. ئەگەرچی زۆرێک لەکەسایەتی و رێکخراوەکان، کە ئێستا نوێنەریان ناردووە بۆ ئەو ئەنجومەنە لەگەڵ شێوازی پێکهاتەکەیدا نەبوون.

ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ژنان، کنێر عەبدوڵڵا، لەوبارەیەوە دەڵێ «زرۆر لەو رێکخراوانەی نوێنەریان ناردووە، تێبینییان لەسەر پێکهاتەی رێکخراوەکە هەبوو، هەتا بەهاوبەشی پڕۆژەی ئەلتەرناتیڤمان خستە بەردەم حکوومەت، بۆ ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستانەوە یاسای پێدەرچێت و بناغەیەکی تۆکمەو جێگیر بۆ ئەو ئەنجومەنە دابنرێت، نەک بەگۆڕینی کەسی یەکەمی کابینە یەک لەدوای یەکەکان بکەوێتەژێر مەترسی نەمان و دەستکاریکردنەوە».

لەلایەکی دیکەوە، راسپێردراو بۆ ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان، پەخشان زەنگەنە، رەتیدەکاتەوە کە ئەنجومەنەکە نایاسایی بێ. «بەپێی یاسای ئەنجومەنی وەزیران دامەزراوەو نایاسایی نییە. بەڵام منیش لەگەڵ ئەو رایەم کە یاسای تایبەتی هەبێت. بۆ ئەو مەبەستەش چاوەڕوانی پێکهاتنی ئەنجومەنەکە دەکەم، دوای ئەوە بەهەموولایەک و بەیارمەتی کەسانی شارەزا رەشنووسی پڕۆژەیاسایەک دەنێرین بۆ پەرلەمان».

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی باڵای خانمان، نابێ بۆردەکە لە نۆ کەس زیاتر بێت، لەکاتێکدا سەرۆکی حکوومەت سەرۆکی بۆردەو



پەخشان زەنگەنە

www.netewe.com

شەش ئەندامیتری بۆردەکە، وەزیرەکانی حکوومەت دەبن. واتە تەنیا دوو کەس بۆ چالاکوانان و ڕێکخراوەکانی ژنان دەمێنێتەوە. بەڕای ئەندامانی یەکێتی ژنان «ئەوە جێی هەڵوەستەکردن و ئاماژەیە، بۆ پێشبینی زۆرێک لەدەرئەنجامەکان. جگە لەوەی پێویستە ئەم ئەنجومەنە ڕۆڵی چاودێری و بڕیاردانی هەبوایە لەسەر ئەنجومەنی جێبەجێکار و لقەکانی هەروەها لەسەر وەزارەتە پەیوەندیدارەکانیش پێویستە جێبەجێکەری ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنەکە بن».

کنێر عەبدوڵلا، دەڵێ «نەتەنیا کەسانی چالاکی دەرەوەی حزب و ڕێکخراوەکان مافی خۆکاندیدکردنیان نییە، بەڵکو میکانیزمی کاندیدکردنی ئەندامانی بۆردەکەیش بەشێوەی بەشبەشێنەیەو لەنێوان کۆمەڵێک ڕێکخراو و حزبدا قەتیسکراوە، ئەمەش نەریتێکە دوور لەدیموکراسییە».

کنێر، سەرنجی ڕێکخراوەکان لەسەر چەمکی



د. ڤیان

«خانم» دەخاتەروو و دەڵێ «وشەیەکە بۆ رازیکردن و بەرێککەوتن پێکهێنراوە، نەک لەبەرژەوەندی پرسەکەدا بێت. ئێمە پێمانباشبوو ئەم ئەنجومەنە ڕۆڵی ڕاوێژکاری ببینێ بەدوور لەدامەزراندنی ئەندامانی بۆرد، نەک وەک پلەیەکی وەزیفی، دیسانەوە ئەوانیش ببنەوە بەفەرمانبەری حکوومی».

هاوکات تەلار لەتیف گوتی «باشترە ڕێکخراوەکان، لەدەرەوەی ئەو ئەنجومەنە پاڵپشتبن بۆی، بەڵام ئەنجومەنێک کە یاسای هەبێت و دەسەڵاتەکانی دیاریکرابێت».

سەرەڕای رەخنەی چالاکڤان، پەخشان زەنگەنە، دەڵێ کە بەشداریکردن لەو



کنێر عەبدوڵلا

ئەنجومەنەدا «بەپێی ئەندام و نوێنەری حزب و ڕێکخراو نییە، تائێستا من بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیم بەهیچ حزبێکەوە نەکردووە تا نوێنەر بنێرێت، بۆیەش پەیوەندیم بەڕێکخراوەکانەوە کردووە لەبەرئەوەی خاوەنی هەمان قەزیەن و ساڵانێکە لەگۆڕەپانی کارکردنن».

ڕاشیگەیاند کە ئەویش نیگەرانە لەدواکەوتنی پێکهاتنی ئەنجومەنەکەو هەروەها هیچ تەگەرەیەکی گەورە لەرێی پێکهاتنەکەیدا نییەو هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندنەوە «وەک هەمیشە پرسی ژن، لەئەولەویەتی کاری حکوومەتدا نییە». بەڕای پەخشان زەنگەنە، ئەگەر حکوومەت بیەوێ بارودۆخی وڵات ئارام بێ و کۆمەڵگا بەرەوپێشبچێت، ئەوە بێدەرفەتدان و بایەخدان بەچینی مێ مەحاڵە.

سەبارەت بەبەشدارینەکردنی یەکێتی ژنان گوتی «ئەوان ڕاوبۆچوونی جیاوازیان هەیە، ئەوەش ئاساییە ئەگەرنەبوایە نائاسایی بوو، بەڵام پشتگیری خۆیان بۆسەرخستنی کاری ئەو ئەنجومەنە ڕاگەیاندووە. هەندێ لەو تێبینیانەی ئەوان هەیانە منیش هەمە، بەڵام پێویستە بەهەمووان کاربۆ باشکردنی بکەین».

لەبارەی رەخنەو بۆچوونی هەندێ لەچالاکوان و ڕێکخراوەکان لەمەڕ دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە دەڵێ «بەداخەوە کەس هەیە گوتویەتی دژایەتی ئەو ئەنجومەنە دەکەم، لەبەرئەوەی حزبییە لەکاتێکدا ئەوکەسە خۆی حزبییە. تەنیا هەوڵی شێواندنی سیمای ئەنجومەنەکە دەدەن. لەبەرئەوەی ئێستا کارمان نەکردووە تاسەنگەری دژایەتیمان لێبگرن».

گوتیشی قەزیەو ئامانجی ئەنجومەنەکە ئاشکرایە، ئەگەر کەس یان ڕێکخراوێک خۆی پێ داکۆکیکار لە قەزیەی ژن بێ، ناکرێت دژایەتی بکات و هیچکارێکیش بەدڵی هەمووان نابێت. پەخشان زەنگەنە، جەختیشی لەسەر ئەوە کردووە کە پێکهاتەی ئەنجومەنەکە بەپێی نوێنەری ڕێکخراو نابێت. «ئێمە تەنیا داوامان لێکردون، سیڤی کەسانی شیاومان بۆبنێرن». بەڕای ئەو، پێویستە کەسانی لێهاتوو و چالاک بچنە ناو ئەنجومەنەکە. «بڕوانامە بەمەرج نازانم، چونکە ئەو کارە باوەڕبوون و مومارەسەی پێویستە».

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، هەبوونی ئەو ئەنجومەنە لەناو حکوومەتدا، بۆ ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی ئافرەتان و هەبوونی ئەڵقەیەکی پەیوەندی لەنێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەستن بەپرسەکانی ئافرەتەوە، بەپێویست دەزانن. بەڕای سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، د.ڤیان، ئەو ئەنجومەنە دەتوانێ لەچڕکردنەوەی هەموو هەوڵەکان هەم وەک حکوومەت هەمیش وەک سیستەمی سیاسی و ئاراستەی حکوومەت بۆ زیاتر خزمەتکردنی پرسی ئافرەت و باشترکردنی ڕەوشی ژن ڕۆڵ بگێڕێت. گوتیشی «ئەو ئەنجومەنە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەتایبەت ڕێکخراوەکانی تایبەت بەپرسی ئافرەت، کەمناکاتەوەو بەپێچەوانەوە چونکە هەر یەکێک لەم دوو لایەنە، تایبەتمەندی و پەیڕەو پرۆگرامی خۆیان هەیە». بەڕای ئەوان ئەگەر هاوکارییەکی پتەو یاخود پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا هەبێ بەوشێوەیە زیاتر خزمەت بەکۆمەڵگاو ئافرەت دەگەیەندرێت. چونکە لەم کابینەیەدا هیچ وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەک کە تایبەتمەندبێت بەئافرەت و پرسی یەکسانی کۆمەڵگا نییە.

دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای خانمان، بڕیاری سەرۆکی حکوومەتە لەکابینەی شەشداو ئەویش دوای ئەوەهات کە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان نەماو ژمارەی وەزیرانی ژن لەو کابینەیەدا کرا بەیەک وەزیر و ئەوەش لەلایەن ڕێکخراوەکانی ژن و چالاکڤانانی ژنانەوە بەتوندی ڕەخنەی لێگیرا. سەرۆکی حکوومەت ناچاربوو بەدامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە «قەرەبووی» بکاتەوە. بەڵام دوای ساڵێک لەپێکهاتنی حکوومەت هێشتا چارەنووسی ئەو ئەنجومەنە دیار نییە.

www.netewe.com

# د. فەرهاد پیربال:
# سعودیا و ئێران بە یارمەتی حزبە ئیسلامییەکان دەیانەوێ ئارامی کوردستان تێکبدەن



فەرهاد پیربال، فەلەمێک داوای ئۆتۆنۆمی بۆ رۆشنبیران دەکات

وارڤین - تایبەت:

کاتێ چووینە لای لەکۆلێژی هونەرەجوانەکان بۆماندەرکەوت وێڕای ئەوەی لەلایەن دادگاوە سزای زیندانیکردنی بۆ دەرکراوەو چالاکییەکانی سانسۆر کراوە، وەهاش لەو کۆلێژە لەلایەن مامۆستایەکی بالادەستەوە پێیگوتراوە کە لێدوان بۆ رۆژنامەنووسان قەدەغەیە. دواتر رۆیشتینە سەربانی کۆلێژی هونەرە جوانەکان و لەوێدا فەرهاد پیربال ئاماژەیدا کە دین بەزەروورەت دەزانێ، بەلام دەخوازێ ئۆتۆنۆمی لەکوردستان بەرۆشنبیر و هونەرمەندان بدرێت، چونکە ئەو وایدەبینێ حزبە ئیسلامییەکان بوونەتە مەترسییەکی گەورەو دەیانەوێ وەک سعودیە ژیانی کۆمەلایەتی و کەلتووری کوردستان بەدەستی مزگەوت و مەلاوە بێت.

**وارڤین: بەهۆی بلاوبوونەوەی چیرۆکێک لەگۆڤاری وێران، لەلایەن مەلاکانەوە هێرشت کرایەسەرو بەسکالایەکی ئەوان لەدادگا سزات بەسەردا سەپێندرا. ئەم حوکمە چۆن وابەخێرایی کەوتە واری جێبەجێکردنەوە؟**

– **فەرهاد:** حوکمێکی ناڕەوابوو. چونکە ئەو چیرۆکەی لەگۆڤاری وێران کە من سەرنووسەرم و بلاوکرایەوە من نەمنووسیبوو و وەرمنەگێڕابوو. چیرۆکەکە لەهەموو ولاتانی عەرەبی و موسلمان بلاوکرابووەوە. لەسعودیاو جیهانی عەرەبی و لە ٧٠ رۆژنامەو گۆڤار بلاوکراوەتەوە، کەواتە بۆچی لەکوردستان سکالای لەدژ تۆماردەکرێت؟ ئەم قسانەم بەدادوەر گوت کەچی حوکمی خۆی هەر بەسەر سەپاندم. من پێمولیە ئەو لایەنەی سکالای کرد کە حزبی ئیسلامی سیاسی دەستی تێدا هەبوو، دەستیان گەیشتووەتە نێو دادگا لەکوردستان، ئەمەش جێی پرسیارە.

**وارڤین: ناوەرۆکی ئەو چیرۆکە چیبوو کە لەگۆڤاری وێران بلاوتکردەوەو کێشەی لەسەر دروستبوو؟**

– **فەرهاد:** ناوەرۆکی چیرۆکەکە زۆر کورتەو باسی گەندەلی سەردەمی عەباسییەکان دەکات و لەلایەن زانای ئایینی ئیسلامی تونسی ئەلتیفاشی لەسەدەی ١٢ نووسراوە. چیرۆکەکە لەهیچ گوندێکی عەرەبی و شارێکی ئیسلامی، سکالای لەدژ نەکراوەو قەدەغە نەکراوە. ئەگەر بمانزانیبوایە سکالای لەدژ کراوەو حەرامە حیسابیکیترمان بۆ دەکرد. ئەمە بووە هۆی ئەوەی لەلایەن مەلاکانەوە سکالام لەدژ تۆماربکرێت.

**وارڤین: ئەو بڕیارەی دادگا بۆ تۆ چاوەڕوانکراویبوو؟ راستەوخۆ سزای ٦ مانگ زیندانی و ٣ سال قەدەغەکردن و بلاوبوونەوەی ئەو جۆرە نووسینانەت بۆ دەربکرێت؟ هاوکات ئاماژەت بەوە کرد دادگاییکردنەکەت ناڕەوایە؟**

– **فەرهاد:** پێمسەیر نەبوو، چونکە ئەمڕۆ لەکوردستان پێشێلکاری یاسایی زۆر دەکرێت، لەناو ئەوانەدا ئەو پێشلکارییە بوو دادگا بەرامبەر منی کرد. وەک چۆن من راموایە حزبە ئیسلامییەکان دەستیان هەیە لەو پیلانانەی لەدژی نەتەوەی کورد دەکرێت، وەهاش دەستو تواناو چرنوکی خۆیان گەیاندووەتە نێو دادگاکانی هەرێمەوە. بۆ سزادانی سوودیان لەیاسای سزادانی عێراقی سالی ١٩٦٨ وەرگرت، ئەو یاسایە سەدام بۆ لێدان لەشیوعیەت دەریکرد. لەکاتێکدا سەرچاوەی یاسایی خۆمان لەکوردستان هەیە نەگەڕانەوە بۆ ئەو یاسایەی لەهەرێم هەیە، ئەمەش پێشێلکارییە بەرامبەر بەسەروەری یاسا لەهەرێمی کوردستاندا. هیچ وەزارەتێکیش لەو سزایەی کە داگا بۆمنی دەرکرد نەیپرسییەوە، وەزارەتی ئەوقاف

www.netewe.com

لێناپرسێتەوەو وەزارەتی رۆشنبیریش دەوری شایەتیدانی بینی.

وارڤین: **چۆن شایەتیدانێک؟**

– **فەرهاد:** ئەو وەزارەتە گوتیان لەبەرئەوەی گۆڤارەکەی فەرهاد بە کەناڵی ئێمەدا تێپەڕنەبووەو ئاگامان لێنەبووە، بۆیە ئێوە خۆتان بڕیاردەدەن و چ لەفەرهاد دەکەن بیکەن. لەکاتێکدا وەزیری رۆشنبیری شیوعیەو کەسێکی عەلمانییە، دەبێ ئەو لەسەنگەری بەرگری لەرادەربڕینی ئازاد دا رابوەستێ کەچی منێکی ناعەلمانی بوومەتە قوربانی. دەبووایە ئەو بێت و بەرگری لەو پرسە بکات، نەوەک دەوری شایەتمەندی ببینێت کە لەدادگاییکردنی من و قەزیەکەی قوبادیجەلیزادەدا بینی.

وارڤین: **لەو بێدەنگییەی لایەنی پەیوەندیدار تۆ چیت کرد؟ پەنات بۆ کێ برد؟**

– **فەرهاد:** نامەیەکم ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کردووە.

وارڤین: **سەرۆکایەتی هەرێم وەڵامیان دایتەوە؟**

– **فەرهاد:** چاوەڕێ وەڵامم دڵنیام لەسەرۆکایەتی هەرێم، ویژدانێک هەبێت و هەیە کە بەجواب دێت، چونکە ویژدانی سەرۆکی هەرێم کاردانەوەیەکی باشی دەبێت لەپێناو من نا، لەپێناو میللەت و قەزیەیەک کە وەزیری رۆشنبیری دەڵێت رۆشنبیران و هونەرمەندان کێشەیان نییە، لەبەرچاوی خۆی دەبینێ کتێپ چاپ دەکرێت و قەدەغە کراوەو رۆشنبیران ئەتککراون، باشە کێشە لەمە زیاتر چییە؟

وارڤین: **کتێبی «راستیەکی ونبوو» کە مەلا فەرمان خەرابەیی دەریکرد لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری ژمارەی سپاردنی پێدرا، بەبۆچوونی چالاکوانانی ژن سووکایەتی بەژنی تێدایە، بەڵام پەرتوکەکەی قوبادی جەلیزادەو چیرۆکەکەی گۆڤاری تۆ بەسکاڵای مەلاکان قەدەغە دەکرێن، تیروانینی تۆ بۆ لایەنی پەیوەندیدار چییە؟**

– **فەرهاد:** نازانم لایەنی پەیوەندیدار کێیە؟

وارڤین: **پەرلەمان، سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم هەیە؟**

– **فەرهاد:** سەرۆکایەتی هەرێم لەچاکەی خۆیەتی ئەگەر ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، لایەنی پەیوەندیدار دەبێ وەزیری



**فۆتۆ:** رەفیق شوکری

www.netewe.com

ئەوقاف بێت، بەڵام ئـــەو بۆخۆی قارەمانی ناو کێشـــەکانە. وەزیری ڕۆشـــنبیری لایەنی پەیوەندیدارە کە هەڵوێستی نەبوو.

**وارڤیـــن: بـــەڵام تـــۆ بەنامەیـــەک پەنـــات بردووەتەبەر سەرۆکایەتی هەرێم؟**

– **فەرهاد:** چونکە بەشـــێوەیەک لەشێوەکان بەرپرســـیارێتی دەکەوێتـــە ئەســـتۆی ســـەرۆکایەتی هەرێم، حکوومەت، مەکتەبی سیاســـی حزبـــەکان، ئێمـــەی هونەرمەندان دەڵێین عەیبە لەسەدەی ٢١دا کتێب قەدەغە بکرێت.

**وارڤیـــن: ئاماژەت بەوەکرد ئیســـلامییەکان لەپشـــتەوەی ئەو هێرشـــانەن کـــە مەلاکان دەیکەنەســـەر ڕۆشـــنبیران، نموونەیەکیش لەبەردەســـتە کاتـــێ گوتەبێـــژی وەزارەتی ئەوقـــاف لەپۆســـتەکەی لادرا ڕایگەیاند کە وڵاتێکی دراوســێ لەپشت لادانەکەیەوە بووە. ئەم ڕەوشە مەترسی چی لێدەخوێندرێتەوە؟**

– **فەرهـــاد:** گوتەبێژی پێشـــووی وەزارەتی ئەوقـــاف بەیەکێـــک لەڕۆشـــنبیرەکانی ئەو میللەتەی دەزانم، پیاوێکی دڵسۆز و میانڕەوە. لەبەرئـــەوەی میللەتی خۆی خۆشدەویســـت بووە قوربانـــی. خەڵکانێکـــی زۆر ئەمەیان پێناخۆشبوو بەنیازی خۆپیشاندان بووین بۆ ئەو کەسە، بەڵام لەپێناو ئەوەی بارودۆخەکە نەشڵەژێت نەمانکرد.

**وارڤیـــن: ئەگەر لـــەو لێدوانـــەی گوتەبێژی پێشـــووی وەزارەتـــی ئەوقـــاف وردبینەوە مەترســـی ئـــەوە بەدیناکرێت، کـــە وڵاتانی دراوســـێ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەست لەکاروبـــاری ناوخۆی هەرێمی کوردســـتان وەردەدەن؟**

– **فەرهـــاد:** تەواوی دەوڵەتـــی عێراق ئەمڕۆ بەدەســـتی کۆماری ئێرانەوە بەڕێوەدەچێت بەمالیکیشەوە. هەرێمی کوردستانی لێبترازێت کەمتر ئێران توانیویەتی دەســـتوپەلی خۆی بـــۆ بخزێنێت. بەڵام بەو بەڵگەیەی مەریوان، لەسەر کارلادراو ئەو سکاڵایانەی لەنووسەران دەکرێت و ئەو هێرشانەی دەکرێتەسەر ژنان نیشانەیەکە، کە ئێران و سعودیا بەیارمەتی حزبە ئیسلامییەکان دەیانەوێ ئەو ئەزموونەی لەهەرێم هەیە تێکیبدەن و ناشیرینی بکەن. تابەجیهان بڵێن کوفر لەکوردســـتان دەکرێت و بووەتـــە ئیســـرائیل و کافرســـتان، بۆیە کوردســـتان بەئیســـرائیل بەراووردی دەکەن و دەیانـــەوێ ڕووی ســـەرۆکایەتی هەرێم و حکوومـــەت و خەڵکی کوردســـتان لەپێش وڵاتانی عەرەبی ناشیرین بکەن و تێکیبدەن.

**وارڤین: حزبە ئیسلامییەکان لەچیدا دەیانەوێ کوردستان وەک سعودیەی لێبکرێت؟**

– **فەرهاد:** لەســـعودیە حکوومەت و دەوڵەت هەیە، بـــەڵام ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتووری بەدەســـتی مزگـــەوت و مەلاکانەوەیـــە. ژیانـــی کۆمەڵایەتـــی خەڵـــک مزگەوتەکان بەڕێوەیدەبـــەن. ژیانی کەلتـــووری مەلاکان بەڕێوەیدەبەن، حزبە سیاسییە ئیسلامییەکان دەیانـــەوێ بەهەماهەنگی ژێراوژێری حزبی و سیاسی، کوردســـتان بکەنە سعودیە. بۆیە هەموو مەلاکان کۆکن لەسەرئەوەی سعودیە زۆر پێشکەوتووترە لەعێراق و هیچ شەڕێکی لێ نییە.

زۆربەی ئەو مەلایانەی بەوشـــێوە کاردەکەن و ئەو قســـانە دەکەن سەر بەو هێڵە حزبییە ئیســـلامییانەن کە ئامانجەکە بۆ دین نییەو مەبەستێکی سیاسییە کە مەلاکان لەگوتارو مینبەردا هێرشدەکەنەسەر نووسەران و ژنان. بەڕای من کێشـــەی نێوان مەلاو ڕۆشنبیران کێشەیەکی سیاســـیە، دەبێ کاردانەوەیەکی سیاسی بۆ هەبێت.

**وارڤین: لایەنە ئیســـلامییەکانی کوردســـتان و بگـــرە بەهەندێـــک لە ئەندامانـــی یەکێتی زانایانی ئایینیشەوە لەماوەی ڕابردوو وشەی جێندەریـــان لەمزگەوتەکانـــدا، وروژاند بەو بیانووەوە هێرشـــێکی زۆریان کردەسەر ژن. بـــەڕای ئێوە بۆچی دەبـــێ یەکێتی زانایانی ئایینـــی ئیســـلام، بکەوێتەژێـــر کاریگەری ئیسلامی سیاسییەوە؟**

– **فەرهـــاد:** حزبـــە ئیســـلامییەکان خۆیان گەیاندووەتەنێـــو یەکێتی زانایانـــی ئایینی ئیســـلامی، ئەوقـــاف، پەرلەمـــان و هەموو شوێنێک. یەکێتی زانایان خاڵی نین لەو ئەندام و کاریگەرییەی حزبە ئیسلامییەکانەوە.

**وارڤیـــن: هەنـــدێ لەمـــەلاکان لەمینبـــەری مزگەوت و هەندێک لە سایتە ئەلکترۆنییەکان بڵاویانکردووەتـــەوە کەلـــە تونـــس، حزبە ئیسلامییەکان عەلمانیەتیان ڕووخاند و ئەگەر حکوومەتی هەرێم پشـــگیری لە ئایین نەکات دەڕووخێت، تۆ ڕات چییە؟**

– **فەرهـــاد:** ئەگەر حزبی ئیســـلامی بیانەوێ عەلمانیەت بڕوخێنن، خۆ حکوومەتی هەرێم عەلمانی نییە. حکوومەتـــی هەرێم، پارتی، یەکێتی و گۆڕانیش عەلمانی نین. ئاخر ئەمانە چی دەڕوخێنن. من عەلمانی و شیوعی نیم و دژی شیوعیم، دەیانەوێ من بڕوخێنن باوەڕم بەفیمینزم نییە بیریشم نەکردووەتەوە چی بم، ئەی من بۆ؟ ئەوە مانایەکی ڕوونی هەیە کە ئیسلامی سیاسی پیلانێکیان بەدەستەوەیەو دژی ئەو ئەزموونەی هەرێمن و مەبەســـتیان ڕووخاندنی نەتەوەییە.

**وارڤین: ئەی حکوومەتی هەرێم ناســـنامەی چییە؟**

– **فەرهـــاد:** بێناســـنامەیەو سیســـتەمێکی دیاریکـــراوی نییە. نموونەیەکی ئیســـلامی، عەلمانی، یان تەواو دیموکراتی و سۆشـــیاڵ دیموکرات نییە، ئەوەش کێشەکەیە. چونکە سیســـتەمی خـــۆی دیارینەکـــردووە. ئەگەر سیســـتەمی حکوومـــەت عەلمانـــی بووایە، ئەوکاتـــە مـــەلاو مزگـــەوت کۆنترۆڵی ژیان، یاســـاو کەلتووریان لەکوردســـتان نەدەکرد. ئەگەر ئیســـلامی بووایە ئەوکاتە ڕۆشـــنبیرو هونەرمەنـــدان بۆیان نەبوو باســـی ئازادی و جێندەر بکـــەن. حکوومەت سیســـتەمێکی دەستنیشـــانکراوی نییەو ئەمەش جەوهەری سەرهەڵدانی ئەو کێشانەی هەرێمە.

**وارڤیـــن: وەک دەزانـــن لەزۆربـــەی وڵاتانی دیموکراسیدا ناسنامەی دەسەڵات عەلمانیەتە؟ لەکام قۆناغ وەک ئەدیبێک بەباشی دەزانیت هەرێم ئەو سیستەمە بەیان بکات؟**

– **فەرهاد:** من سیاســـی نیم ئەوە بڵێم، بەڵام باوەڕم بەوەیە کە دین زەروورەتەو کەسانێک کەلە زانســـت وهونەر بێبەشـــن، پێویستیان پێیەتی، بەڵام دەبێ ڕۆشنبیری و هونەریش ئۆتۆنۆمـــی خۆی هەبێت، نابـــێ بکەوێتەژێر پاڵەپەســـتۆ و فەرمانی هیچ مەلایەکەوە. من بەرپرســـی وشەم. بەرپرســـی ڕەنگ و هێڵ و ئەدەبیاتم، بەڵام چارەنووســـی کوردستان تاڵەبانـــی و بارزانی و ســـەرۆکی حکوومەت لێیبەرپرســـن، ئەوان دەبێ ئەو سیســـتەمە ڕابگەیەنن.

**وارڤین: ئۆتۆنۆمی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران لەنێـــو بازنـــەی دەســـەڵاتی مەلاکاندا کێ بیپارێزێت؟**

– **فەرهاد:** دەبێ ئۆتۆنۆمی دینیش پارێزراوبێ لەگەڵ ئەوەی ئۆتۆنۆمی هونەرو ڕۆشـــنبیری پێویســـتی بەوە هەیـــە بپارێزرێت، ئەو دوو



نەیانتوانی ئابڕووم بەرن.

**وارڤین: لەدژی ئەو هێرشانەی مەلاکان بۆسەر نووسەران و رۆشنبیران دەکرێت، کۆدەنگییەک لەنێو رۆشنبیران دەبینرێت بۆ قبووڵنەکردنی ئەو هێرشانە؟**

– **فەرهاد:** بۆ یەکەمجارە زیاتر لەهەزار واژۆ لەکوردستان لەلایەن نووسەرو رۆشنبیران کۆبکرێتەوە لەدژی ئەو هێرشانە. ئەمە بۆ مێژوو شتێکی گرنگبوو لە د.جەمال نەبەزەوە بگرە تا دڵنیا قەرەداغی و عەزیز وەیسی واژۆیان کردبوو.

**وارڤین: عەلمانییەکان دەڵێن پێگەی مەلا لەکۆمەڵگادا موقەدەس کراوەو ٣ هەزار مەلایش مووچە خۆری حکومەتن؟ ئەم موقەدەسبوونە لەکوێی یاسادا شەرعیەتی پێدراوە؟**

– **فەرهاد:** مەلای وا هەیە گیرفانی پڕ لەدۆلارو مەلای واش هەیە مووچەی کەمە. لەڕووی مووچەوە نایەکسانییەک لەناو مەلاکانیشدا هەیە. مەلای واهەیە دەڵێ جێنشینی پێغەمبەرم، ئەوەیە خۆی موقەدەس کردووە؟ لەکام ئایەتی قورئان هاتووە تۆ جێگری پێغەمبەری ئەی خولەفاکانی راشدین چیبوون؟. وەک ئەوە وایە من بڵێم جێگری ئەرستۆم کێ وادەڵێ؟ سەرۆکی پەرلەمان و وەزیری خوێندنی باڵاش ناتوانن بڵێن فەرهاد جێگری ئەرستۆیە. ئەمە دەبێ بەیاسایەک رێکبخرێت و ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتووری خەڵک نابێت بکەوێتەژێر فەرمانی مەلاوە.



من جێگری ئەرستۆ نیم!! فۆتۆ: رەفیق شوکری

ئۆتۆمییە دەبێ لەیەکتری جیابکرێتەوەو یاسا سەروەری هەردوولا بێت.

**وارڤین: چۆن؟**

یاسایەک دابنرێت دەسەڵاتەکان لەیەکتر جیابکرێنەوە، تاهیچ رۆشنبیرێک بۆی نەبێت لەناو کۆمەڵێک خەڵک شیکردنەوەی ئایەتێکی قورئان لەچاوێکی شاعیرانەوە بکات. من بۆخۆم (..) خواردووە رۆژێک لەرۆژان بێم تەفسیری ئایەتێکی قورئان بکەم، چونکە من مەلا نیم بەهەمانشێوە مەلایەکیش نابێ بێت تەفسیری تابلۆ یان شیعر یان چیرۆکێک بکات بەشێوەیەکی دینی کە لێیتێناگات.

وەک ئەوەی دوو ساڵ پێش ئێستا مەلاکان شیکردنەوەی تابلۆکانی منیان کرد بەبێئەوەی لێیتێبگەن. دوایی خۆیان بۆیان روونبووەوە کە شیکردنەوەکەیان هەڵەیەو ئەوکات

**پڕۆفایل:**

**د. فەرهاد پیرباڵ**

**– هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لەئەدەبیاتی کوردی لەزانکۆی سۆربۆن.**

**– سەرنووسەری گۆڤاری ویرانە.**

**– مامۆستای کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدینە**

**– خێزانی پێکهێناوەو دوو منداڵی هەیە.**

# ژنان چۆن دەڕواننە

# عەقڵی سیاسی لەپشت نەبوو



ئەمەل جەلال
هەڵسووڕاوی بواری ژنان و منداڵان

بەرلەهەر شتێک دەبێ بزانین، ئایا بڕیاردان بۆ ئەوجۆرە داواکارییە، لەئەنجامی هەڵسەنگاندنێکی عەقڵانی دیراسەکراوە؟ لەکاتی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە ئەلتەرناتیفێکی تەندروست بۆ بەرژەوەندی گشتی ئامادەکراوە یا تەنیا جۆرێکە لەچاولێکەری ئەزموونی وڵاتانی میسر و تونس کە بەداخەوە دەبوایە ئێمەی کورد بیرمان بۆ ئەزموونە خراپە نەچووایە بەقەدەر ئەوەی کە پلان و هەنگاوەکانان بۆ داهاتوو بۆ چاولێکردنی باشووری سودان بوایە. واتە بەچاولێکەری تەندروست بەرژەوەندی گەلەکەمان بەرەوپێشەوە بەرین نەک لێکترازان و هەڵوەشاندنەوە.

لەبەرئەوەی کوردستان دەوڵەت نییەو هەرێمێکە، لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی ناوەندی وەک دەوڵەتی عیراق کە دوای ڕووخانی، کورد ڕۆڵی سەرەکی لەدامەزراندنەوەو بیناکردنەوەیدا گێڕاوە. لەکاتێکدا ئێمەی کورد هەنگاو بۆ بەهێزکردن و بیناکردنی دەوڵەتی عێراقی دەدەین. لەناوخۆشدا هێزێک داوای هەڵوەشاندنەوەو ڕووخانی حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان دەکات؟ ئایا کوردستان بەرگەی ئەمجۆرە تاقیکردنەوانە دەگرێت؟ یان تووشی پاشاگەردانی، پشێوی و دەستتێوەردانی دەرەکی دەبێ و سەرئەنجام زەرەرمەندی یەکەم گەلەمان دەبێت کە دەیانهەزار قوربانیداوە تا گەیشتۆتە ئێستای. هێشتا ئەم دەسەڵاتە خۆماڵییە لەبەردەم هەڕەشەی بەردەوامدایەو هێشتا لەڕووی دەستووری، یاسایی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لە قوناغی گواستنەوەدایە. لەبەیاننامەکەی گۆڕاندا هاتووە کە پەرلەمان و حکوومەت هەڵبوەشێتەوە لەهەمانکاتدا داوا دەکرێت لەماوەی سێ مانگدا هەڵبژاردن بکرێتەوە؟ ئەی ئێمە وەک هاووڵاتیانی کوردستان، متمانەمان بەم حکوومەت و پەرلەمان و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان نەدا؟ هەڵبژاردن هەر لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا ناکرێتەوە؟ لەجیاتی ئەوەی گۆڕان بەردەوام، کوردستان بەکێشەو ململانێی ناوخۆوسەرقاڵ بکات با پەرلەمان جێی یەکلاییکردنەوەی سەرجەم داخوازی و داواکارییەکانی هاووڵاتییان بێ، ئەگەر داواکارییەکە بۆ بەرژەوەندی هاووڵاتییانە. با هەمیشە (گرووپەکانی گوشار) کاری خۆیان بیرنەچێتەوەو لەهەوڵی دەسنیشانکردنی کەموکوڕییەکاندا بن و لەهەمانکاتیشدا چارەسەری بۆ بدۆزنەوە. ئامانجیان دروستکردنی کەشێکی تەندروست بێ بۆ کۆمەڵگاو کار بۆئەوە بکرێ کە هەمووان پێکەوە بەئاسوودەیی دوور لەپشێوی و ناکۆکی بژین. ئەگەر لایەنێک باس لەبەرژەوەندی هاووڵاتیان دەکات پێویستە بەڕاستی هەنگاوەکانی بۆ پاراستن و ڕاگرتنی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان بێت. بەرژەوەندی گشتی و تاک بەتایبەتی لەوەدایە کە ژینگەیەکی تەندروست و ئارامی بۆ دەستەبەر بکەین. کارو هەنگاوەکانمان بۆ چاکسازی و پێشخستن و گەشەپێدانی کۆمەڵگا بێ نەک هەڵوەشاندنەوەو لێکترازان کە لەمحاڵەتەدا تەنیا دوژمنان و نەیارانی گەل سوودمەنددەبن. هیواخوازین لەڕێی دیالۆگ و کاری هاوبەشەوە ئامانج و داواکارییەکانمان لەئەرزی واقیعدا بەرجەستە بێت. لەڕێی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری کار بۆ هۆشیاری و پەروەردەو ئامادەکردنی تاکێکی تەندروست بکرێت. پێویستە هەر تاکێک لەپێشخشتن و گەشەپێدانی هەرێمی کوردستاندا بەشدار بێ و پرەنسیپی بەشداریکردن بەهێزبکەین بێ جیاوازی و پەراوێزخستن و هەڵاواردن بەهەر بیانوویەک بێت. بە کارکردنی دڵسۆزانە کۆمەڵگایەک بەرجەستە بکەین کە ئازادی، مافە مەدەنی، یاسایی و سیاسییەکانی هاووڵاتی تیایدا ڕەنگبداتەوە. کوردستان هەموو کەرەستەکانی باشکردنی سیستەمی تێدایە ئەگەر پشوودرێژبین و هەنگاوەکانمان خێراتر بکەین. قسەکردن بکەینە کردار و بەشداری ڕاستەقینەو ڕاستگۆیانە. بەباوەڕەوە حکوومەت و پەرلەمان و دەزگاکانی ئەم هەرێمە بەهی خۆمان بزانین. باوەڕمان بەخزمەتکردن و پێشخستنی وڵات بێ. پێویستە بزانین بەشداریکردن لەتێکدان و لێکترازانی ئەو دەستکەوتانە بەرپرسیارێتی مێژووییمان دەخاتەئەستۆ. هیوای هەمووان کوردستانێکی ئارام، ئاسوودەو دەوڵەمەند بەسیستمێکی (سیکولار) کە تیایدا سەرجەم مافەکان و دادوەری کۆمەڵایەتی فەراهەم بێ بۆ هەموو تاکێک بەبێ جیاوازی.

www.netewe.com

# بەیاننامەکەی گۆڕان؟

# لە بەرژەوەندی شەقامدایە

بزووتنــەوەی گــۆڕان، خاوەنی نیوملیــۆن دەنگدەرو ٢٥کورســی پەرلەمانە. پێویســتە لەهەمــووو قۆناغ و هەلومەرجە جیاوازەکانی کوردستاندا پێشنیازوهەڵویستی خۆی هەبێ کە گوزراشت بێ لەرای شەقامی کوردی.

دەرکردنی ئەوبەیاننامەیە بەمەبەستی چاکسازییە لەوڵات، نــەک تێکدانی ئەزموونی حکومرانــی کورد، هەمووموان بەشەقامی کوردیشەوە خۆمان بەخاوەنی ئەو ئەزموونە دەزانین و بەهەموو شــێوەیەک دەمانەوێ ئەزموونێکی ســەرکەوتووبێ و ببێتە نموونەیەکی دیموکراتی، نەک تەنیا لەعێراق بەڵکو لەهەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

کاتێک بزووتنەوەیەکی سیاسی کە خۆی بەخاوەنی ئەم ئەزموونــە دەزانێ و خوێندنەوەو هەڵســەنگاندنێک بۆ بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردســتان دەکات، لەچوارچێــوەی هەلومەرجێکــی شۆرشگێڕانەدا کە وڵاتانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێیدا دەژی و باهۆزێکی شۆرشی دیموکراتی لەناوچەکەدا هەیە. دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەرکی سەرشانیەتی تەرح و چارەی دیاریکراوی بۆ وەدەرهێنانی کۆمەڵگاکەی خۆی لەو واقیعە چەقبەســتووەی کە کۆمەڵانی خەڵکی بێزارکردووە، لە نەبوونی خزمەتگوزاری و پێشــێلکردنی ئازادییەکان لەلایەک و لەلایەکیتر حکوومەتێکی خاوەن هەموو دەســەڵاتێک کە کار دەکات لەپێناوی هەیمەنەی حزبی و قۆرخ کردنی دەسەڵاتدا، هەبێت.

هەڵوەشــاندنەوەی پەرلەمانێــک کە لەماوەی ســاڵ و نیوێک لەکارکردنیدا نەیتوانیوە ئەو یاســایانە دەربکات کە پێداویستی ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیان رێکدەخات، یان وەزیرێک یان بەرپرسێک بێنێتە پەرلەمان و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکات، یان بە فعلی چاودێربێت بەســەر ئەدای حکوومەتەوە، ئەگەر بانگەواز بکرێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی و لەجێــگای ئەو پەرلەمانێکــی فعلی نوێنەری خەڵکی کوردســتان، لەرێگای هەڵبژاردنێکــی پاکەوە بێت، بۆ دەبێ بکرێتە هەڵڵاو وا ناودێر بکرێ کە کودەتایە بەسەر دەسەڵاتی کوردیدا؟ یاخود هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتێک کە تائێســتا نەک هەر سیمای دوو ئیدارەیی پێوەدیارە، بەڵکو بە فعلــی لەڕووی دارایــی و ئەمنییەوە هەردوو ئیدارەکەی هەولێر و سلێمانییە. حکوومەتێک کە پاش هەشتساڵ ئەگەر لە پرۆسەی ئازادی عێراقیشەوە حساب بکرێت، نەیتوانیوە خزمەتگــوزاری، کارەبا و ژێربینای ئابووری کۆمەڵــگای دابینبکات بۆ هەڵنەوەشــێتەوە. تەنانەت دامەزراندنی فەرمانبەرێکیش تائێستا لەرێگەی لق و مەڵبەندەکانەوە دەبێت.

داواکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم حکوومەتە، لەرێگەی بەیاننامەی بزووتنەوەیەکی سیاسییەوە راســتەوخۆ لەحکوومەتەکــە خۆی، بەزاندنی چ هێڵێکی ســوورە؟ لەجیاتــی ئــەوە داوای حکوومەتێکــی راپەراندنی کار ( تـ×ـریــف اعمال ) دەکات تــا لەهەناوی پەرلەمانێکی راستەقینەی خاوەن دەسەڵاتی بە شەرعی وەرگیراو، لە خەڵکی کوردســتانەوە حکومەتی داهاتوودا دابمەزرێ.

لەم روانگەیەوە پێشــنیارێکی ئاوا بۆ دەسەڵات لەلایەن ئۆپۆزســیۆنەوە کە دەیەوێ، لافاوی نارەزایی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەمە زیاتر نەبێ، بەڵکو لەم رادەیەی ئێستایدا لە سەر مێزی گفتوگۆ و بەشێوەیەکی زانستی و بەگیانێکی هەست بە بەرپرسیارێتییەوە چارەسەر بکرێت، تا دواجار ببێتە ئەو ئەزموونەی کۆمەڵگایەکی دیموکراتی دەســتەبەر بــکات کە مافی هاووڵاتــی و تاکی کوردی تێدا پارێزراوبێ و دەســەڵات و ئۆپۆزســیۆن لەرێگای سندوقەکانی دەنگدان، بەشێوەیەکی هێمنانە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکەن.

بۆ دەبێ ئەم پێشنیارە بەزمانێکی زبر وەڵامبدرێتەوە، لەرێگای میدیاکانی دەسەڵاتەوە بکرێتە ئەو هەرایەی کە بزووتنەوەی گۆران دەیەوێ وەزعی ئارامی کوردســتان بشێوێنێ و حکوومەت و پەرلەمان هەڵوەشێتەوە؟ . لێرەدا پرسیارێک دەکەم ئایا ئەنجامدانی پێشوەختی هەڵبژاردن بۆ گۆڕینی هاوکێشە سیاســییەکان لەنێوان دەسەڵات و ئۆپۆزســیۆندا دەکاتە نەمانــی ئەزموونی حکومڕانی کورد؟ ئایا مانەوەی ئەزموونەکەمان تەنیا لەدرێژەپێدانی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیدایە؟



**سۆز بابان**
**هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان**

www.netewe.com

## نەجیبە عومەر:

# ئەنجومەنی خانم



### بەشی دووهەم و کۆتایی

**وارڤین: لە بەشی یەکەمی ئەم گفتوگۆ ڕۆژنامەوانییەدا جێگری سەرۆکی پارتی چارەسەری کوردستان نەجیبە عومەر، بۆچوونی خۆی لەبارەی پرسی بازرگانیکردن بەژنانەوە خستەڕوو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە بازرگانیکردن بەژنانەوە یەکێکە لەبەرهەمەکانی سیستەمی سەرمایەداری مۆدێرنێتەو ڕاشیکەیاند، حکومەتی هەرێم کار ئاسانی بۆ ئەو کۆمپانیایانە دەکات کە بازرگانی بەژنانەوە دەکەن. نەجیبە لەم بەشەشدا سەرنجی خۆی لەسەر پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە لەعێراق و هەرێم دەخاتەڕوو و دەڵێ کە دەرکەوتنی ئەو بازرگانییە پەیوەستە بەهاتنی ئەمەریکا بۆ ناوچەکە.**

**وارڤین: دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ئەمریکا بەبانگەشەی ئازادی بۆ عێراق هات. هەندێک لەوبڕوایەدان ئەو ئازادییە کێشەکانی ژنانی قووڵتر کردووەتەوەو هەندێکیش بەپێچەوانەوە. پرسی ژن پاش هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق چۆن دەنرخێنیت؟**

- **نەجیبە:** لەبنەڕەتدا ئێمە هاتنی ئەمەریکا وەک دەستتێوەردانێک دەبینین بۆ سەر عێراق و هەرێمی کوردستان. لەبنەمادا ئەو دەیویست لەڕێگەی ئەو دەستتێوەردانەوە سیستەم و کەلتووری تەواوی کێشەکانی خۆی لێرەدا جێگیر بکات، بەڵام ئەوەی بینرا ئەوەیە لەو ڕۆژەی دەستتێوەردانەکەی کردووە، تائەمڕۆ سەرکەوتنی بەدەستنەهێناوە. ئەو دەستتێوەردانی کردووە بۆ ئەوەی خۆی لەئالۆزییەکانی ناوخۆیی خۆی ڕزگار بکات و ئەو کێشانەی هەیەتی لەهەموو ڕووەکانەوە کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق درووستکردووە. یەکێک لەو کێشانە بازرگانیکردنە بەژنانەوە کەئەمریکا خۆی یەکێکە لەو وڵاتانەی ئەو بازرگانییەی تێدا دەکرێت.

ئەوەشمان لەیادنەچێت فەرهەنگ و کەلتوورو سیستەمی ئەمریکا بۆ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بێگانەیە، چونکە نایناسین، هەر گۆڕانکارییەکیش، کەلە سەرەوەبێ و خۆی داسەپێنێ، هیچ ئەنجامێکی نابێ و گۆڕانکاری بەگوێرەی دینامیکی کۆمەڵگا پێویستە لەخوارەوەبێت. بێگومان کۆمەڵگای ئێمە لەلێگەڕاندایە، هەوڵدانی هەیە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری دروستبکات. ئێمە دەتوانین بڵێین چەند هێڵ و ئاراستە دیارن، هێڵێکیان بەرەنگاری دەکات، چونکە گۆڕانکاری بەمانای هەڵوەشاندنەوەی سیستەمە پارێزگارەکانە، ئەوە هێڵێکی توندڕەوە، هێڵێکی دیکەش هەیە خۆی بەلیبراڵ دەزانێت و خۆی دادەسەپێنێت، دەڵێ لەسەرەوە دیموکراسی بێت. ئەوە هەڵەیە، هێڵێکی دیکەش هەیە،

•••

**لەبنەڕەتدا ئێمە هاتنی ئەمەریکا وەک دەستتێوەردانێک دەبینین بۆ سەر عێراق و هەرێمی کوردستان**

•••

www.netewe.com

# ...ان ناتوانێت هیچ بۆ ژن بکات

سیستەمە. پێیوایە کە هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵگایە، دەڵێ دیموکراسی لەخوارەوە بۆ سەرەوە پێشدەکەوێت، ئەم هێڵە زەمینەی سەرکەوتنی هەیەو هێڵێکی راستەقینەیەو چانسی سەرکەوتنی زیاترە، کۆمەڵگەی ئێمەش بەشبووە، هەندێک بەرەنگاری دەکات و ئەوەش گۆرانکاری لەسەرەوە دەبینێت وەک سیستەمێکی دەسەڵاتدار خۆی پێداهەڵدەواسێ، بەڵام ئەو هێڵەی کە دیموکراسی رادیکاڵەو پێیوایە گۆرانکاری سروشتی کۆمەڵگا پێشدەکەوێت، ئەوە لەوانە زۆر بەهێزنەبێت ئەوە دوو هێڵەکەی دیکە ناهێڵێ زۆر پێشناکەوێت، بەڵام ئەوەی زەمینەی سەرکەوتنی هەیە دیموکراسی راستەقینەیە.

**وارڤین: لەدوای هاتنی ئەمەریکا لەرووی بەشداری سیاسەت ٢٥٪ تەرخانکرا بۆ ژنان و بایەخ بەبەشداری ژنان درا، بەڵام لەرووی کۆمەڵایەتییەوە هەندێک لەوبڕوایەدان قەیرانەکان زیاتربوونەو بەهەزاران ژن هاوسەریان لەدەستداوەو هەلومەرجیان بۆ نەرەخساوە بژێوی دابینبکەن، پرۆسەی سیاسی عێراق چەندە توانیویەتی خزمەت بەژن بکات؟**

– **نەجیبە:** بێگومان ئاشکرایە هاتنی یاسای نوێ لەبەرژەوەندیدایەو بەشێکی باشە نەک تەنیا لەعێراق، بەڵکو لەهەرێمی کوردستان. وەک دەزانن، ئەو حکوومەتەی هەرێم کە هەبوو یەکێک لەسلێمانی یەک لەهەولێر دوو ژنی تێنەدەپەڕاند، ئەو یاسایەی هات، لەراستیدا باشە، یاسا گۆرانکاری لەزهنیەتدا دروستدەکات، بەڵام لەلایەنی دیکەوە ئەوەی کە هەموومان بەچاوی خۆمان دەبینین بەشداری هەیە، بەڵام هیچ کاریگەری ئەرێنی نییە، گۆرانکاری دروستناکات.

**وارڤین: بۆچی؟**

– **نەجیبە:** چونکە دیاریکردنی ئەو ژنانەی لەجێگەی بڕیاردان، ژنگەلێکن نوێنەری خەڵک نین، هەڵبژێردراوی ژنان نین، ئەوان هەڵبژێردراوی حزبن و حزب دیارییاندەکات و جاریکیدیکە، لەلایەن پیاوانەوە دیاریکراون و بەگوێرەی داخوازی پیاوانن، بۆیە هیچ یەکێک لەوانە نەیانتوانیوە کار بۆ ژنان بکەن، یان کێشەکانیان چارەسەر بکەن. ئەمەش وایکردووە، لەلایەکەوە بێباوەڕی ژنان دروستبێت لەبەرامبەر ئەو ژنانەی نوێنەرایەتی دەکەن، لەلایەکی دیکەوە سیستەمی دەسەڵاتدار دەیەوێ وەها بڵێ وەک لاساییکردنەوەی سیستەمی لیبراڵیزمە، چونکە لەلایەکەوە بۆ جوانکردنی سیستەمەکە ژن بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی بڵێ دیموکراتیم لەلایەکیدیکەشەوە کام ژنەی، کە تواناو قابلیەتی نییە ئامادەی دەکات.

لەبەرئەوە دەیەوێ بەخەڵکیش وابڵێ ئەوەتا ژنیش لەپیاوان خراپترن یان باشتر ناتوانن کاربکەن. ئەمەش یەکێکە لەسیاسەتی ئەو سیستەمەی دەیەوێ بێباوەڕی بەتواناکانی ژنان پێشبخات. راستییەکیش هەیە ئەوەیە کە لەکۆمەڵگای ئێمە لەرابردوو ژن ئەزموونی سیاسی نییە، لەبەرئەوەی رێگای پێنەدراوە سیاسەت بکات. ئێستاش رێگەی نادرێت بەهەموو توێژەکانی کۆمەڵگا لەژنان بەشداری کارای سیاسەت بکەن. سیاسەت بۆ توێژێکی کۆمەڵگایە. بۆ توێژێک لەژنانە ئەویش توێژی دەسەڵاتدارە.

**وارڤین: شێوازی دروست یا بریت چییە؟**

– **نەجیبە:** دەمەوێ بڵێم ژنان بۆچی لەباکووری کوردستان دەتوانن نوێنەرایەتی راستەقینەی ژنان بکەن، چونکە ژنان لەهەموو تێکۆشانەکاندا پێشەنگایەتی دەکەن، بۆ سەرکردایەتی حزبیش سیستەمێک دانراوە کە ژن خۆی ژن هەڵبژێرێ. بۆ نموونە لەکۆنگرەیەکدا ١٥ هەزار ژن کۆدەبنەوە، لەوێدا ئەو ژنانەی هەڵدەبژێردرێن کە پێویستە بچنە سەرکردایەتییەوە، یان کێ ببێتە پاڵێوراو بۆ شارەوانی یان لەپەرلەمان لەوێدا ئەو ژنەی کاری بۆ ژن کردبێت هەڵدەبژێردرێت. ئەوەی لەخزمەتی ژن رەنجی نەکێشابێت دەنگناهێنێ. ئەو ژنەی بیەوێ ببێتە پەرلەمانتار ناچارە دەنگ بەژن بدات. ئەوکاتە ژن دەبێتە پەسەندکراوی ژنان نەک پیاوان، بەڵام لەباشوور ئەو شتە پێچەوانەیە، لێرەوە پیاوان بەگوێرەی بەرژەوەندی حزب و دەسەڵات پشتیوانی لەژنان دەکەن، دەتوانین بڵێین لەباکووری کوردستان ژنان یەکینەیەکی رەگەزییان هەیە، ژنێک هەڵدەبژێردرێت بۆ پەرلەمانی تورکیا ئەو ژنە لەپیاوان هەر هەموویان دەنگی زیاتر دەهێنێت لەئەستەمبوڵەوە بگرە تا دەگاتە هەموو شارەکانی باکوور، بەڵام لێرە هەرچەند ژنێک بەپیاوێکەوە گرێدراوە پیاوێک ئەوانی پێشخستووە کاتێک پیاو ئەوان دەگەیێنێتە دەسەڵات، ئەوانیش هەوڵدەدەن خۆیان بدەن بەپەسندکردن بەو پیاوانە نەک بەکۆمەڵگا.

**وارڤین: ئەو سیستەمە سیاسییەی لێرەدا هەیە چەندە توانیویەتی لایەنگری لەپرسی ژنان بکات و چەندە لەخزمەتی ئەو پرسەدایە؟**

– **نەجیبە:** پێموایە ئەم سیستەمە تائێستا زیانێکی زۆری لەژنان داوە.

**وارڤین: چۆن؟**

**دەسەڵات دەیەوێ بەخەڵکیش وابڵێ ئەوەتا ژنیش لەپیاوان خراپترن یان باشتر ناتوانن کاربکەن. ئەمەش یەکێکە لەسیاسەتی ئەو سیستەمەی دەیەوێ بێباوەڕی بەتواناکانی ژنان پێشبخات**

www.netewe.com

**ئێمە وەک هەرێمی کوردستان و عێراق بەکۆمەڵێ نەریتەوە دەناڵێنین و لەبنەڕەتیشدا پێویستە ئەوە روونبێت کە تەواوی ئایینەکان وەک شۆڕش کۆمەڵایەتی خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە بۆ رزگاربوون لەکۆیلایەتی، بەڵام لەدواییدا تەواوی ئەو ئایینانە لەسیستەمەکاندا دژی مرۆڤایەتی بەکارهێنراونەتەوە**

– **نەجیبە:** چونکە لەلایەکەوە کۆمەڵێک سەنتەرو رێکخراو و دامەزراوەی بەناوی پاراستنی مافەکانی ژنان دروستکردووە، بەڵام ئەوانە کۆمەڵێک رێکخراون، کەبەڕاستی بوون بەجێگەی پارە پەیداکردن و بوونەتە جێی خۆدەوڵەمەندکردن و ئەگەر زۆرگران نەبێت، ئەوا ئەوانە بازرگانی بەپرسی ژنانەوە دەکەن یانی بۆخۆیان بەکاریدەهێنن و ئەمەش وایکردووە، یەکەم بێباوەڕی ژنانی ناو کۆمەڵگا دروست ببێت و دووەم ژن بروایان بە یەکتر نەمێنێ و سێهەمیش دەسەڵات لەو رێگەیەوە توانیویەتی رووی سیستەمەکەی رەنگ بکات، بەڵام جێگری نەبووە وەک پێویست بۆیە لەکۆمەڵگای ئێمەدا ئەوەی دەبینین رۆژبەرۆژ ئاماری توندوتیژییەکان لەزیادبووندایە، ئەمەش چەندلایەنە. لایەنێکی ئەو هەڵوێستە ناڕاست و نەرێنییانەیە کە بۆ چارەسەرکردنی پرسی ژن پێشدەکەوێ و بەشێکی دیکەشی ژنان کە وشیاردەبنەوە رۆژانە، بەرامبەر ئەو سیستەمە هیچ چارەسەرێک نابینێ کۆتایی بەژیانی خۆی دێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا، کۆمەڵێک کەس و رێکخراو هەیە ئەگەرچی ژمارەشیان کەمبێت راستییەکان دەبینن و هەڵیاندەسەنگێنن و تێکۆشاندەکەن و ئەوەش پارچەپارچەیەو یەکینەگرتووە. هەشە هەوڵی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەبینن، ئەمەش کەسانێکی دروستکردووەو دەیانەوێ بەشێوەی راستەقینە تیکۆشان بکەن.

**وارڤین: رۆڵی ئایین و کەلتوور لەو نێوەندەدا چییە؟**

– **نەجیبە:** ئێمە وەک هەرێمی کوردستان و عێراق بەکۆمەڵێ نەریتەوە دەناڵێنین و لەبنەڕەتیشدا پێویستە ئەوە روونبێت کە تەواوی ئایینەکان وەک شۆڕشی کۆمەڵایەتی خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە بۆ رزگاربوون لەکۆیلایەتی، بەڵام لەدواییدا تەواوی ئەو ئایینانە لەسیستەمەکاندا دژی مرۆڤایەتی بەکارهێنراونەتەوە. ئەوان لەکاتی خۆیدا خزمەتیانکردووەو لەئەمڕۆدا ئایدۆلۆژیای تازەو زانستی نوێ پێویستە بۆ ئەوەی خزمەتی کۆمەڵگا بکەیت. بۆ نموونە: سەپاندنی ئایین و لەقاڵبدان و لەچوارچێوەگرتنی یاساکان بەئایین و هەندێک نەریت و کەلتوور کە هیچ پەیوەندی نییە بەبڕوا ئاینییەکانەوە وایکردووە، لەم کوردستانەی ئێمەدا

**سەپاندنی ئایین و لەقاڵبدان و لەچوارچێوەگرتنی یاساکان بەئایین و هەندێک نەریت و کەلتوور کە هیچ پەیوەندی نییە بەبڕوا ئاینییەکانەوە وایکردووە، لەم کوردستانەی ئێمەدا زۆربەی زۆری ژنان ببنە قوربانی عەقلیەتی نامووسپەرستی**

زۆربەی زۆری ژنان ببنە قوربانی عەقڵیەتی نامووسپەرستی و لەم رەوشەدا رووبەرووی هەموو جۆرە توندوتیژییەک دەبنەوەو هاندەدرێن بۆ خۆسووتاندن و دەکوژرێن و ئەشکەنجەدەدرێن و ئەمەش هەمووی یان ٩٠ لەسەدی هۆکارەکەی عەقڵیەتی نامووسپەرستییە، ئەو عەقڵیەتەی بەرهەمی ئەو سیستەمەیە کە چەندەها ساڵ لەوڵاتی ئێمەدا باڵادەستبووە.

**وارڤین: ژنانی ئەم پارچەیەی کوردستان تاچەند لەنێو خۆیاندا ستراتیژیەتێکی هاوبەشیان هەیە؟**

– **نەجیبە:** لەهەرێمی کوردستان کێشەکە ئەوەیە هەریەکەو بەئاراستەیەکی حزبی کاردەکەن. دەکرێ مرۆڤ فیکری جیاوازی هەبێت، بەڵام پێویستە وەک ژن هەرچەندە فیکرەمان جیاواز بێت، چونکە شتێک کۆماندەکاتەوە کە رەگەزەو ژن لەئاستی جیهان وەک رەگەز دەچەوسێنرێتەوە، کەواتە ئێمە لەوەدا هاوبەشین و دەکرێت ئەوە بکەینە خاڵی ستراتیژی و هەمووومان بەیەکەوە کاربکەین.

**وارڤین: وەک ئێوە ئاگاداران لەپێکهێنانی کابینەی حکومەت وەزارەتێکی وەک وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دراوەتە ژن لەکۆی ئەو هەموو وەزارەتە. ئایا ئەمە بەو مانایە نایەت کە سیستەمی سیاسی دەیەوێ رۆڵی ژن سنووردار بکات و لەچوارچێوەی کاروباری کۆمەڵایەتیدا قەتیسی بکات. ئایا ئێمە ژنێکمان نییە بۆ پۆستی وەزارەتە گرنگەکان توانا و لێوەشاوەیی هەبێت؟**

– **نەجیبە:** لەڕاستیدا هەر کەس و رێکخراو و بزووتنەوەیەک کە بیەوێ گۆڕانکاری لەکۆمەڵگادا بکات پێویستە زۆر جەخت لەسەر کێشەکانی ژنان بکاتەوە و هەوڵبدات، چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانی کۆمەڵگا لەچارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان ببینێتەوە. ئەمە راستییەو زۆرێکیش لەمێژوونووسەکانیش ئەوەیان سەلماندووە کە ئازادی کۆمەڵگا بەندە بەئازادی ژنەوە.

بۆنموونە: بەڕێز ئۆجەلانیش دەڵێ، دیموکراسی بەپێشەنگایەتی ژنان دەبێتە دیموکراسی راستەقینەو ئازادی کۆمەڵگا بەندە بەئازادی ژنەوەو ئازادی هەر کۆمەڵگەیەک بەپێوانی ئازادی ژن دەپێورێت، ئەوە گرنگە، کەلە هەموو بوارەکاندا ژنان جێگیر بکەیت.

**دیموکراسی بە پێشەنگایەتی ژنان دەبێتە دیموکراسی راستەقینەو ئازادی کۆمەڵگا بەندە بەئازادی ژنەوە**

www.netewe.com

ئێستا لەباشووری کوردستان سیاسەت ڕەنگی پیاوی گرتووەو ژنی پێوە نییە، کاتێک دەڵێن باژن هەبێت، بەڵام ئەگەر ئیرادەیەکی سەربەخۆی نەبێت و خاوەن ناسنامەی ژنانە نەبێ و خاوەن فیکری خۆی نەبێت، بەفەرمان و ڕێنمایی پیاو کار بکات ئەو ژنە ناتوانێ بڵێت ڕەنگی خۆی هەیە. پێویستە ژن ڕەنگی خۆی لەهەموو بوارەکانی ژیان بدات، بێگومان ئەگەر ژن لەهەموو بوارەکان پێگەی خۆی هەبێ و ڕەنگ و دەنگی هەبێ ئەوکاتە دەتوانین بڵێین ژن هەیە. بەڵام ئەگەر تۆ یەک وەزارەتی پێبدەیت ئەوە هەڵەیە، ڕاستە ڕاستکردنەوەی کۆمەڵگاو چارەسەرکردنی کێشەکانی بەپێشەنگایەتی ژن دەبێت، بەڵام بەو واتایە نییە، کارەکانی دیکە هی ژن نییە. پێویستە بەهاوبەشی ژن و پیاو هەموو کارەکان تەواو بکرێن. ئێمە پێمانوایە پێویستە لەهەموو بوارەکاندا ژن هەبن و لەهەمانکاتیشدا جێگەیەک هەبێت تەواوی ژنان بەگوێرەی تایبەتمەندی خۆیان کۆبکاتەوەو ستراتیژیەتێک هەبێت کە ژنان ئاراستە بکات.

**وارڤین: مەبەستت لەو شوێنە تایبەتە دامەزراندنی ئەنجومەنی خانمانە یان شتێکی لەو شێوەیە بێت؟**

- **نەجیبە:** نە. چونکە من ئەنجومەنی خانمان بەهەماهەنگی نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکان دەبینم و ئەو هاوپەیمانی و ڕێککەوتنە ستراتیژییەی لەنێوان پارتی و یەکێتی هەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان. ئێستا بەهەمانشێوەش هەمانگی نێوان ئەو دوو

**پێویستە ژن ڕەنگی خۆی لەهەموو بوارەکانی ژیان بدات، بێگومان ئەگەر ژن لەهەموو بوارەکان پێگەی خۆی هەبێ و ڕەنگ و دەنگی هەبێ ئەوکاتە دەتوانین بڵێین ژن هەیە**

لایەنەیە، بەڵام لەپرسی ژناندا بۆ ئەوەی ناکۆکییەکانی نێوان یەکێتی ئافرەتان و یەکێتی ژنان چارەسەر بکەن، شێوەیەکی لەو جۆرەیان پێشخستووە.

تۆ لەبنەڕەتدا نوێنەر بەئیرادەی خەڵک هەڵنەبژێردرێت و هەر حزبێک نوێنەرێکی هەبێت ئەوە چییە، ئەوانە ناتوانن کێشەکانی ژن چارەسەربکەن و هەمان ئەو ژنانەی لەماوەی ڕابردوودا لەجێگەی بڕیاردابوون، بەڵام هیچیان بۆ ژنان نەکرد. ئەنجومەنێک ئەگەر بکەوێتە خزمەتی ژنانەوە دەبێ ژنان کۆبکرێنەوەو بەدەنگ و ئیرادەی ژنان هەڵبژێردرێن. ئەوکاتە دەتوانن کێشەکانی ژنان چارەسەر بکەن.

لەماوەی ڕابردوودا هەموو ئەوهاوپەیمانییانەی

**ئەنجومەنی خانمان بەهەماهەنگی نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکان دەبینم و ئەو هاوپەیمانی و ڕێککەوتنە ستراتیژییەی لەنێوان پارتی و یەکێتی هەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان**

لەنێوان حزب و لایەنە سیاسییەکان بەتایبەتی ئەوانەی دەسەڵات و لەدوایشدا ئەوانەشی خۆیان بەئۆپۆزسیۆن دەزانن ئەوانیشیان خستووەتە ناو، بۆ ئەوەی ئەوانیش بخەنەناو ئەو سیستەمەوە، من پێموایە ئەو ئەنجومەنە ناتوانێ هیچ لەکێشەکانی ژنان بگۆڕێت و یان هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر ڕەوشی ژناندا بهێنێت، بەڵکو ڕێککەوتنێکی حزبییەو لەنێوان حزبەکاندا کراوە.

**وارڤین: زۆرجار چالاکانانی بواری ژنان دەڵێن کابینەی پێشوو زۆرتر بایەخی بە ژن داوەو ئەم کابینەیە ئەو پرسەی فەرامۆشکردووە. ڕای ئێوە چۆنە؟**

- **نەجیبە:** هیچ جیاوازییان نییە، هەردوو کابینەکە وەک یەکن، چونکە هەردووکیان

**لەسایەی هەردوو حکوومەتەکەدا ژن ڕووبەڕووی کوشتن و سووتاندن دەبێتەوەو جەستەی کوژراوی ژنان ڕۆژانە دەدۆزرێتەوەو کەس خۆیان لێ بەخاوەن ناکات و تائێستا ئەوانەی ژندەکوژن نەماندیت لەدادگایەکدا دادگاییبکرێن**

زیهنیەتێکی دابڕاو لەکۆمەڵگاو پیاوسالارییان لەپشتەوەیە. ئەوەی بەبنەمای دەگرن بەرژەوەندی حزبی دەسەڵاتەو هیچکات بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگایان بەبنەما نەگرتووە لەبەرئەوە جیاوازییان نییە.

ڕەنگە لەڕووی شکڵییەوە یەکێکیان هەندێک دامودەزگای دروستکردبێت و هەندێک کەمتر، بەڵام لەبنەمادا وەک یەکن، لەسایەی هەردوو حکوومەتەکەدا ژن ڕووبەڕووی کوشتن و سووتاندن دەبێتەوەو جەستەی کوژراوی ژنان ڕۆژانە دەدۆزرێتەوەو کەس خۆیان لێ بەخاوەن ناکات و تائێستا ئەوانەی ژندەکوژن نەماندیت لەدادگایەکدا دادگاییبکرێن و زۆرێک لەو پیاوانەی ژن دەکوژن ئازاددەکرێن یان داڵدەدراون بەتایبەتی لەلایەن هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوە دەپارێزرێن و تائێستا کەسمان نەبینی بهێنرێتەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و ریسوا بکرێت لەسەر ئەوەی توندوتیژی دژ بەژنان ئەنجامداوە. تائێستا یەکێکیشمان نەبینی بەشێوەی دادپەروەرانە دادگاییبکرێ. بەپێچەوانەوە ئەو کەسانەی کە پارەیان هەیە ئازاد دەکرێن و لێیانناپرسرێتەوە. ئێمە خۆمان یەکێکین لەو ڕێکخراوانەی پرۆژەیاسای توندوتیژی دژ بەژنانمان پێشکەش بەپەرلەمان کردووە، تائێستا ئەوە نەکراوە بەبڕیار و ئێمەزۆرجار داوامانکردووە کە دادگایەکی تایبەت بەتوندوتیژی دژی ژنان دروستبکرێت، ئەوەش تائێستا نەکراوە.

**ئەرسەلان ڕەحمان**

www.netewe.com

# ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
# لەگەڵ وارڤین باس لە گۆڕانی ناوچەکە دەکەن

وارڤین – تایبەت:

**دوای ئەوەی لە تونس شۆڕشی یاسەمینی دەستپێکرد، هەر لەسەرەتای دەستپێکی شۆڕشەکەوە ژنانی ئەو وڵاتە شانبەشانی پیاوان توانییان ڕۆڵێکی کارا لەچالاکییە مەدەنییەکاندا بگێڕن و لەو چوارچێوەیەدا چالاکوانانی بواری مافەکانی ژنان ڕایدەگەیەنن، کە ژنان بەشداروو پشتیوانێکی بەهێزی شۆڕشەکانی دیموکراسین و لەوپێناوەدا گیانی خۆیان دەبەخشن.**

دوای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان لەوڵاتانی عەرەبی، قسەو باس هاتووەتە سەر پرسی بەشداریکردنی ژنان لەو ڕاپەڕینانەداو چالاکوانانی ژن، بەشداری ژنان بەبەشدارییەکی کاراو گرنگ لەقەڵەمدەدەن، لەوبڕوایەدان ژنان توانیویانە بیسەلمێنن کە دەتوانن ڕۆڵی ڕێبەرایەتیکردنی جووڵانەوە گۆڕانخوازەکانی کۆمەڵگا بکەن. لەوبارەیەوە سەرۆکی دامەزراوەی موستەقبەل نەبیلە حەمزە، باسی لەڕۆڵی ژنان لەشۆڕشی یاسەمینی تونسدا کردو گوتی «ژنان لەشۆڕشی یاسەمینی بەشدارییەکی کارایان لەهەموو ئەو چالاکییانەدا کرد، کە ئەنجامدران بۆ ڕووخانی ڕژێمی بن عەلی».

ئەو چالاکوانە تونسییە کە سەرۆکایەتی دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی بۆ کارکردن لەپێناو دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەکات گوتیشی «لەشۆڕشی تونسدا ژنان توانییان لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوەو سەلماندیان کە داینەمۆی ڕاستەقینەی جووڵانەوە دیموکراسییەکانن».

ئەو گوتیشی «ئەو کرانەوەو گۆڕانە دیموکراتییە کاریگەری مەزنی هەیە لەسەر ئاستی نیشتمانی و هەرێمایەتی و یاریدەدەرێکی سەرەکیشە بۆ بەشدارپێکردنی ڕاستەقینە لەدەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادپەروەری».

نەبیلە حەمزە، باسی لەوەشکرد، هەرچەندە لەتونسداو لەژێر دەسەڵاتی بن عەلی، تارادەیەک ژنان ئامادەییان هەبووە لەکایەکانی سیاسی و ژیانی گشتی وڵاتدا، بەڵام هەموو ئەو ژنانەی بەشداربوون تەنیا هەڵگری یەک ئایدۆلۆژیاو تێڕوانین بوون کە ئەویش ئایدۆلۆژیاو سیاسەتی حزبەکەی بن عەلی بوو، بەڵام دوای ئەم گۆڕانکارییە ئێستا دەروازە کراوەتەوە، بۆ ژنانی سەر بەهەموو توێژو لایەنە سیاسی و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان بۆ ئەوەی بتوانن بەشدارییەکی کارای ژیانی گشتی، لەوڵاتدا بکەن و هەمەجۆرایەتی لەشانۆی سیاسی وڵاتدا بەدیبهێنن.

سەرۆکی دامەزراوەی موستەقبەل کەلەکۆنگرەی بەشداری ژنان لەهێنانەدی ئاشتی لەهەولێر بەشداریکردبوو گوتیشی «تونس یەکەم وڵاتی عەرەبییە کە لەڕووی یاساکانەوە پشتیوانێکی بەهێزی ژنان بووەو یاساکانی تونس زۆرترین ئازادییانداوە بەژن و دەتوانین بڵێین حەبیب بۆرقیبە* لە ١٩٥٦دا ئەزموونی تورکیای لەتونس دووبارەکردەوە. ئەو لەلایەن خۆیەوە زۆر بڕوای بەپرسی ژنان هەبوو، بەوهۆیەوە توانیبووی پێشکەوتنێک لەرەوشی ژنانی تونس بەدیبهێنێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت بڵێیین هەموو شتێکی بەدیهێنا، بەڵام پێشکەوتنێکی دیاریش بوو».

ئەو ڕوونیشیکردەوە، لەسەردەمی بن عەلیدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی زۆر فشاریان لەسەربوو، نەیاندەتوانی بەئازادی کار بکەن و داواکارییەکانی خۆیان بگەیەنن و دیکتاتۆریەتی بن عەلی گەیشتبووە ڕادەیەک کە هەموویان بەترسەوە کاریان دەکرد، بەڵام ئێستا دوای نەمانی ئەو دیکتاتۆرە، هەموولایەک بەئازادی و بەبێ کێشە کاردەکەن، هەروەها دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش ئێستا باشتر کاردەکەن و دەتوانن بەئازادی پەیامەکانی خۆیان ئاراستە بکەن.

هەر لەو چوارچێوەیەدا ڕاوێژکاری سەرۆککۆماری عێراق بۆ کاروباری ژنان سەلما جبو گوتی «ململانێی حزبییەکان لەعێراقدا بەزیان بۆ پرسی ژن تەواوبوون ئەو ململانێیانە بوونەتە هۆی ئەوەی ژنان لەوەرگرتنی پۆستە باڵاکاندا بێبەشبکرێن و ببنە قوربانی».

سەلما جبو، باسی لەوەشکرد کە ژنان لەئێستادا هەوڵدەدەن لەناو هۆڵی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە خۆیان ڕێکبخەنەوەو تواناکانیان یەکخەن، بۆ ئەوەی بتوانن بەشدارییەکی کارا لەپرۆسەی سیاسی وڵاتدا بکەن. «خەریکە ئەو خۆ ڕێکخستنەوەیە، لەپەرلەمانەوە دەگاتە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هەمووان ئەو ئامانجەیان هەیە، کە دەرفەتێکی فراوانتر بۆ ژنان بڕەخسێت».

سەلما گوتیشی «هەریەک لەپیاوەکان کاتێک قسە دەکات دەڵێ ژن نیوەی کۆمەڵگایە، ئەگەر ڕاستدەکەن لەبەکارهێنانی ئەو دروشمەدا، بۆچی دەیانەوێ کۆمەڵگا تەنیا لەژێر ڕکێفی نێرینەدا بێت و بۆچی نایانەوێ ژنانیش وەک نیوەی کۆمەڵگا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و چۆن دەبێ نیوەی کۆمەڵگا پەراوێزبخرێت».

لەبارەی پرسی بەشداریکردنی ژنان، لەراوەدوونانی دیکتاتۆرەکان ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەکوتلەی ئەلعێراقییە، سەفیە سوهێل دەڵێ «ئیرادەی گەل خاوەن توانای بڕیاردانەو ئەوەی لەتونس ڕوویدا پیشانیدا، کە سەردەمی دیکتاتۆرەکان بەسەرچووە، ئێستا جڵەوی گۆڕانکاری لەدەستی و ڕزگاریخوازەکان دەرچووەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکان ڕێبەرایەتی گۆڕانکاری دەکەن و ئەو جەماوەرەی کە بەڕووی بن عەلی دیکتاتۆریشدا وەستانەوە، بێگومان ئەگەر زیاتر لەنیوەی ژن نەبووبێت ئەوا ژنان کەمتر نەبوون لەپیاوان».

ئەو نوێنەرە ژنە لەبارەی پرسی ژنانی عێراق قسەی کردو گوتی «لەهەموو ناوچەکانی عێراقدا چالاکی ژنانە ئەنجامدەدرێت، لەپێناو ئەوەی واقیعی ژن لەم وڵاتەدا باشتر بکرێت و تەنیا لەچوارچێوەی دروشم نەمێنێتەوە، هەربۆیە دەبینین ژنان لەعێراقدا تواناو داوایان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی داوای پۆستی سیادی دەکەن».

گوتیشی «ئەو دیموکراسییەی ئەمڕۆ لەعێراقدا هەیە ناتەواوە، ئەگەر بێت و کیانی سیاسی ژنان بەرجەستە نەکرێت و بەداواکارییە دیموکراتییەکانی خۆیان نەگەن».

سەبارەت بەپرسی بێبەشکردنی ژنان، لەکابینەی حکوومەتی نوری مالکی سەفیە سوهێل، ئەو مەسەلەیەی گەڕاندەوە بۆ ململانێی سیاسی نێوان هێزو لایەنەکان و گوتیشی «پێویستە هەوڵەکانمان چڕتر بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین لەو پەراوێزخستنە ڕزگار بین».

www.netewe.com



سەلما جبو

هانا ئیدوارد سکرتێری ڕێکخراوی ئەمەلی عێراقی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دیموکراتییەت لەعێراق ناچەسپێت ئەگەر بێ و یەک ڕەگەز خۆی زاڵ بکات، بەسەر ڕەگەزەکەی دیکەداو گوتیشی «ناکرێت ئێمە باسی دیموکراتییەت بکەین ئەگەر بێت و ژن لەپرۆسەی سیاسی پەراوێزبخەین و پێویستە سیاسەتمەدارانی عێراق، ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرن کە بەشدارییپێکردنی ژنان، نابێ تەنیا ڕووکەشانە بێت و پێویستە بەوپەڕی بڕوابوون بەبنەمای هاوبەشێتی ژنان، لەژیاندا ئەو بەشدارییە بۆ ژنان دەستەبەر بکرێت».

هەروەها گوتی «پێویستە ئەوە بزانرێ کە ژنان خاوەن توانان و دەتوانن شانبەشانی پیاوان بەشداری ڕاستەقینە، لەکایەکانی ژیانی کۆمەڵگادا بکەن، دەبێ سیاسەتمەدارانی عێراقیش ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاوبێت و کۆتایی بەدەسەڵاتی نێرینەیی بهێنن لەبەڕێوبردنی ئیش و کاری وڵاتدا».

هەروەها گوتی «ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە کە دەڵێ پیاو یەکەمینەو لەپێشەوەیەو پێویستە ژنان دوای بکەون، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە دەسەڵاتی خۆسەپێنەرانە کۆتایی پێبهێنرێت».

ئەو باسی لەرۆڵی ژنانیش لەنەتەوەیەکگرتووەکان کردو ئەوەی بەبیر هێنایەوە کە سوهێرە خان کە ژنێکی فەلەستینی بوو، وەک ڕاوێژکار لەوێ ئیشی دەکرد، زۆر ئازایانە کێشەکانی ژنانی دەخستەڕوو، باسی لەمەینەتییەکانی ژنان دەکردو هەمیشە هەوڵیدەدا، پرسی ژن لەئاستێکی باڵادا بخاتەڕوو و چارەسەری پێویستی بۆ پێشنیاز بکات.

گوتیشی «ئەو چالاکوانە ژنە باسی لەوە دەکرد، ئەگەر پیاو بانگەشەی دیموکراتی بوون



د. سەنا شەعلان



سەفیە سوهێل

دەکات ئەوا پێویستە ژنان ڕووی ڕاستەقینەی ئەو دیموکراتییە بن، هەمیشە ڕۆڵێکی کاراو بەبایەخییان پێبدرێت و ناکرێت بەهیچ شێوەیەک ڕۆڵیان فەرامۆش بکرێت».

لەبڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە ٣٢٥ دا هاتووە، پێویستە ژنان لەپرۆسە سیاسییەکاندا بەشدارییان پێبکرێت و هەموو ئەو وڵاتانەی کە واژۆیان لەسەر ئەو پرۆتۆکۆڵە کردووە، پێویستە پێیەوە پابەندبن و ئەو بڕیارە هەریەک لەنەتەوەیەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، دەبێ پارێزگاری لێبکەن و وڵاتانی دیکە ناچاربکەن دان بەو بڕیارەدا بنێن.

لەڕووی ئەدەب و نووسینیشەوە، ژنان توانیویانە بەقەڵەمەکانیان بەرەنگاری ستەم و چەوساندنەوەی سیستەمی سیاسی و دەسەڵات و چەوساندنەوەی ڕەگەزی ببنەوە، لەو

چوارچێوەیەدا دکتۆر سەنا شەعلان، مامۆستای زانکۆ لەئەردەن بۆ وارڤین گوتی «دەسەڵاتی داپڵۆسێنەرانە هەرچۆنێ بێت ئەنجامی نەبوونی هاوسەنگی و نەزانی و فەرامۆشکردنی مافەکانەو بۆیە بۆ چارەسەری کێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، چاو بە پەروەردەو پرۆگرامی خوێندنماندا بخشێنینەوە».

د. سەنا هەروەها گوتی «پێویستە ئەو دوو توێەی لەکۆمەڵگادا هەن، یەکێکیان لەسەر حسابی دووهەمیان بەهێزنەبێ، مافی بێهێزەکەیان بخوات و ئەمەش وادەکات هەموو لایەک لەسەر پەروەردەیەک ڕابهێنرێن کە تێیدا مرۆڤ، وەک مرۆڤ سەیری بەرامبەرەکەی بکات».



هانا ئیدوارد



نەبیلە حەمزە

www.netwe.com

# بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزدییەکان لەوەزارەتی ئەوقاف:

# بۆنی سیاسەتی حزبەکەی لەوەزیری ئەوق



خەیری بوزانی   فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

**وارڤین – تایبەت:**

**بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزدییەکان لەوەزارەتی ئەوقاف خەیری بوزانی ڕایگەیاند؛ کە بەهۆی تەرخاننەکردنی بودجە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەیان ئەوان ناتوانن چالاک بن و گوتیشی کە هەندێک کەس و لایەن پێیاندەڵێن کە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان کارتۆنییە. بوزانی گوتیشی ئەو بڕوای بە جێندەر هەیەو دڵنیایە کە هەر ڕۆژێک دادێت کەلە کوردستان دەچەسپێت.**

وارڤین: **ئایا بەراستی وەزارەتی ئەوقاف وەزارەتی کاروباری هەموو ئایینەکانە یان بووەتە وەزارەتی کاروباری ئایینێک؟**

– **خەیری بوزانی:** لەبەرئەوەی لەکۆمەڵگای کوردستاندا موسڵمان زۆرترن لەمەسیحی و ئێزدی ئۆتۆماتیکیەن پرسەکە زیاتر بۆ موسڵمانە. لە ١٩٩٢ەوە وەزارەتی ئەوقاف هەیە، لەکۆتایی ٢٠٠٨ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مەسیحی و ئێزدی دامەزران. وەک سیاسەت و ئاراستەی سیاسی حکوومەتی هەرێم ئایینەکان هەموو وەک یەک سەیردەکرێن، بەڵام لەواقیعدا ئەو شتە نابینین، ئەمەش هەندێک هۆکاری هەیە. یەک لەو هۆکارانە ئەوەیە موسڵمان زۆرینەن، ئەمەش مافێکی شەرعی و سروشتی زۆرینەیەو ئەگەر بەدیموکراتیش سەیریبکەین زۆرینە مافی زیاترە، بەڵام لەڕووی بودجەو پراکتیکییەوە ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتییەی مەسیحی و ئێزدی لە٢٠٠٨ەوە تائێستا هیچ بودجەیان نەبووە. ئێمە بۆ ٢٠١١ داوای بودجەمان کردووە، چاوەڕێ دەکەین کە بودجەکە هات ئەوکات دەتوانین بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگای خۆمان بکەین.

وارڤین: **لەدیموکراتیدا بەڵێ زۆرینە مافی هەیە، بەڵام مەرجە ڕێزی کەمینەش بگیردرێت، ئێوە هەستناکەن چالاکیتان سنووردار کرابێت، بەهۆی ئەوەی بودجەتان نەبووە؟**

– **خەیری بوزانی:** وەک گوتمان سیاسەتی حکوومەتی هەرێم دوو حزبی سەرەکی بەڕێوەیدەبەن. هەردوو حزبە سەرەکییەکە عەلمانین. ئەوانیش حکوومەتیان پێکهێناوە و عەلمانییە، بۆیە ئاراستەی حکوومەت بۆ لای ئایینەکان و پەیڕەوانیان یەکساندەبێت، ئێمە وەک ئێزدی دەتوانم بڵێم لە ١٩٩٢ەوە تائێستا کۆمەڵێک شتمان بۆ کراوە کەلە مێژووماندا بۆماننەکراوە.

وارڤین: **لەپێکهێنانی کابینەی ئەمجارەدا یەکێتی و پارتی وەزارەتی ئەوقافییان دایە کەسێکی سەر بەئایدیۆلۆژیای ئایینی لەبری ئەوەی بیدەنە کەسێکی پرۆفیشناڵی بێلایەن، ئەمە کاریگەری نەکردووەتەسەر ستراتیژیەتی حکوومەت؟**

– **خەیری بوزانی:** سیاسەتی حکوومەت عەلمانییە، ئەمە بەلای ئێمەوە زۆر باشە، دانانی کەسێکی ئیسلامی بۆ پۆستی وەزارەتی ئەوقاف وابزانم زۆر زۆر لەمەسەلەکە ناگۆڕێت. چونکە ستراتیژیەتی حکوومەت گرنگە، لەوانەیە کاریگەری هەبێت، بەڵام بەوشێوەیە نا کە ئاراستەی حکوومەت بگۆڕێت بەرەو ئوسوڵیەت یان توندڕەوی. ڕاستە هەندێک شت لە جوزئیات دەگۆڕێت، بەڵام سیاسەتی حکوومەت بەگشتی ناگۆڕێت.

وارڤین: **لەپەرلەمان زۆرینە دەستەواژەی جێندەری پەسند کرد، لەناو حکوومەت تەنیا وەزیری ئەوقاف بوو پێچەوانەی ئەو خاڵە پەسندکراوەی زۆرینە قسەی کردو ڕەتیکردەوە، ئایا پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتە شتێکی جوزئییە؟**

– **خەیری بوزانی:** بەڵێ، شتێکی جوزئییە، چونکە وروژاندنی جێندەر لەئەوقافەوە نەبوو، بەڵکو لەمینبەرەکانەوە بوو، خۆمان دەزانین زیاتر لەهەزار مزگەوت هەن، ئەگەر ١٠ تا ١٥ مزگەوت باس لەشتێک بکەن گەورەدەبێت، دوای ئەوان وەزارەت قسەی کردووە.

وارڤین: **بەڵام قسەکانی وەزارەت پێچەوانەی سیاسەتی گشتی حکوومەت بوو؟**

– **خەیری بوزانی:** پێچەوانەی سیاسەتی گشتی بوو، دەڵێم ئەمەش لەجوزئیاتدایە، چوونکە هیچ لەمەسەلەکە نەگۆڕدرا، ئاراستەی سیاسەتی هەرێم نەبووە ئاراستەیەکی ئایینی. ئێمە لەهەلومەرجێکی ناسکداین، دەبێ حکوومەتیش هەندێکجار بکشێتەوە، هەمووجار لەسەر یەک شت بڕۆی پێموایە تووشبوون ڕوودەدات، با هەندێکجار بکشێتەوە لەوانەیە وەختی نەبووبێت، تا وەختی خۆی دێت.

# ـاف دەکەین

**وارڤین: جەنابت وەک کەسایەتییەکی ئێزدی لەبارەی جێندەرەوە رات چۆن بوو؟**

– **خەیـــری بوزانـــی:** پراکتیکردنی جێنـــدەر زۆر زۆر ئاســـاییە، مەرجیش نییە، ئەگـــەر وەزارەت لەگەڵ نەبوو، من کوێرانە پەیڕەوی لێبکەم. بەبۆچوونی خۆم مەسەلەی جێندەر هەر زۆر زۆر نورماڵە، رۆژەک لەرۆژان هەر پەیڕەو دەکرێت، ئەگەرچی ئێســـتا وەستانێک و پاشەکشەیەک هەیە، بەڵام رۆژەک هەر دەچەسپێت.

**وارڤین: ئایا شتێکی ئاســـاییە، وەزارەتێک بەمجۆرە پەرتوبڵاوییە کاریـــکات، یەکێک لەگەڵی بێت و یەک دژی بێت، ئەمە نیشانەی چییە. ئێوە وەک ئێزدی و مەسیحییەکان ناکرێت وەزارەت پرستان پێبکات و هیچ نا، تەوافقێکتان لەنێواندا هەبێت؟**

– **خەیـــری بوزانـــی:** بەڵـــێ تێدەگەم، ئەمـــە ئەوە ناگەیەنێـــت کە وەزیر چیگوت ئێمە لەگەڵی بین، من رای تایبەتم هەیە، رەنگە موسڵمانیش لەناو وەزارەت هەبـــن و رای تایبەتیان هەبێت. هەرچی وەزیر گوتی مەرج نییە گوێڕایەڵی بکەین. سەمعەن وە تاعەن نییە لەمەسەلەکە.

**وارڤین: لەم مـــاوەی رابردوودا وەزیر هەندێک بڕیاری دەرکرد، لەوانە وەرگرتنەوەی دەسەڵاتی گوتەبێژی بوو لە مەریوان نەقشبەندی، ئێوە راتان چیبوو؟**

– **خەیـــری بوزانی:** جارێک لادانی کاک مەریوان، وەک گوتەبێژی وەزارەت ئێمەو بەڕێوبەرایەتی مەسحییەکان دژی بوویـــن و رای ئێمـــە وەرنەگیـــرا، لادانی ئەوە شـــتێکی خراپ بوو، چونکە ئەو چەند ساڵە دەزانێت چۆن مامەڵە بکات و خۆشـــی تەکنۆکرات بوو، ئەگەر پێشـــمانبکرێت جارێکی دیکە دەیکەینەوە گوتەبێژی وەزارەت، ئەو بەڵانسەکەی راگرتبوو.

**وارڤین: کەواتە بەنەمانی ئەو بەڵانسەکە تێکچووە؟**

– **خەیـــری بوزانـــی:** ئەگـــەر جارێ بـــەو چەندرۆژە تێکیشنەچووبێت ئەوا تێکدەچێت.

**وارڤین: ئایا ئەمە لادان نییە، لەسیاســـەتی گشـــتی حکوومەت، خەڵکیش واهەستدەکات ئەمە لادان بێت بەرەو ئایدۆلۆژیای ئیسلامی؟**

– **خەیری بوزانی:** خەڵک وا هەستدەکات، گوتم ئێمە دڵنیاین لەسیاسەت و ستراتیژیەتی حکوومەت ئەگەر وەزیری ئەوقاف توندڕەوییـــەک بکات یان وەزیرێکی دیکەش لەوەزارەتێکی دیکەش شـــتێک بکات دەبێ حکوومەت لەسەر ئەو پرسە راوەستێت و وازیلێنەهێت، بەڵام پێموایە سیاســـەتی حکوومەت هەر ناگۆڕێت و ئەمە بۆ کابینەیەکە.

**وارڤین: تۆ پێتوایە چوار ســـاڵ کەمە لەکاتێکدا ئەو لەماوەی یەکســـاڵدا بـــەس لەڕووی دروســـتکردنی مزگەوتەوە مۆڵەتی بە ٥٠٠ مزگەوت داوە؟**

– **خەیری بوزانی:** ئەگەر وەزیری ئەوقاف ئوسولیـەت پەیدا بکات یان بەگوێرەی سیاسەتی حزبەکەی خۆی مامەڵە بـــکات، هەرچەند خۆی دەڵـــێ من دێمەناو وەزارەت پشتم لەسیاسەت کردووە، ئەمە شتێکی زۆر خراپە.

**وارڤین: هەستدەکەیت وەزیر سیاسەتی لەگەڵ خۆی هێنابێت یان جوزئێک لە سیاسەت بکات؟**

– **خەیری بوزانی:** بۆن دەکەین.

**وارڤین: وەک ئەوەی مۆڵەتی دروستکردنی ٥٠٠ مزگەوت دراوە ئایا هیچ بڕیارێک هەبـــووە بۆ نۆژەنکردنەوەی لالش؟**

– **خەیـــری بوزانی:** مەســـەلەکە جیاوازییەکی هەیە، ئەگەر وەزارەتی ئەوقاف مۆڵەت بدات بەدروستکردنی مزگەوت جیایە لەوەی خۆی مزگەوت بنیاتبنێت. ئەمە دوو شتی جیاوازن، کەسێک بێ بڵێت من خێرخوازم و داوای مۆڵەت بکات بۆ دروستکردنی مزگەوت فەرقی هەیە. ئەو ژمـــارە زۆرە وەزارەت بنیاتینەناون بەڵکو مۆڵەتی پێداون و ئەوە خەڵک دروستیکردوون.

**وارڤین: وەزارەتەکان وەک خۆتان دەزانن جیاوازییان هەیە، ئەوقاف و پەروەردە هەستیارترن لەوەزارەتەکانی تر. ئایا کاتـــی ئەوە نەهاتـــووە، حکوومەتی هەرێم بەوریاییەکـــی زۆرترەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو وەزارەتانە بکات؟**

– **خەیـــری بوزانـــی:** حکوومەتـــی هەرێـــم دەبوایە بەگوێرەی سیاســـەتی خـــۆی مامەڵە لەگـــەڵ ئەو وەزارەتە هەســـتیارانەدا بکات، ئەوقاف، پەروەردە و رۆشنبیری هەستیارن، هەروەها وەزارەتەکانی دیکەش گرنگن. دەبێت حکوومەت لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە ئەو وەزارەتانە بداتە کەســـانی پرۆفیشناڵ و لەگەڵ ئەوەشـــدام، هەموو وەزارەتەکان کەسانی تەکنۆکرات بەڕێوەیان بەرێت تەنیا ئەوقاف نەبێت.

هۆکارەکەشـــی روونە، لەگەڵ ئـــەوەدام ئەگەر مرۆڤ تەکنۆکراتیش بوو ئەوا دەبێت سیاسەتی حکوومەتەکەی خۆی جێبەجێبکات.

**وارڤیـــن: ئێـــوە پێشـــنیازی ئەوەتان کـــردووە کە بەڕێوبەرایەتییەکانی مەســـیحی و ئێزدی لەئەوقاف جیاببنەوە. بۆچی؟**

– **خەیـــری بوزانی:** ئێمە لەگەڵ لیژنـــەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پەرلەمانی کوردســـتان کۆبووینەوە، لـــەوێ داوامکـــرد یـــان بەڕێوبەرایەتـــی ئێـــزدی و مەسیحییەکان بودجەیەکی باشیان پێبدرێت بۆ ئەوەی بتوانن کاروبـــاری خۆیان بەڕێوەبـــەرن، یان ئەوەتا ئەو بەڕێوبەرایەتییانە بکرێنە دەســـتەو بخرێنەسەر ئەنجومەنی وەزیران.

**وارڤین: مەسەلەکە تەنیا بودجەیە؟**

– **خەیری بوزانی:** مەســـەلەکە بودجەو ســـەڵاحیاتە، ئەگەر بودجەت نەبوو سەڵاحیەتیشت نابێت.

**وارڤین: ئەو داواکارییە پەیوەندی نەبوو بەسیاسەتی وەزیرەوە؟**

– **خەیری بوزانی:** نا. زیاتر بودجە بوو، ئێمە راستەوخۆ پەیوەندیدارین بەپەیڕەوانی ئایینێکەوەو هەموو پێکهاتە ئاینییەکانی دیکە. ئێســـتا لەسەر ئەنتەرنێت رەخنە لەوەدەگرن کە بۆ بەڕێوبەرایەتی ئێزدییەکان کارا نییە، ئەمە کار دەکاتەسەر سیاسەتی حکوومەت و هەندێک لایەن شت بڵاودەکەنەوە و دەڵێن بەڕێوبەرایەتییەکان کارتۆنییە. دەمەوێ وەک دەستەیەکی سەربەخۆ بین و بەکارکـــردن وەڵامی ئەو کەســـانە بدەمەوە. ئێمە لەکۆتایـــی ٢٠٠٨وە داوای هـــەر پرۆژەیەک دەکەین بۆمان ناکرێت و دەڵێن ئێوە بودجەتان نییە.

**وارڤیـــن: ئایـــا وەزارەت داواکاری و پـــڕۆژەی ئێوە رەتدەکاتەوە یان سەرەوەی وەزارەت؟**

– **خەیری بوزانی:** لەبەرئـــەوەی لەرێگەی وەزارەتەوە داواکاری ئاراســـتەی حکوومـــەت دەکەین بۆیە ئێمە دەیخەینە ئەستۆی وەزارەت.

**وارڤین: کەواتە ئەو بودجەیەی وەزارەت لەبەردەستیەتی بەشـــێوەیەکی دادپەروەرانە پشـــکی ئێـــوەی تێدا نادرێت؟**

– **خەیـــری بوزانی:** دەیانتوانی هەر لەرۆژی یەکەمەوە بودجەیەکی باشمان بدەنێ و دەیانتوانی لەو پڕۆژانەی بۆ وەزارەت تەرخانکراون پشکمان بدەنێ.

**وارڤین: مەگەر ئێوە بەشێک نین لەو وەزارەتە؟**

– **خەیـــری بوزانی:** هەر لەبەر ئەوەیە ئێمە ئەو داوایە دەکەین کە جیاببینەوە.

**وارڤین: ئەمەش بەشـــێکە لەو سیاسەتانەی وەزیری ئێستا؟**

– **خەیری بوزانی:** مرۆڤ راســـتی بڵێت پێش وەزیری ئێســـتاش هەر وابوو. هەموو شتێک نەکەینە خەتای ئەم. من ئۆپۆزســـیۆن نیم و بەشێکم لەحکوومەت و ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت چاوپۆشـــی لەهەندێک شت بکەین، ئێستاش بەراشـــکاوی قسەت لەگەڵ دەکەم، لەگەڵ هەندێک..

**وارڤین: لەگەڵ هەندێک حەزەر..**

– **خەیـــری بوزانـــی:** نا حـــەزەر نا لەگـــەڵ هەندێک دیپلۆماسیەت.



www.netewe.com

# پەرلەمانتارێک: کابینەی شەش خەریکە

## بۆچی کاری بەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی دژ بەژنان سنووردار کران؟

**وارڤین - تایبەت:**

**ڕانەگەیاندنی ئاماری شەش مانگی دووەمی ساڵی ٢٠١٠ و سەندنەوەی دەسەڵاتی سکاڵا تۆمارکردنی ژن لەبنکەو بەڕێوەبەرایەتییەکانی ژنان لەهەرێمی کوردستاندا چی بەدوای خۆیدا دێنێت؟ ئایا نەخشەڕێی ژنان لەقۆناغی ئێستادا بەرەوپێشەوە چووە؟ ئەگەری حەشاردانی کەیسی ژن لەهەرێم هەیە؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە لەو ڕیپۆرتەدا لەسەر زاری وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجوومەنی دادوەری و چالاکوانانی ژنان و پەرلەمانتارانەوە دراوەتەوە.**

### ژنان ناچار بە بنکەکانی پۆلیس کرانەوە

لەژێرگوشاری چالاکوانانی ژنان و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لەژنان، لەکابینەی ٥ی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕیوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان دامەزران.

هۆکارێکی دامەزراندنی ئەو بەڕێوەبەڕایەتیانە ئەوکات بۆ ئەوە گەڕێندرایەوە کە لەڕووی نێودەوڵەتییەوە ئامارەکان بارودۆخی هەرێمیان وا پیشاندەدا کە ژمارەیەکی زۆری ژنان دەکوژرێن و سووتاون و توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت. کەچی شوێنێک نەبوو ژن هانای بۆ بەرێت. بەبۆچوونی چالاکوانانی ژن دامەزراندنی ئەوکاتی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دانانی نەخشەڕێیەکی چارسەری بوو بۆ بەرگرتن لەتوندوتیژی دژ بەژنان و ڕاگەیاندنی شوێنێک بۆ ژنان کە بووە هۆی ئەوەی دەنگدانەوەیەکی گەورەبەخۆیەوە بینێت کە ئەگەر توندوتیژی بەرامبەر بەژن بکرێت ئەوە شوێنێک بۆ ژنان هەیە سکاڵای لێ تۆماربکات.

لەقۆناغی دامەزراندنیەوە ژنان لەو بەڕێوەبەرایەتییەو بنکەکانی سکاڵایان دەکردو لێکۆڵینەوە لەبارەی کێشەکانیان دەکراو دواتر کەیسەکە ڕادەستی بنکەکانی پۆلیس دەکرا، بەڵام بەپێی زانیاری سەرچاوەیەکی باڵا لەوەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وارڤین لەمانگی ڕابردووەوە



حاکم عەبدولباست فەرهادی، گوتەبێژی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری — فۆتۆ: وارڤین

دەسەڵاتی تۆمارکردنی سکاڵاو لێکۆڵینەوە لە کەیسەکان بەبڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆ لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان سەندراوەتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی وارڤین هۆکارەکە بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە کە ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری ناوخۆ کۆبوونەوەیەکی ئەنجامداوەو پێشنیاری ئەوەیان کردووە سکاڵا لەبنکەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە تۆمارنەکرێت، چونکە کاتێ ئەوان لێکۆڵینەوەیان کردووە لەهەندێ کەیس ناوەڕۆکی ڕووداوەکە جیاوازی بووەو ئەمەش وەک دەستتێوەردان لەکاروباری دادگادا لێکدراوەتەوە.

لەوبارەیەوە گوتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان عەبدولباست فەرهادی نایشارێتەوە، ئەوان کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ وەزیری ناوخۆ ئەنجامداوەو دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەیان لەبەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی ژنان وەرگرتووەتەوە.

فەرهادی، دەڵێ ئەو بڕیارە بۆ ئەوەبوو وەک چۆن جێبەجێکردنی بڕیارەکانی هەر کەیسێکی ژنان دەبێ لەپۆلیس و دادگاوە بڕیاری لەبارەوە بدرێت، بۆیە پێویستی نەدەکرد لەوێ لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت، بۆیە بڕیاردرا کە لێکۆڵینەوە لەکەیسەکان لەو بەڕێوەبەرایەتییە نەکرێت. «دوای دەرچوونی بڕیار لەپۆلیسەوە سکاڵاکان دەدرێتەوە دادگا، ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە ئەگەر تێبینییان لەسەر هەبوو دەتوانن بەدواداچوون بۆ بڕیارەکان بکەن و ڕاپۆرتێک لەسەر بڕیارەکە پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ یان دادگا، داواکاری گشتی و ئەنجومەنی دادوەری بکەن».

لەبارەی ئەو پرسیارەی دەگوترێت زۆر لەژنان بەهۆی دابونەریتەوە لەبنکەکانی پۆلیس سکاڵا تۆمارناکەن، فەرهادی دەڵێ، لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە، لێکۆڵەری دادی ئافرەت لەبنکەکانی پۆلیس دانراوەو ئەو داوایانەی لەلایەن ژنان دەچێتە بنکەکانی پۆلیس لەڕێگەی ئەو ژنانەوە دەبینرێ و لێکۆڵینەوەی لێدەکرێت. «هەروەها بڕیارمانداوە ژمارەی لێکۆڵەری دادی ژنان



www.netewe.com

# کۆتایی بە نەخشەڕێی پرسی ژن دێنێت

لەبنکەکانی پۆلیس زیاتر بکرێن».

بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان کوردە عومەر، بۆ وارڤین پشتڕاستی کردەوە کە دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەیان بەپێی بڕیاری دادوەر لێسەندراوەتەوە کوردە گوتی کە پێشتر لەبەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بەژنان دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەیان لە کەیسەکە هەبوو و دواتر کەیسەکەیان رادەستی بنکەی پۆلیس دەکرد، بەڵام ئێستا ئەو دەسەڵاتەیان نەماوەو تەنیا دەسەڵاتی بەدواداچوونیان هەیە.

مامۆستای زانکۆی سلێمانی بێخاڵ ئەبوبەکر، رێگرتن لەژنێک کە بەپێی دابونەریتەوە نەتوانێ لەپۆلیس سکاڵا تۆمار بکات و نەشتوانێت لەبنکەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی سکاڵا تۆمار بکات بەجێگەی مەترسی دەزانێ و دەڵێ «بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان، ئەو ئامانجانە بهێنێتەدی کە لەپێناویدا دروستبووە، پێویستە دەسەڵاتی تەواوی هەبێ بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانی، نەک دەسەڵاتی کەمبکرێتەوەو ئەو هەنگاوە کاریگەری نەرێنی بۆ سەر ژنان هەیەو جێگەی لێپرسینەوەیە».

هەروەها پەیام ئەحمەد ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەلیژنەی ژنان بۆ وارڤین دەڵێ «ژنان ناتوانن سکاڵا لەبنکەکانی پۆلیس تۆمار بکەن، بەڵام دەتوانن روو لەبەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بەژنان بکەن و لەوێ سکاڵا بکەن، ئەو بەڕێوەبەرایەتییە بۆ ئەوە دامەزرا تا بەو رێگەیەوە یارمەتی ژنان بدات، سەندنەوەی ئەو دەسەڵاتە جێگەی پرسیارەو ئیدارەی کابینەی شەش لێی بەرپرسیارە».

هاوکات چالاکوانی ژن و جێگری سەرۆکی رێکخراوی ئامێز گێلاس ئەحمەد، لەسلێمانی بەوارڤینی راگەیاند «پەراوێزخستنی ژن جێگەی قبوڵکردن نییە، ژنی واهەیە ناتوانێ لەپۆلیس سکاڵا تۆماربکات، پێویستە ژنان هەڵوێست دژی ئەم بڕیارە وەربگرن، تاچیتر ژنان پەراوێزنەخرێن».



کوردە عومەر، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی — فۆتۆ: رەفیق شوکری

## بۆچی ئامارەکان رانەگەیەندراون؟

هاوکات رانەگەیاندنی ئاماری مانگی (٦-١٢)ی ٢٠١٠ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی دژ بەژنان بووەتە جێگەی پرسیاری چالاکوانانی ژنان و نازانرێت رێژەی سووتان و کوشتن و توندوتیژی دژ بەژنان لەماوەی نیو ساڵی دووهەمی ٢٠١٠دا چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە. بێخال ئەبوبەکر دەڵێ «هەرچەندە هۆکاری رانەگەیاندنەکە بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە، بەڵام بەڕای ئێمە چەند ئەگەرێک هەیە لەوانەیە ئامارەکانیان تەواو نەکردبێت، یان پەیوەندی بەو راپۆرتانەوە بێت کە لەلایەن رێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانەوە بڵاوکرانەوەو تێیدا باس لەرێژەیەکی بەرزی تیرۆرو توندوتیژی دژ بەژنان لەهەرێم کراوە». لەوبارەیەوە کوردە عومەر دەڵێ «٨٠٪ی ئامارەکان تەواوکراوەو

www.netewe.com




لەماوەی داهاتوودا رایدەگەیەنرێت. دواخستنی پەیوەندییەکی بەئامارە جیهانییەکانەوە هەیە بۆ وەڵامدانەوەیەکی سەلماندنی ئەو ئامارانەی بەنادروست ژمارەیان بڵاوکردووەتەوە، ئێمە راپۆرتێکمان بەئامارەوە لەسەر جەم پارێزگاکانی هەرێم ئامادەکردووەو کاری بۆ کراوەو لەماوەی داهاتوو رادەگەیەنرێت».

## نەخشەرێی پرسی ژن بەرەو دواوەدەچێت؟

نەبوونی ژن لەناوەندەباڵاکانی بریاری هەرێم و نەبوونی وەزارەتێکی ژنان و سەندنەوەی دەسەڵاتی سکاڵاکردنی ژن لەبەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان، لەروانگەی چالاکوانانی ژنانەوە پەراوێزخستنی ژنە لەقۆناغی ئێستای هەرێمی کوردستاندا.

پەرلەمانتار پەیام ئەحمەد دەڵێ، کابینە بەنیازە ئەنجومەنی خانمان دابمەزرێنێ، بەڵام ئەگەر بەڕێوەبەرایەتییەکان لەسەر حیسابی ئەنجومەنی خانمانەوە لاواز بکرێن کە دەسەڵاتی ئەو ئەنجومەنە وەک دەستکەوتێک بەهێز بکرێ، ئەمە هەڵەیە. ئەو دەڵێ «دامەزراندنی ئەنجومەنی خانمان دوای نەمانی وەزارەتی ژنان بوو کە بەوشێوەیە قەرەبووی ژن بکرێتەوە، ژنێک لەگەرمیان دەگاتە بنکەی بەڕێوەبەرایەتییەکان هانای بۆبەرێت، بەڵام ئەنجومەن چۆن چۆنی دەگاتە هاواری ژنێک لەگەرمیانەوە؟ پرسی ژن لەکابینەی شەشدا بەرەو پاشەکشە دەچێت و لەسەرجەم بوارەکانداو ئەو کابینە شکستی بەپێشکەوتنی ژن هێناوە. پێشتر ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە هەبوون ئێستا لەو کابینەیەداهەستدەکرێت لاواز دەکرێن. ئەو کابینەیە نیەتی بۆ هێنانەپێشەوەی ژن تائێستا دیارنییەو پرسی ژن پاشەکشەی کردووە». هەروەها ئەو دەڵێ «نەخشەرێی ژن لەکابینەی ٥ بۆ هێنانەژوورەوەی ژن لەبریارو ناوەندی دەسەڵاتدا وا خەریکە لەکابینەی شەشەدا کۆتایی پێدێت و ژن بەتەواوی بێبەش دەکرێت».

مامۆستای زانکۆی سلێمانی بێخاڵ ئەبوبەکر، دەڵێ هەرچەندە ژنان بەشدارییان هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران بەوەزیرێکی تاقانەو لەبەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنانیش هەن، بەڵام نزمی ئاستی بەشداری ئافرەت و لابردنی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان لەبری کاراکردن و گۆڕینی بۆ وەزارەتێکی چالاک، ژنانی تووشی نائومێدی کردووە.

## «کەیسەکان حەشار دەدرێن»

شاردنەوەی ئەو دۆسیانەی کە ستەم لەژن کراوە یان بەپێی پێویست بەدواداچوونی بۆ ناکرێت، لەروانگەی چالاکوانانی ژنەوە جێگەی پرسیارەو پێویستە بێدەنگی لێ نەکرێت. لەوبارەیەوە بێخاڵ ئەبوبەکر، دەڵێ بەرای ئێمە پێویستە مامەڵەی واقیعی لەگەڵ زانیارییەکاندا بکرێت، نەپەردەپۆش بکرێن و نەزێدەڕۆییان پێوەبکرێت بۆ هێنانەدی بەرژەوندییە لاوەکییەکان. پێویستە هەرسێ دەسەڵاتەکانی دادوەری، یاسادانان، جێبەجێکردن، ئاوڕی جیدی لەبواری لێکۆڵینەوە لەتاوانەکان بدەنەوەو بەدواداچوونی پێویست بۆ دۆزینەوەی تاوانکاران و گەیاندنیان بەسزای رەوای خۆیان بکرێت لەجیاتی شاردنەوەی تاوان.

پەیام ئەحمەد، دەڵێ لەقۆناغی ئێستادا کەیسی ژن هەیە شاردراوەتەوە یان پەنجە لەسەر کێشەکەی دانەنراوەو ئەمەش ئیدارەی ئەو کابینەیە لێی بەرپرسیارە، چونکە شاردنەوەی ژمارەی کوشتن و سووتانی ژن، لەلایەن دەسەڵاتەوە بەردەپۆشکراوەو ئەمەش جێگەی مەترسییە. گێلاس محەممەد دەڵێ، لەرێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگای مەدەنی و گۆڤارەکانی هەرێمەوە دەبیستین هەندێ لەکەیسەکانی ژنان دەشاردرێتەوەو ئەمەش دۆخێکی مەترسیدار بۆ ژن دروستدەکات و پێویستە پێداچوونەوە بۆ ئەوە بکرێت کە بۆچی کەیسەکان حەشار دەدرێن.

## کەسانی پسپۆرو بێلایەن دابنرێن

لەبارەی ئەو لێدوانانەی دەگوترێت کەسانی پسپۆر لەبەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی ژنان کەمەو ئەمە کاریگەری لەئەدای ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەکات؟ مامۆستا بێخاڵ دەڵێ، هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان بەدوورنین لەبوونی کەسانی پسپۆڕ و بەتایبەت لەبواری یاساییدا، بەڵام بەگوتەی بەڕێوەبەرەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، زیاتر پێویستیان بەکەسانی پسپۆڕی بوارە جیاوازەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی هەیە «نەک بوونی ژمارەیەکی گونجاو لەپسپۆران پێویستە، بەڵکو پێویستە سەرجەم کارمەندانی ئەو دەزگایانە، چەند تایبەتمەندییەکی گرنگیان هەبێت لەوانە: هۆشیاری تەواو لەبارەی کێشەکانی کۆمەڵگا بەگشتی و ژنان بەتایبەتی، خەمخۆری و دڵسۆزی لەکاردا. بوونی هۆشیارییەکی پێویستی یاسایی و رۆشنبیری ناتوندوتیژی و چەندین تایبەتمەندی دیکە، تابتوانن ئەرکەکانی سەرشانیان بەباشترین شێوە رابەڕێنن».

**تەنیا کوردی**

www.netewe.com

# ژنانی گەرمیان گلەیی لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەکەن

**وارڤین – گەرمیان:**

وەک زۆرێک لەتوێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان کەسووکاری ئەنفالکراوەکانی دەڤەری گەرمیان بەتایبەت، ژنان لەو خزمەتانەی حکوومەت دەیکات، خۆیان بەپشتگوێخراو دەزانن. هاوکات لەپاڵ حکوومەتدا گلەیی و گازەندەی خۆیان ئاراستەی ئەو ژنانەی لەئەنجومەنی پارێزگاکانن و پۆست و بەرپرسیارێتییانە هەیە دەکەن.

ئەنفال پرۆسەیەکی کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان بوو کە لەلایەنی سوپای پێشووی رژێمی بەعسی عێراقەوە لەدەیەی هەشتایەکانی سەدەی رابردوو بەهەشت قۆناغ ئەنجامدرا و لەمیانەیدا بەهەزاران هاووڵاتی بێسەروشوێنکران و لەبیابانە لماوییەکانی عێراقدا زیندەبەچاڵ کران.

ئاسکە علی حمە ئەمین، تەمەنی نزیکەی ٦٠ ساڵە، ئەو کەسووکارەکەی ئەنفالکراوە، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی بەرپرسە پیاو و ژنەکانی هەرێم دەناسێ و سەردانی کردوون، بەڵام ئەو گلەیی لەژنانی ئەنجومەنی پارێزگا کردو گوتی «هیچکامیان سەردانی نەکردووین، لەیەک دوانێک زیاتریان ناناسین».

ئەو گوتیشی «ئەوەی بەهەوڵ و کۆششی خۆمان نەکرابێت، بەئەندازەیەک خزمەتنەکراوین، شایانی باس بێت، ئەو ژنانەی ئەنجومەن هیچ پرۆژەیەکیان بۆ ژنانی پاشماوەی ئەنفال نەبووە».

ئاسکە، دەڵێ «کەس ئیشی بۆ ئێمە نەکردووە، حەزناکەم کەس بەسەر ئێمەوە خۆی دەوڵەمەند بکات».

ئامینە ساڵح، تەمەن ٣٠ ساڵ یەکێکی دیکەیە لەو ژنانەی کە تەمەنی هەشت ساڵ بووە بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتووە، ئێستا پاش سی ساڵ تەمەن یادگارە تاڵەکانی منداڵی و بەندیخانە و ئەنفالکردنی لە زەیندا ماوەتەوە، بەبڕوای ئەو رەونگە خزمەتکردن، هەندێک لەگوشارە دەروونییەکانیان کەمبکاتەوە. بەڵام ئامینە کە ئێستا کارگوزارە لەکارگەیەکی بەرگدووری لەشارەدێی رزگاری دەڵێ «جگە لەو کارگەیە هیچ شتێک بۆ کەسووکاری ئەنفالکراوەکان نەکراوە».

ئامینە کە سەرەتای تەمەنی لەناو تەلی درکینی سەربازگەی بەعسدا دەستپێکردووە، لەگەڵ ئەوەی ئاماژە بۆ ئەو راستییە دەکات کە خانوو بۆ کەسووکاری ئەنفالکراوەکان کراوە، بەڵام بەلای ئەوەوە ئەوەندە بەس نییە، بۆ رازیکردنی کەسووکاری ئەنفالکراوەکان.

ئەو کە زیاتر لە شەش مانگ زیندان بووە، دوو خوشکی لەزینداندا ژیانیان لەدەستداوە، دەڵێ «زیندانیانی سیاسی ئەگەر ماوەیەکی کەمیش بێت مووچەی زیندانیان بۆ براوەتەوە، کەچی ئەوانەی لەهەڵمەتی ئەنفالدا زیندانیکراون مووچەیان نییە».

ئامینە ساڵح، نیگەرانە لەوەی هەموو ساڵێک فۆرمێکیان پێ پردەکەنەوە، هیچ شتێکیش حاسڵ ناکەن. «هەموو ساڵێک فۆرمێکمان پێ پردەکەنەوە تۆ چەند سوود لەو فۆرمانە ببینیت ئێمەش ئەوەندە سوودی لێ دەبینین».

ئەو داواکارە هەموو ژنانی کەسووکاری ئەنفال وەک زیندانی سیاسی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و هەمان ماف و ئیمتیازی زیندانیانی سیاسییان پێبدرێت بەوپێیەی ئەوانیش لەسەربازگەکانی رژێمی بەعسدا زیندانیکراون و ئازارو ئەشکەنجەدراون.

هاورێ پێشڕەو ساڵح، بەرپرسی کۆمەڵەی داکۆکیکردن لەکەسووکاری ئەنفالکراوەکان دەڵێ، تائێستا بەرەسمی هیچ شتێک نەکراوە بەناوی ئەو ژنانەوە بێت، بۆ خزمەتی کەسووکاری ئەنفال بێت. ئەو سەرسوڕمانی خۆی لەوە نیشاندا کە پرۆژەیەک، خزمەتێک بۆ کەسووکاری ئەنفالکراوان کرابێت و ئەو نەزانێت.

ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بەگوێرەی یاسای ٧١ی بریمەر (دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان) لەساڵی ٢٠٠٥ دا هەڵبژێردران، ئەوکاتیش دەبوو ریزبەندی ئەندامانی ئەنجومەن دوای دوو پیاو ژنێک بێت، بەوپێیە زیاتر لە ١٣ ژن بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هەڵبژێردراون.

شەهلا فەیزوڵڵا، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بەرپرسی لیژنەی کاتی ئەنفال، بە گوتەی خۆی ئەندامانی سنووری گەرمیان وایانکردووە، هەموو ئەندامانی ئەنجومەن بەئاگابن لەکێشە و گرفتەکانی دەڤەری گەرمیان.

ئەو دەڵێ «لیژنەکەمان هەوڵی زۆری داوەو توانیویەتی چارەسەری کێشەی دارایی و یاسایی کەسووکاری ئەنفالکراوەکان بکات». پێشبینی ئەوەشدەکات لەداهاتوودا شتی زیاتر و باشتریان بۆ بکرێت.

شارەدێی رزگاری، کە زۆرینەی کەسووکاری ئەنفالکراوی تێیدا نیشتەجێن، لەساڵی یەکەمی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی عێراق کە تەرخانکراوە بۆ پارێزگای سلێمانی، تەنیا یەک ملیارو حەوت سەد ملیۆنی بەرکەوتووە. بەڵام ئەو ئەندامە ژنەی ئەنجومەن دەڵێ، دوو ملیار لەپشکی خۆی زیاتریان بۆ خەرجکردووە، چونکە ناوچەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەو دەڵێ کە ئەوان لایەنی جێبەجێکار نین، بەڵام هەموو ئەو گرفت و پێداویستییانەی ناوچەکەیان خستووەتە بەردەست لایەنی پەیوەندیدار، تەنانەت لەگەڵ پرۆژەکانیاندا بەداتا ناو و ژمارەی هەموو ئەو ژنانەی هاوسەرییان لەدەستداوە داویانەتە وەزارەت کە چارەسەری کێشەکانیان بۆ بکەن و هەلی کاریان بۆ بدۆزنەوە.

لەبارەی پێشکەشکردنی پرۆژەکانیان بۆ خزمەتی ژنانی کەسووکاری ئەنفال شەهلا، ئەوەی روونکردەوە، ئەوان بەهاوکاری یەکە ئیدارییەکانی ناوچەکە پرۆژە گەڵاڵە دەکەن، سەیری ئەوە دەکەن بزانن کام پرۆژە زیاتر پێویستە»ئەو پرۆژانەی یەکە ئیدارییەکان هێناویانە ئێمە ئەوانەمان پێشکەشکردووە، بۆ ئەنجومەن».

شەهلا، ئەنجامدانی هەر پرۆژەیەک لەجۆری: کردنەوەی سەنتەرێکی رۆشنبیری، کارگەیەکی دوورین، رستن و چنین، خەڵوەتگەی پیران، سەنتەرێک بۆ کێشە دەروونییەکان، رەخساندنی هەلی کار، بەباش دەزانێت، بەڵام لەبەر کەمی بودجەی ناوچەکەیان، بەشی ئەو پرۆژە و پێداویستیانەیان ناکات.»راستە ئەوانە خزمەتن بەژنان، بەڵام ژنانی کەسووکاری ئەنفالکراوەکان پێویستی زیاتریان بەپرۆژەی خزمەتگوزاری هەیە».

**محەممەد عەلی**



www.netewe.com

# لەنجە لەتاو چی ئاگری هەڵبژارد؟

## «مێردەکەی دووجار هانیداوە خۆی بسووتێنێت»

وارڤین — تایبەت: ژنێکی تەمەن ١٨ ساڵ دوای دووساڵ لەشووکردنی و خستنەوەی منداڵێک، بەئامادەبوونی مێردەکەی ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات و دوای گواستنەوەشی بۆ نەخۆشخانە لەوتەیەکدا، کە بەمۆبایل تۆمارکراوەو لەبەردەستی وارڤینە ئۆباڵی خۆسووتاندنەکەی دەخاتەئەستۆی «مامەڵەی خراپی خەسوو و هاوسەرەکەی».

ڕۆژی ٢٢ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ لەماڵەکەی خۆیاندا لەگەڕەکی شۆڕشی هەولێر لەنجە ڕەمزی هەمزە کە بە١٦ ساڵی بەمێرد دراوە، دوای تێپەڕینی نزیکەی ٢ ساڵ بەسەر ژیانی هاوسەریدا بەبەرچاوی مێردەکەیەوە نەوتی بەخۆیدا کردو خۆی سووتاندو دواتر گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانەی ئێمێرجنسی هەولێر و دوای ١٠ ڕۆژ لەسووتانی ژیانی لەدەستدا.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی پزیشکی نەخۆشخانە لەنجە ڕەمزی، بەڕێژەی ٩٥٪ سووتاوەو سووتانەکەی پلە ٣ بووە.

پێش ئەوەی لەنجە، ماڵئاوایی لەژیان بکات، قسەی بۆ براو کەسووکاری خۆی کردووەو یەکێک لەبراکانی بەمۆبایل وێنەی ڤیدیۆی گرتووەو لەچەند خولەکێکدا لەنجە، پوختەیەک لەبارەی «نەهامەتییەکانی» ژیانی هاوسەری خۆی دەگێڕێتەوە.

بەگوێرەی ئەو ڤیدیۆیەی تایبەت بەردەستی وارڤین کەوتووە لەنجە، کە لەسەر قەرەوێڵەیەکی نەخۆشخانە بەسووتاوی قسەدەکات و ئۆباڵی خۆسووتاندنەکەی دەخاتە ئەستۆی «مامەڵەی خراپی خەسوو و هاوسەرەکەی».

### لەنجەی پێش ماڵئاوایی چی گوت؟

لەنجە، لەبارەی ڕووداوەکەوە قسەدەکات و سەرەتا باسی شەوی پێش کارەساتی خۆسووتاندنەکەی دەگێڕێتەوە «ئەو ڕۆژە بەتەنێ لەماڵێ بووم سەعات ٩ ڕۆیشت، دیتم (ر.ر.ج) سەعات ١٠ هاتەوە، دیتم لەکۆڵانێوە جوون دەدات. هاتەسەرێ گوتی ئەو ماڵەی تێکنێ، هەرئێستا، ئێ گوتم چ بووە، یەک شەقی لەبن گوێمدا، گوتی کوو دەبێ ئەتو لەقسەی من دەرچی، ئەمنیش وەڵا چوومە ئەولای دەگریام، تەلەفزیۆنی لەسەر سەرم ڕاگرتبوو، بەسەرم داتەوە، وەڵا ئەمنیش، ڕۆیشتم، یەک چەقۆی لەکانتۆریدا، ئێستاش جێی چەقۆکەماوە. وەڵا چوومەخوارێ نەوێرا بێتە خوارێ، لەخوارێ نووستم لەگەڵ دایکی و ئەوان، (خ. ە) دایکی سبەینێ، گوتی هەڵسە لەنجە نانی لۆ حازر بکە، ئەمنیش گوتم ئەدی تووڕە نییە، گوتی ئەوجا چییە، هەستە نانی لۆ حازر بکە، ئەمنیش هێلکەم لەڕۆنی دەکرد، هێلکەکی لەپشتەوە لەسەرم دا، ڕوونی هێنا پێمداکا گوتم نەکەی، ڕۆنەکەی لەعاردی ڕووکرد، گوتی ئەوە بەکەڵک نایێت. چەقۆی هینا دەرێ لەسەرم ڕاکا، یەک قیچی مابوو لەسەرم ڕاکا، ئەو هابوو.. هەراتم چوومە ماڵی جیرانەکەمان کە لەماڵیان بووم، هەموو حاڵ و حسابم لۆیان گێڕایەوە، گۆتیان قەینا مەچۆ، هەتا موشکیلەکە حەل دەبی، بەباب و برات مەڵێ بائیشەکە گەورەتر نەبیت، کێ دەڵێ ئێستە داکت نایەت.. هاتەوە شێتبوو، گوتی تەلەفۆنی داخە، تەلەفۆنی خۆم داخستە، هاتەوە هەندی لەمن دا هەندی لەمن دا، .. لەگەڵ بابم ئەوها بەبێ ئیحترامی قسەی کرد، ڕاست چووم لەرکان نەفتم بەخۆمدا کرد، ئەو دووجار ئاگریشی لەمن بەردا، بەس ئاگر نەیگرتم، بەخۆم ئاگرم لەخۆم بەردا. دووجار ئاگری لەمن بەردا. ئێ ئێ دوای ئاگرەکە. جیران ئەمنیان کوژاندەوە (ر.ر.ج)یش خۆ.. بەس بەقەستی دەگریا».

### ژیانی لەنجە

ترس و حەزمەتی لێدان هیچکات نەیهێشتبوو ڕازەکانی خۆی بدرکێنێت، تەنانەت لەپێش ماڵئاوایشدا بەبراکەی دەڵێ « هیچ ناڵێم لێمەدەدات». براکەی لەنجە، ناوی (س.ن) و ٢٢ ساڵ، قوتابیە، ئەو دەڵێ من زۆر شت لەبارەی ژیانی خوشکەکەمەوە دەزانم. بەگوێرەی گوتەی (س.ن)، لەنجە ئەمساڵ تەمەنی دەبێتە هەژدەساڵ و دووساڵە شوویکردووە، یەک کوڕی هەیە، تەمەنی ساڵێک و ٣ تا ٤ مانگە.

ئەو گوتی «هاوسەری لەنجە، بەحساب خزمی بابمە، داکی بابمی دەناسی، جارجار دەهاتە ماڵمان، زۆر تێکەڵنەبووین، لەنجە تەلەبە بوو، نازانم نەشەش بوو نە یەک بوو».

بەگوێرەی قسەکانی (س.ن) سەرەتا باوکی لەنجە ڕازینەبووە کچەکەی بەمێرد بدات «زۆر هاتنە داخوازی، ئەوەندەی بابم گوتی نایدەم، وازیان نەدەهینا، بەهەموو نوعەک کوڕەکە ڕازیبوو، کوڕەکە قەسابە، لەنجەیان ڕازیکرد، مێردی پێکرد، لەهەولێر لەگەڵ ماڵی خەسووی بوو».

هاوسەری لەنجە ناوی (ر.ر.ج)لەدایکبووی ١٩٩١و پیشەی قەسابەو پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەواو کردووە، ئەو ئێستا لەگرتووخانەی مەحەتەی هەولێر دەستبەسەرەو چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکات.

(ر.ر.ج) دەڵێ «من بەخۆشەویستی ژیانی هاوسەریم پێکهێناوەو سێ ساڵ بوو لەنجەم خۆشدەویست، سێجار چوومە داوای نەیاندەدا ئاخیری ڕازیبوون کە بمدەنێ، دوو ساڵە ژیانی هاوسەریمان پێکهێناوە».

(س.ن) دەڵێ، لەنجە پێمیگوت»ئەمن ژیانم لەگەڵ ئەو کوڕەی زۆر ناخۆشبوو، زۆر شت هەبووە نەمگێڕایەتەوە». بەڵام (ر.ر.ج) ئەوە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێ «ژیانمان خۆشبووە».

### لەنجە و ژیانی هاوسەرێتی

لەماوەی ژیانی هاوسەرێتییەکەیدا لەنجە، دووجار زیز بووەو بەگوێرەی قسەی برایەکەی جارێک ٣ مانگ و جارێک پێنج مانگ چووەتەوە ماڵی باوکی و بەڵام هاوسەرەکەی (ر.ر.ج) دەڵێ «جارێک چوار مانگ و جارێک هەشت مانگ لێم زیزبووە».

(س.ن) گوتی «پێش ماوەیەک زیزبوو، هاتبووە ماڵی مە ٥ مانگ زیزبوو، دووهەم جاریبوو، پێش ئەوەش ٣ مانگ زیزبووە». لەجاری یەکەمدا دوای چەندینجار داواکردنەوە باوکی لەنجە ڕازیبووە، کچەکەی بنێرێتەوە بۆ ماڵی مێردی.

(س.ن) ئەوەشی باسکرد، کە لەجاری دووەمدا، (ر.ر.ج) بەلەنجەی گوتووە، بڵێ نایەمەوە

www.netewe.com

ئەمنیش دەڵێم لەنجە زیزبووە و نایەتەوە داوای ماڵی جودا دەکات.

گوتی «لەماڵی مە بووە موشکیلە، لەسەر ئەو قسەیە (ر.ر.ج) پەشیمان بووەوە، لەنجە دەیگوت (ر.ر.ج) وەیگوتووە، ئەویش دەیگوت ئەمن وامنەگوتووە، ئێمەش گۆتمان نادەینەوە، لەسەر ئەوەی هەموو رۆژەک دەهاتە پێش دەرکەی و لەدەرکەی دەداو برادەری لەگەڵ خۆی دەینا».

هەروەها گوتیشی «بابم گوتی نادەینەوە پارێزەری لۆگرت، زۆر هەوڵیدا عەشیرەتی وان زۆر هەوڵیاندا و ئەم دەهات و ئەو دەرۆیی و بابم هەر گوتی نایدەمەوە، گۆتیان خانی لۆدەکەین و ئەمە لەگەڵی باش دەبین و کورەکە منداڵو ئەمەش گوتمان باش دەیدەینەوە گۆتمانە پارێزەرەکەی ئیشەکە راگرە، دامانەوە لەکن مەکتەبی شەیمای لەشۆرش خانووەکی مخەرەبەتی لۆگرت، لەوێ مۆبایلی نەبوو گۆتمان دەبێ مۆبایلی لۆ بکرێ، چونکە لەوەتی مێردی پێکردبوو مۆبایلی نەبوو».

(ر.ر.ج) بەپێچەوانەی قسەکانی لەنجەوە (س.ن) دواو گوتی «سەرەتا زۆر بەخۆشی دەژیاین دوای ماڵی خەزوورم کورەکەمیان چوار مانگ حجز کرد لێم، حەفتەک بوو کورەکەمان بوو راست بردیانە لای خۆیان و بابی گۆتی بابێتەوە لای من و ئەمنیش گۆتم مانعەتم نییەو بەزیزبوون نەبوو. دوای هێنامەوە سێ چوار مانگ لەلام بوو، دوای زیز ببووەوە نزیکەی هەشت مانگ بوو چووەوە ماڵی بابی، ئەو ماوەیە نەکوری خۆم دیت و نەهاوسەری خۆم».

بەگوێرەی قسەی (ر.ر.ج) ماڵی بابی لەنجە داوایانکردووە، (ر.ر.ج) ماڵی بۆ جیابکاتەوەو لەلای دایکی نەبێ «دەیانگوت دەبێ ماڵی خۆت هەبێ، ئەمنیش گوتم من فەقیرم نیمە ئەگینا منیش حەز دەکەم ماڵی خۆم هەبێ، قەسابیم دەکردو لەسەعات ٦ و٧ەوە دەچوومە ئیش و هیچ کێشەم لەگەڵ ماڵی خەزوورم نەبوو. دوای کێشەی زیزبوونەکە خانووم بۆ گرت لە شۆرش و کەسم لەگەڵ نەبوو و ماڵی خۆم بەتەنیا بوو».

### «پێنج رۆژ منداڵەکەی خۆی نەبینیبوو»

دوای ئەوەی لەنجە، دەچێتەوە ماڵی خۆی و خانووی بۆ جیادەکرێتەوە هاوسەرەکەی نایهێنێتەوە بۆ ماڵی باوکی و سەرەنگی برای گوتی «لەوەتی چووبووەوە مانگ و نیویک دوومانگ دەبێ نەیهێنابووەوە. لەنجە ئەو رۆژی خۆی سووتاند، گۆتی ئەوە پێنج رۆژە کورەکەی خۆشم نەدیتیە، خەسووی منداڵەکەی لێسەندبوو، ئەویش نەیوێرابوو قسەبکات».



سەبارەت بەشاردنەوەی منداڵەکەیان لەلایەن دایکییەوە (ر.ر.ج) رەتیکردەوە، شتی وابووبێت و گوتی «نەخێر ئەوەش وەنییەو بەخۆی دەیگۆت تەلەفۆن لۆ بابت یان لۆ برات بکە با کورەکە ببەن چونکە لای ئێمە نەدەحەوایەوە».

### «خۆت بسووتێنە ئەگەر راست دەکەیت»

(س.ن) لەبارەی دوارۆژی ژیانی لەنجەی خوشکی لەماڵ هاوسەرەکەی گوتی «مۆبایلیان تازە لۆکرێبوو، ئەو چشتە هەیە کارت دەنێری زینەی خوشکم گۆتبووی کارتێ لۆدەنێرم هەر محاوەلەی کردبوو، خۆی فێر بکات، مێردیشی تەلەفۆنی کردبوو، ئینتزار بوو بوو، تازەش رەوانی کردبووە ئیشێ، گۆتبووی، تەلەفۆن دابخە، سیمکارتی لێشکاندبوو، تێری لێدایە، تەلەفۆنی لۆ بابم کردییە، خوشکم لەخەمان چووە نەفتی بەخۆیدا کردییە، گۆتیتی خۆم دەسووتێنم».

ئەو لەخوشکەکەیەوە بیستوویەتی کە هاوسەرەکەی دووجار چەرخی لێدایەو لەوبارەیەوە گوتی «بەخۆی باسی — واتە لەنجە – کرد، گۆتی کورەکە دووجار چەرخی لەمندا بمسووتێنی، دووجار چەرخی لێدایە، ئاگری نەگرتییە، گۆتیتی بەخۆت خۆت بسووتێنە، ئەگەر راستدەکەی، ئەویش راست چەرخی لێدایە بەدەستی خۆی ئاگری گرتییە، گۆتی لەدیارم راوەستابوو، نەیدەکوژاندمەوە پێدەکەنی. گۆتی، هەراتمە کۆڵانێ جیران ئەمنیان کوژاندەوە، گۆتی کە دیتی وەزعەکە زۆر خراپ بوو، بەقەستی لەبەر جیرانان گریا، ئەوجا ئەمنیان سواری سەیارەی کرد، ئەمنیان هینا خەستەخانە».

(س.ن) زانیاری زیاتر لەبارەی ژیانی ئەو خوشکە بچووکەیەوە دەگێرێتەوە کە دووساڵ ژیانێک زەحمەتی هەبووە بەگوێرەی گوتەی خۆی. سەرەنگ گوتی «لۆخوشکمی گێرابووەوە، گوتبووی خالیدەی داکی (ر.ر.ج) زۆر لەگەڵم خراپ بوو، هەموو رۆژەک لێیدەدام، گۆتی رۆژەک لێم توورە بوو، حەفتەک ئەمنی لەژووری کرد، و نانیشی نەدەدامێ، رۆژەکی دەرکەم کردەوە، چوومە ماڵی جیرانەکەمان و ئەوان نانییان دامێ»، بەڵام هاوسەری لەنجە ئەوە رەتدەکاتەوەو «تەنانەت دایکم ماڵی منیشی نەدیتییەو لەنجە لەگەڵ دایکم هیچ کێشەی نەبووەو دایکم زۆر باش بووە و شتەکی لۆ خوشکم کڕیبا لۆ ئەویشی دەکڕی».

(س.ن) گوتیشی «کە سووتابوو لەنجە ئەوەڵ رۆژی دەیگوت خەسووم و مێردم، لەسەر مردن بوو دەترسا نەیدەوێرا قسە بکات».

### هاوسەری لەنجە چۆن رۆژی رووداوەکە دەگێڕێتەوە؟

سەبارەت بەکارەساتی لەدەستدانی هاوسەرەکەی (ر.ر.ج) دەڵێ «خوا هینای شووکرم، ئێمە یەکمان لەسەر دەستی یەکدی دانابوو، کەسمان سەبەب نەبووین و ئەو شتە خوا هینای. ئەو دەیویست ئەمن بترسێنی و دواییش خوا ئەوهای هینا، ناشزانم درۆ بکەم و بڵێم خەتای ئەوە بووە

www.metrowe.com



یان ئەو نەبووە».

(ر.ر.ج) لەگرتووخانەی مەحەتەدا لەگەڵ زیندانییەکانی دیکە بەئازارەوە دەستی بەگێڕانەوەی رووداوەکان کردو لەژوورێکی تایبەتی زینداندا بلوزێکی شینی لەبەردابوو، کاتێک ویستی باسی ئەو رۆژە بکات، دەیویست پاساوی ئەوە بهێنێتەوە کە بۆچی ریشی نەهێشتووەتەوە وەک نیشانەیەک بۆ تازیەداری و گوتی «لێرە ناهێڵن ردێنی بەردەمەوە لۆیە ردێنم تاشییە». ئەو بەپێچەوانەی قسەکانی لەنجەو (س.ن) برایەوە باسی رۆژی رووداوەکەی کردو گوتی «سەعات حەفتی سبەینێ بوو، چووە ئیشێ لەرێی لەبیرمچوو پێیبڵێم چتدەوێ چت لۆ بینمەوە لۆیە تەلەفۆنم لۆکرد، ئینتیزار بوو، جاری یەکەم هەڵینەگرت و جاری دووهەم هەڵیگرت، گوتم ئەوە لەگەڵ کێ قسەدەکەی، گوتی ئەوە لەگەڵ کوڕەک تیلیکۆمە گوتم تا دێمەوە قەپاتکەو چت ناوێ گوتی نا. نیوەڕوانێ هاتمەوە. کورە پلکی حەیوانم بۆ دەکرێ گوتی ئێوارە وەرە لۆم بکوژەوە. نیوەڕوانێ یەکچارەکی دەویست لۆ کات یەک گوتم هەستە خۆت بگۆڕە دەتبەمە ماڵی بابت و تەقریبەن ٣ مانگ نەمبردبووەوە لەبەر ماڵ گواستنەوەو ئەویش گوتی نایەم گوتم ئێوارە لەگەڵ خۆم دەتهێنمەوە، وایدەزانی بەزیزبوون دەیبەمەوە، گوتم هیچ نییە بەخوای. ئەو شتەش هەر لەبیر بکە».

گوتیشی «چووە حەمام نەفتی بەخۆیدا کرد، گوێم لەدەنگی دەبەی نەفتی بوو، چووم هێنامە ژوورێ. ئەمن و برایەکەم و ئەو بووین، دەرکەمان لەسەر خۆمان کلیلدا گوتم نەوەک غارداتە دەرێ و شتەکی بکات، چەرخیشم لەکن برایەکەم دانا. دوای پێش ئەوەی خۆی بسووتێنی تەلەفۆنم بۆ بابی کرد، گوتم وەرە فریامانکەوە حاڵ و مەسەلەکی ئەوهایە بابی گوتی نا ناماقوڵی کردییە، ناشزانم چەرخەکی لەکێ پەیدا کرد، راست ئاگری لەخۆی بەرداو بەتانیم پێدادا و ئیدی ئەمن سەدمەم لۆچابوو».

ئەو پرسیاریشی کرد «ئایا کەس خێزانی خۆی دەسوێنی لەبەر شتەکی ئەوها.. ئەمن دەڵێم بریا ئەمن بام نەک ئەو».

(ر.ر.ج) حاشا لەوە دەکات چەقۆی بۆ وەشاندبێت و دایکی لەوێ بووبێت و لەوبارەیەوە گوتی « ئەمن چەقوی قەسابیم نەدەبردەوە لەناو سەیارەی دامدەناو سبەینان دەچوومە ماڵی بابم سەیارەم دەبردە ئیشێ و ئەمن ماڵم بەتەنێیەو داکم لەوێ نەبوو. شتی وانەبووە، ماڵم بەتەنێیەو خانیم یەک ژوورەو بەو قورئانەی ئەو شتە وانییەو ئەو قسەیە وانییەو ئەمن ناڵێم لەگەڵ فلان کەسی قسەی کردییە ئەمن خۆم لەخوای ناکەم.. بەڵێ کە هاتمەوە سیمکارتەکەم شکاند، ئەمن بەفکری خۆم گوتم قلەکی دیکەی لۆدەکرم و قلەکیشم هەبوو، گوتم ئەوی دەدەمێ و ئەوکاتە عەسەبی بووم».

(ر.ر.ج) هەموو شتەکانی رەتدەکردەوەو دەشیگوت «بەهیچ شێوەیەک نەچووەتە ماڵی جیرانان و ئەگەر چووبیت ئەوە خۆم بەخەتابار دەزانم، بەڵام ئێمە هیچ کێشەیەکمان نەبووە. ئەگەر دڵپیسیشبام خانیم لۆجیا نەدەکردەوە».

هەروەها گوتی «دوای ئەوەی لەنجە نەفتی بەخۆیدا کردبوو، ئەوجا تەلەفۆنم لۆ بابی کرد. بابیشی شاهێدەو ئەمن هیچم نەوتووەو بابیشی گوتی ناماقوڵی کردییە. بەخوای لێمنەدایەو دەستم بەقورئاندا دەدەم دەڵێم لێمنەدایە».

سەبارەت بە پەیوەندی نێوانیان و چۆنیەتی بەرپکردنی کاتەکانی رۆژانەیان (ر.ر.ج) باسی لەوە کرد کەماوەیەکی زۆرە بەهۆی سەرقاڵییەوە نەیتوانیوە بیباتە دەرەوەو گوتی «مەجالی ئەوەم نەبووە لەبەر ئیش بیبەمە دەرێ و پیاسەی پێ بکەم، بەڵام بردوومەتە دهۆک و ئامێدی بۆ گەشت و بەزۆری گوڵم بەدیاری بۆ دەهێنایەوە موفاجەئەم بۆ دروستدەکردو زۆر حەزی لە مۆبایلی دەستی خۆم بوو، منیش دڵم نەشکاندو گوتم ها پیرۆزت بێ و لەلای تۆ بێت وابزانە لای منە».

(ر.ر.ج) دەیگوت جوانترین دیاری لەنجە، کە لای من مابێ «دەفتەری شیعرەکانیەتی، کە لۆ من و منداڵەکەمی نووسیوەو ئەمن دەچوومە ئیشێ لەناو دەفتەرەکە بۆمنی دەنووسی و کە ئەمنیش دەهاتمەوە بۆ ئەوم دەنووسی و کە دەچوومە بازاڕ کتابی شیعرم لۆدەیناوە».

## دوای کارەساتەکە

(س.ن) باسی لەوەکرد کە دوای ئەوەی لەنجەی خوشکی گواستراوەتەوە نەخۆشخانە دایکی (ر.ر.ج)، چووەتەسەر ماڵیان و گوتی «ئەو رۆژەی سووتابوو هاتبووینە خەستەخانە چووبوو لەداکم بدات بەمستان، بابم لایبردبوو، سەد جوونی دەدا بەراستی لێم قبوول نەدەکرد، هەرخۆمان کرکرد و گوتمان کورەکە گیراوەو داکیشی گیرا هەر رۆژەک بەکەفالەت بەربوو».

بەڵام (ر.ر.ج) ئەوەی رەتکردەوە، هەرچەندە ئەوەشی نەشاردەوە کەلەبەردەم نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی قسەی کردووە «دایکم نەچووەتە ماڵیان و لەبەردەم خەستەخانە گوتیە بابی و داکی ئەنگۆ بوونە سەبەبی ئەوەی ئەو کچە وای لێ بێ و ئەنگۆ ماڵتان لێتێکدا».

(ر.ر.ج) کاتێک باسی خۆشەویستی خۆی و لەنجەی کرد، دەستی بەگریان کردو گوتی «زۆر شەوان دێتە خەونم و دەڵێم زۆرم خۆشدەوێی».

## خوێندنەوەیەک بۆ دۆسیەی لەنجە

توێژەری کۆمەڵایەتی نەرمین نەجمەدین دەڵێ «ئەگەر بەوردی لەژیانی ئەو ژنە بڕوانین رەنگە هۆکاری سەرەکی ئەو کێشەیە ئەوە بێ ئەو لەتەمەنێکی زوودا بە ١٦ساڵی بەشووردراوەو یان بەزۆری رازیکراوە شووبکات بەو کوڕەو هەرلەسەرەتاوە ئەو کچە بەژینگەی ئەو ماڵە رانەهاتووەو رادەی دانبەخۆداگرتنی مرۆڤیش سنووردارەو ئەو ژنە گەیشتووەتە رادەیەک کە چیدی نەیتوانیوە ئارام بگرێت و ویستوویەتی خۆی لەو ژیانە ناهەموارە رزگاربکات».

ئەو گوتیشی «ئەو دوو کەسە هیچکامیان نەگەیشتوونەتە تەمەنی پێگەیشتن هاوسەرییان کردووە لەو تەمەنەشدا ناتوانرێ بریاری دروستبدرێت».

نەرمین، باسی لەوەش کرد کە خەسووی لەنجە رەنگە رۆڵی لەو پرسەدا هەبووبێ و گوتی «بەشێوەیەکی گشتی خەسوو هەرچەندە باش بێت، بەڵام تارادەیەک هەر ئیرەیی تێدایە بەرامبەر بە بووک، چونکە واهەستدەکات ئەو بووکە کوڕەکەی لێسەندووە».

هەروەها گوتی «بەتێگەیشتنی خۆم ئەو کوڕە لەژێردەستی دایکی بووەو دایکی زاڵ بووە بەسەریداو کچەکەش خۆی بەبێ پشتیوان بینیوەتەوە، بۆیە گەیشتووەتە ئەو حاڵەتەی نەوت بەخۆیدا بکات و خۆی بسووتێنێت».

www.netewe.com

## لەسەرۆکایەتی هەرێم گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە

# «بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان دوو ناونیشانی هەیە»




**وارڤین – تایبەت:**
سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەکاتی واژۆکردن لەسەر یاسایەکی پەرلەمانی کوردستان گۆڕانکاری بەسەر دەستەواژەیەکی یاساییدا دەهێنێ و شارەزایانی بواری یاساییش لەوبڕوایەدان دەبێ سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان روونکردنەوە لەوبارەیەوە دەربکەن و جەختیش لەسەرئەوە دەکەنەوە کە سەرۆکایەتی هەرێم نابێ، دەستکاری یاسا بکات و ئەگەر تێبینییەکیشی هەبێ ئاراستەی پەرلەمانی بکاتەوە. هەندێکیش لەوبڕوایەدان پرسەکە تەنیا هەڵەی چاپ یان راستکردنەوەی هەڵەیەکی چاپ بووە.

### یاسای وەزارەتی ناوخۆ

رۆژی ١٨ی ئایاری ٢٠٠٩ دا پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ژمارە ١٤یدا یاسای ژمارە٦ی تایبەت بەیاسای وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی پەسند کرد.

لەباسی پێکهاتەکانی وەزارەتدا لەبڕگەی یازدەهەمیدا ناوی بەڕێوبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەت هاتووە، بەڵام هەمان ئەو یاسایە کاتێک ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کراوە دەستەواژەی «بەرەنگاربوونەوە» گۆڕاوە بۆ دەستەواژەی «بەدواداچوون» و بەوشێوەیە لەرۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە. چالاکوانێکی بواری مافەکانی ژنان و چاودێری کاروباری پەرلەمان رایگەیاند، پێشنیازی وەزیری ناوخۆ ئەوە بووە کە بەڕێوبەرایەتییەکە بەناوی بەدواداچوون بێت نەک بەرەنگاربوونەوەو لەسەر ئەو پێشنیازە گفتوگۆیەکی زۆر کراو و رای جیاوازی زۆر لەسەر بابەتەکە هەبوو».

ئەو کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت گوتی «کاتێک هاتەسەر پرسی دەنگدان سەرۆکی ئەوکاتەی پەرلەمانی کوردستان عەدنان موفتی بەبێ ویست لەبری دەستەواژەی بەدواداچوون دەستەواژەی بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێناو ئەندامانی پەرلەمانیش بەهۆی ماندووبوونیان بەگفتوگۆکانەوە بەسەریاندا تێپەڕی و دەنگ لەسەر دەستەواژەی بەرەنگاربوونەوە درا

نەک بەدواداچوون».

گوتیشی کە دوای دانیشـــتنەکە جارێکی دیکە سـەیری تۆمـاری دانیشـتنەکە کراوەتـەوەو بەوشێوەیە ڕۆیشتووە کە بەرەنگاربوونەوەیە». دوای ئەوەی یاســاکە بەوجـۆرە لەپەرلەمانی کوردستان دەنگی لەسەر دراوە بەهەمانشێوەیش ڕەوانەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کراوە.

## «پێویستە ڕوونکردنەوە بدرێت»

بەبـڕوای نەریمان عەبدوڵـلای پەرلەمانتار ئەو پرسـە «هەڵەیەکی چاپییە»، بەڵام ئەو باسی لەوەشـکرد کە ئەوکاتە چـوار بەرێوبەرایەتی هەبوونەو خەڵکی تایبەتمەندو پسپۆرو نوێنەری ئەو بەرێوبەرایەتییانە پرسیان پێنەکراوە، بۆیە ئەو هەڵەیە تێپەریوە. نەریمان عەبدوڵلا، داکۆکی لەوەشکرد کە دەستەواژەی بەدواداچوون باشترەو ڕاسترە لەدەستەواژەی بەرەنگاربوونەوە.

هەر سـەبارەت بەگۆڕانـکاری لەدەسـتەواژە یاساییەکان سەرۆکی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان شـێروان حەیدەری، گوتی «ئەگەر دەستکاری شتێک کرابێ پێویستە سەرۆکایەتی هەرێـم بە بەیاننامەیەک ئەوە ڕوونبکاتەوە، یان سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕوونکردنەوە لەوبارەیەوە دەربکات».

سەرۆکی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان گوتیشی «سـەرۆکایەتی هەرێم ئەگەر تێبینی هەبێ لەسەر بڕگەیەک یان هەر دەستەواژەیەک یان هەڵەیەکی چاپی دەبێت یاساکە بگەڕێنێتەوە بـۆ پەرلەمانـی کوردسـتان و جارێکی دیکە لەپەرلەمان تێپەرێت».

ڕوونیشکردەوە «ئەگەر هەڵەی چاپیش هەبێت پێویسـتە سـەرۆکایەتی هەرێم سـەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگادار بکاتەوە».

نەریمان عەبدوڵلا، لەوبڕوایەدابوو سەرۆکایەتی هەرێم وردتر بووە لەسـەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەوان ڕاسـتتر بوونە چونکە لەئەسـڵدا ناوی بەرێوبەرایەتییەکان بەوشێوەیە کە لەسەرۆکایەتی هەرێم ڕاستکراوەتەوە».

## یەک یاسا و دوو ناونیشان

چالاکڤانەکەی بواری ژنـان ڕەخنە لەوە دەگرێ کە تائێسـتا پەرلەمانتـاران و سـەرۆکایەتی پەرلەمان لەئاسـت ئـەو هەڵەیـە بێدەنگن و گوتـی «ناکرێت یاسـایەک بەدوو نـاو لەدوو شـوێنی ڕەسـمی بڵاوبکرێتەوەو ئەو یاسـایە لەرۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بەدەستەواژەی بەدواداچـوون بڵاوکراوەتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کـە تائێسـتا لەسـایتی ڕەسـمی پەرلەمانی کوردسـتان بەدەسـتەواژەی بەرەنگاربوونەوە بڵاوکراوەتەوە».

هاوکات ئـەوەش دەڵێ کـە دەگونجێت تەنیا «هەڵەیەکی چاپ» بێت و بەسەر سەرۆکایەتی هەرێـم و پەرلەماندا تێپـەڕ بوبێت و دەبوایە لەمـاوەی ١٥ ڕۆژ لەدوای چوونی یاسـاکە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم ئەگەر هەر دەستکارییەکیشی بـۆ یاسـاکە بەپێویسـت زانیبا ئاراسـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی بکردبایەوەو گوتیشی «نامەوێ بڵێم سەرۆکایەتی بەمەبەست دەستکاری وشەکەی کردووە».

## بەرەنگاربوونەوەو بەدواداچوون

وەک دوو دەستەواژەی زمانی کوردی، هەریەکەیان چەمـک و مانای تایبەتییـان هەیەو بەگوێرەی گوتەی شارەزایانی یاسا پێویستە دەستەواژەکان لەبۆتەی یاسـادا وەک خۆیان بەکاربهێندرێن و بەشێوازێک بن کەروون و مەبەست دیارکراوبن.

لەزمانی کوردیدا دەستەواژەی بەرەنگاربوونەوە بەهێزتـرە لەدەسـتەواژەی بەدواداچـوون و مەبەسـت لەبەدواداچوون تەنیـا چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی ڕەوشـەکەو ئاگادارکردنەوەی لایەنەکانـە بۆ ئەوەی ڕێوشـوێنی پێویسـت لەبـارەی کێشـەکانەوە بگرێتەبـەر. هەرچی بەرەنگاربوونەوەیـە ئـەو دەسـەڵاتە دەداتە بەرێوبەرایەتییـەکان کە خۆیـان وەک لایەنی جێبەجێکار ڕێوشوێنی پێویسـت بگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتەکان.

نەریمان عەبدوڵلا گوتی «ئەگەر بەرێوبەرایەتی بەدواداچوون خۆی ڕێوشـوێنی یاسایی ئەنجام نادات و بنبڕی دیاردەی توندوتیژی ناکات، بەڵکو لەگـەڵ لایەنەکانی دیکەی وەک پۆلیس و دادگا بەدواداچوون بۆ کەیسەکانی توندوتیژی دەکات، بەڵام هەرچی دەسـتەواژەی بەرەنگاربوونەوەیە ئـەوە مانـای بنبڕکـردن و موکافەحەکردنی توندوتیژییە».

هەروەهـا گوتـی «بەرێوبەرایەتییەکـە ئەگەر بەدواداچوون بێت ئەوا ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بەرێکخراوەکانی ژنـان و کۆمەڵگای مەدەنی و وەزارەتەکانی ئەوقاف و ڕۆشنبیری و پەروەردەو زانکۆ و دامـەزراوە پەیوەندیدارەکانی دیکەوەو ئەرکی تەنیا بەدواداچوونە».

چارەسەر

بەگوێرەی بۆچوونی شـارەزایانی بواری یاسـا پێویستە ئەو هەڵە یاساییە چارەسەر بکرێت و ناکـرێ لەهەرێمی کوردسـتاندا یاسـایەک لەپەرلەمانی کوردسـتان دەنگـی بۆ درابێت و لەسـەرۆکایەتی هەرێم گۆڕانکاری بەسـەردا بهێنرێت ئەگەر چـی گۆڕانکارییەکەش هەڵەی چاپ و ڕاستکردنەوەی هەڵەی چاپ بێت.

بەبڕوای شـێروان حەیدەری، سـەرۆکی لیژنەی یاسـایی پەرلەمانـی کوردسـتان پێویسـتە سـەرۆکایەتی پەرلەمـان چونکە ئـەو ئەرکی بەراووردکردنەوەی دەقی یاسـاکانی لەئەستۆیە ئەو هەڵەیە ڕاستبکاتەوەو پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم ڕوونکردنەوە لەبارەی ئەو پرسە بخاتەڕوو و یاساکە بێتەوە پەرلەمان و دەستکاری بکرێتەوەو بەشێوەی دروستی خۆی تێپەڕێ و وەک ئەوەی لەپەرلەمان دەنگی لەسەر دراوەو لەسەرۆکایەتی هەرێم پەسندکراوە بڵاو بکرێتەوە.

## ناونیشان دەسەڵاتیان دیاریدەکات؟

هەندێـک چالاکوانی بـواری مافەکانـی ژنان لەوبڕوایـەدان گۆڕانکاری بەسـەر ناونیشـانی ئـەو بەرێوبەرایەتییـەدا کاری کردووەتەسـەر چالاکییەکانی ئـەو بەرێوبەرایەتییە، بەوپێیەی ئەگـەر بەرێوبەرایەتـی بەرەنگاربوونەوە بوایە دەسەڵاتی لێکۆڵینەوەی دەبوو و ڕۆڵی پۆلیسی دەبینی، بەڵام لەبەرئەوەی بەدواداچوونە ناتوانێ ئەو ڕۆڵـە بگێڕێـت، بـەڵام ڕای پێچەوانەش هەبوو.

لەوبارەیەوە چاودێرێکی بواری ژنان بە وارڤینی ڕاگەیاند کە بەرێوبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی بەگوێرەی ئەو یاسایە کار دەکەن کە لەرۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە چونکە ئەو یاسـایەی لەوەقائیع بڵاودەکرێتەوە کاری پێدەکرێت.

ئـەو گوتیشـی «کاتی خـۆی ڕەشنووسـی پرۆژەیاساکە کە چووەتە پەرلەمان هەر بەناوی بەدواداچوون بووەو لەدامەزراندنیشـیانەوە ئەو بەرێوبەرایەتییانە لەمانگی حوزەیرانی ٢٠٠٧ەوە هەر کاریان بەدواداچوون بووە».

ڕوونیشیکردەوە، ئەستەمە ئەو پرسە کاریگەری کردبێتەسەر کاری ئەو بەرێوبەرایەتییانە چونکە ئەوان هەر لەسەرەتاوە بەناونیشانی بەدواداچوون دامەزراون و لەئێستاشدا کاربەو یاسایە دەکەن کە لەرۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بڵاوکراوەتەوەو هەمـوو کارەکانیشـیان خـۆی لەچوارچێوەی بەدواداچوون دەبینێتەوە.

www.netewe.com

# شیرین و فەرهادەکانی تەکنۆلۆژیا پەشیمانن



تەکنەلۆژیا هەست و سۆزی راستەقینە ناگوازێتەوە

**وارڤین – سلێمانی:**

**ئامرازەکانی گەیاندن یەکێکە لەڕێگاکانی یەکترناسین و دروستکردنی پەیوەندی سۆزداری کچان و کوران، بەشێکیش لەو کەسانەی کە لەم رێگەیەوە پەیوەندییان دروستکردووە پەشیمانن.**

هاوینی رابردوو بۆ شێواز کەریم ١٩ساڵ ناخۆشترین کاتەکانی ژیانی بوو، ئەو پاش ٥مانگ پەیوەندی لەگەڵ کوڕێکی هاوتەمەنیدا لەژوورەکانی چاتکردن بووە خۆشەویستی، ئێستاش پەشیمانە، شێواز گوتی «دواجار کە قسەمان کرد مانگی رابردوو بوو و بریاری جیابوونەوەماندا، چونکە ئەو تابلێی کەسێکی دڵپیسبوو و زۆر مندااڵنەش بیریدەکردەوە منیش تەحەمولیم نەدەکرد».

ئەو کچە گەنجە بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە گوتی «زۆر هەڵەبووم تەنیا بەنووسین لەروومێکی چاتی کوردی ئەو کوڕەم ناسی و بێئەوەی ببینم هۆگری بووم».

شێواز دەڵێ «ماڵەوە پێیانزانیم و لێمتووڕەبوون و وتیان چۆن لەخۆتەوە پەیوەندی لەگەڵ کەسێک دەبەستیت کە نایناسیت؟ هەمووو هاوڕێکانم پێیانزانیم و بەچاوێکی خراپ سەیریان دەکردم».

ژێرنووسی هەندێک لەتەلەفزیۆنەکان بووەتە لانەی یەکترناسین و دڵداری کەسانێک کە هەرگیز یەکیان نەبینیوە.

هەتاوی ٢٦ ساڵیش کە کچی ماڵەوەیە، باس لەوەدەکات کە لەرێگەی ژێرنووسی یەکێک لە تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکانەوە پەیوەندی خۆشەویستی بەستووە. ئەو گوتی «تا ماوەیەک قسەم لەگەڵ کوڕەکە کرد و دوایی بینیم و پەیوەندیمان دانا». گوتیشی «دەوامم نەبوو و نەشمدەتوانی زۆر بچمە دەرەوەو بۆ رزگاربوون لە تەنیایی وامکرد و نەمزانی خراپترم لێبەسەر دێت».

هەتاو، گوتیشی «نەدەمناسی نەبینیبووم، ئێستا پێمسەیرە چۆن باوەڕم پێکرد، یەکدنیا درۆی کرد، گوتی مامۆستام کەچی بێکاربوو و هەموو شتێکی بەهەڵە پێگوتم و ناونیشانیشم نەدەزانی. دوای ٤ مانگ بەبێ خواحافیزی بەجێیهێشتم و نەمزانی چیلێهات، بەڵام ئێستاش خۆشمدەوێت».

هەتاو، باسی لەوەشکرد کە ئێستا گۆشەگیرەو متمانەی بەهیچ کوڕێک نەماوەو بەردەوام چاوەڕێیە رۆژێک ئەو کوڕە بگەڕێتەوە بۆلای.

بەشێک لەکوران و کچان لەرێگەی بلوتوسی مۆبایلەکانیانەوە لەکافتریا گشتییەکان و پەیمانگەو زانکۆکاندا ژمارەی مۆبایلەکانیان بڵاودەکەنەوەو وەک خۆیان دەڵێن ئەوە یەکێکە لەرێگە ئاسانەکان بۆ ناسینی یەکتری و دروستکردنی پەیوەندی خۆشەویستی.

هیوا رۆستەم، ١٨ ساڵ یەکێکە لەو کورانەی کە بلوتوسی مۆبایلەکەی بەکچێکی پەیمانگاکەی ناساندووەو دواتر کارگەیشتووەتە ئەوەی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ببەستێت، ئەو گوتی «ناوی بلوتوسەکەی ناوی کچ بوو، ئیدی وێنەی زۆرم بۆ نارد دواتر نامەم بۆ نارد لەرێگەی بلوتوسەوە یەکترمان ناسی، یەکترمان بینی و پەیوەندی خۆشەویستیمان بەست».

ئەو کوڕە گەنجە گوتیشی «ئێستا جیابووینەتەوە. لەرێگەیەکی خراپ ئەوم ناسی و نەمتوانی بەباشی بیناسم و کەوتمە خۆشەویستییەوە دواتر زانیم کچەکە کەسێکی خراپە».

«هەتا ماوم بە ئەنتەرنێت و مۆبایل پەیوەندی خۆشەویستی نابەستم». ئەمە گوتەی رۆزای ٢١ ساڵە، کە کوردێکی دانیشتووی وڵاتێکی ئەورووپایە، رۆزا، باسی لەوەکرد لەیەکێک لەژوورە کوردییەکانی سایتی پاڵتاک کوڕێکی ناسیوەو پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ بەستووە، ئەوگوتی «کوڕەکە چیویست لەگەڵم کردی، پێشیگوتم کە دێتەداوام و زوو باوەڕم پێکرد».

ئەو کچەش وەک گەنجەکانی پێش خۆی ئێستا جیابووەتەوە لە خۆشەویستەکەی و گوتی «هەر شەرمان بوو، چونکە منی لە نێتەوە ناسیبوو، سیقەی پێمنەبوو، دوای وتی کە پێی رابواردووم و جیابووینەوە».

ئەو کچە گوتیشی «ئەو پەیوەندییە ئێستاش کاریگەری لەسەرم ماوەو ئازارم دەدات، وەفاکەی ئەوەندەبوو. وێنەکانمی بڵاوکردەوە لەئەنتەرنێت بەقسەی ناشیرینەوە». ئااڵ ئەبوبەکر، توێژەری دەروونی باسی لەو پەیوەندییانە کرد کە لەرێگای ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیاوە دەبەسترێن، ئەو گوتی «بەشێکی زۆری ئەوپەیوەندییانە هەڵوەشاونەتەوە، چونکە رەنگە بەپەلەو بێ بیرکردنەوەو تەنانەت بێهەبوونی هەستی راستەقینەی خۆشەویستی دروستبووبن». ئەو گوتیشی «زۆرجار گەنجان بۆ رزگاربوون لەتەنیایی و پڕکردنەوەی بۆشایی ژیانیان پەنا بۆ ئەمجۆرە پەیوەندییانە دەبەن و کاتێک خۆیان دەبیننەوە تووشی هەڵەبوون». ئەو توێژەرە گوتیشی «رەنگە تەکنۆلۆژیا رێگەیەکی باش بێت بۆ بەردەوامی پێدانی پەیوەندییەکان، بەڵام بەکارهێنانی بۆ بنیاتنانی پەیوەندی قورسەو بەگشتی ئەنجامەکانی خراپ دەکەونەوە». ئااڵ، باسی لەوەشکرد کە رەنگە هەندێک پەیوەندی لەمجۆرە سەرکەوتووبووبن و بەردەوامیان هەبێت، بەڵام ژمارەیان کەمەو لەپەنجەی دەست تێپەڕ ناکات.



هەژان خالید



www.netewe.com

# هاجەر
# بە سێ گوللەی شووبراکەی کوژرا

**وارڤین – زاخۆ:**

**ژنێکی خاوەن چوار منداڵ بەناوی هاجەر (٣٥) ساڵ لەلایەن شووبراکەیەوە سێ گوللەی لێدەدرێت و دەستبەجێ گیان لەدەستدەدات.**

شووبراکەی بەناوی (ل) تەمەن ٢٥-٣٠ ساڵانەو بەگوتەی پۆلیسی زاخۆ بەسێ گوللەی کلاشینکۆف براژنەکەی کوشتووە. پۆلیسی زاخۆ دەڵێ: «کاتێک هاجەر کوژراوە مێردەکەی لەماڵەوە بووە».

لەوبارەیەوە (ن) دراوسێی هاجەر کە لەڕووداوەکە ئاگادارە بە وارڤینی راگەیاند کە هاجەر هیچ کێشەیەکی نەبووەو لەکاتێکدا خەریکی کاری ماڵەوە بووە لەلایەن شووبرایەکی بەناوی (ل) کوژراوە.

بەپێی لێدوانێکی بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای زاخۆ بۆ وارڤین تائێستا هیچ زانیارییەکی ورد لەبارەی هۆکاری کوشتنی هاجەر لەلایەن شووبراکەیەوە نەزانراوە. ئەو گوتی: «رۆژی ٢٠١١/٢/٦ لەکاتژمێر (٣:١٥) لەسنووری بنکەی کارێزوە ئاگادار کراینەوە کە لە گەڕەکی تلکەبەر ئەو ژنە لەناوماڵدا و لەلایەن شووبراکەیەوە کوژراوەو بکوژیش لەشوێنی رووداوەکە خۆی رادەستی هێزە ئەمنییەکان کردووە».

مەلا عەبدولقەهار جەمیل گوتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتی باوەڕ سەر بە سنووری کارگێری قەزای زاخۆ دەڵێ، بەپێی پرەنسیپە ئاینییەکانی ئەوان کوشتنی ژن تاوانێکی گەورەیە، چونکە گیانی مرۆڤ ئەمانەتی خودای گەورەیەو بە مرۆڤ دراوە. ئەو گوتی: «بکوژی هاجەر دەبێ سزا وەربگرێت. من لەوبڕوایەدام لەپشت هەموو کارێکەوە هۆکارێک هەیە، بەڵام کوشتن چارەسەر نییەو دەبێ رادەستی یاسا بکرێت و لەدوای چارەسەری دیکە بگەڕێن».

(ج) ٢٥ ساڵ کە دراوسێی ماڵی هاجەر بووە دەڵێ کە هاجەر هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی نەبووە. «زۆر رێکوپێک بوو. ئێمە خەریکی کاروباری ناو ماڵ بووین سەرمانسووڕما کاتێک لەلایەن (ل) کوژرا».

بەرپرسی نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان لە قەزای زاخۆ نیهاد عەلی لەوبارەیەوە بەوارڤینی راگەیاند: «ئەو کێشانە لەدەڤەری ئێمە زیاتر لەنێو ژنانی تەمەن ١٦ تا ٣٥ ساڵدا روودەدات و هۆکارەکانیش جیاوازن. بەڵام کێشەی هەر گەورە لەوەدایە کە خەڵکی ئێمە عەشایەرن و بۆ چارەسەری کێشەکانیان پشت بە عەشیرەت و سوڵحی عەشایەری دەبەستن. بەهۆی زاڵبوونی ئەو هزرەوە ئافرەتان کێشەکانی خۆیان ناگەیەننە لایەنی پەیوەندیدار، لەوێش چارەسەرییەکی کورتخایەنیان بۆ دەکرێت و دواجار پاش ماوەیەک سەرهەڵدەداتەوەو کوشتن روودەدات.

چالاکڤانی بواری ژنان نازدار عارف، لەوبارەیەوە بەوارڤینی راگەیاند کەلە گوندو دەوروبەری زاخۆ بەگشتی رەوشی ژنان خراپەو لەناوشاردا هۆکاری زیاتری رووداوەکان، ئابوورییە. بەڵام ئێستا دیاردەی کوشتنی ژنان بەبەراوورد لەگەڵ ساڵانی پێشوودا کەمتر بووەتەوە».

چالاکڤانێکی دیکەی بواری ژنان کە نەیویست ناوی بهێنین وایدەبینێ کاتێک کوشتنی ژن زیاد دەبێت، مرۆڤی ساخیش تووشی بێبایەخی دەبێت و هەست بە ناخۆشی و نائەمنی دەکات. «پاراستنی گیانی هاجەر و هەموو مرۆڤەکان گەلەک گرنگەو دەبێ سنوورییەک بۆ ئەم دەستدرێژییانە دابنرێت».

**هەژار زاخولی**

# هاوسەری بۆینباخ لە ملەکانیش کێشەیان هەیە


نازدار عارف — فۆتۆ: وارڤین

وارڤین – زاخۆ:

**بەرپرسی ئەنجومەنی ئافرەتانی قەزای زاخۆ ڕایگەیاند هەندێک کێشە دێتە لایان کە مرۆڤ هەرگیز فکری بۆ ناچێت کە ئەو کێشانە ڕوولە خێزانەکەی بکات.**

نازدار عارف بریندار، بەرپرسی ئەنجومەنی ئافرەتانی قەزای زاخۆ نەیشاردەوە کێشەی هاوسەری ئەو کەسانەیش بۆینباخیش دەبەستن دەگاتە لایان. ئەو گوتی: «فۆرمی هیچ کەسێک بۆ ئێمە گرنگ نییە. گرنگ مێشکی کەسەکانە. هەندێکجار کەسانێک کە بە بۆینباخ و قات و ریباتەوە لەسەر تەلەفزیۆنەکان دەردەکەون و باس لەپاراستنی مافی ژنان دەکەن، بەڵام لەناو ماڵەکەی خۆیاندا لە ژنەکانیان کێشەیان هەیە دێتە لامان. کردار و گوتاریان زۆر جیاوازە. زۆرن ئەو کەسانە، بەڵام ئێمە ناویان نابەین».

کرداری ئەو کەسانە لەلای نازدار، جێی داخەو دەڵێ «پێویستە مرۆڤ لەخێزانی خۆیەوە دەستپێبکات، نەک بە دروشم قسە بکات».

بەقسەی ئەو بەرپرسە هەندێک کێشە دەگاتە ئەوان کە مرۆڤ هەرگیز نەیبیستووە. نازدار، باسی یەکێک لەو نموونانە بۆ وارڤین دەکات: «ژنێک داوای پارەی کڕینی بلیتی دکتۆری لەمێردەکەی کردبوو. مێردەکەی ئامادەنەبووە پارەکەی پێبدات. بۆیە پێویستە ئێمە لەسەر ئەو پرسە راوەستین. چونکە پیاو ئابووری بۆ خێزانەکەی پەیدا دەکات، دەتوانێ بەئاسانی هەموو شتێک بەسەریدا بسەپێنێت. بەرای من ئەوە هەڵسووکەوتێکی وەحشیانەیە».

نازدار عارف، رەتیکردەوە کە ئەو زانیارییانەی ئەوان لەکاتی سەردانی ژنێکدا بۆ لایان وەریدەگرن بیدەنە هیچ دەزگایەکی حزبی یان حکوومی و گوتی «ئەو زانیارییانە لای ئێمە پارێزراون و نادرێنە هیچ دەزگایەکی حزبی یان حکوومی. هەتا ئێمە ناوی ئەو ئافرەتانەی کە کێشەیان هەیە نانووسین، بەڵکو بە پیت دەینووسین و هەندێکیشیان بەهێما داخل دەکەین». ئەو هەروەها جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە ئەگەر هەکەسێک گلەیی یان رەخنەی لەچۆنیەتی پاراستنی ئەو ناوانە هەیە دەتوانێ سەردانیان بکات و ئەوان ئامادەن بەرسڤی پرسیارەکانی بدەنەوە.

نازدار، لەبارەی ئەو سووکایەتییانەوە کە کەسانێک بە رێکخراوەکانی ژنانی دەکەن و دەڵێن ئەو «رێکخراوانە کێشەی ژن چارەسەر ناکەن یان بەس بۆ پارەخواردنن و ژن بەرەڵڵا دەکەن»، گوتی: «خۆزگە ئەمڕۆ ئێمە هیچ رێکخراوێکمان بەناوی پاراستنی مافی ژنمان نەبوایەو هەموو بباینە رێکخراوی بەرگریکار لەمافەکانی مرۆڤ. بەڵام بوونی ئەو رێکخراوانە واتای ئەوە دەگەیەنن کە کێشەیەک بەناوی کێشەی ئافرەت هەیەو دەبێ چارەسەر بکرێت. باشترین وەڵام بۆ ئەو کەسانە ئەوەیە کە هەرکاتێک ژنەکانیان بچووکترین کێشەیان هەبێت خۆیان دەگەیەننە ئێمە. ئامانجی ئەو رێکخراوانە ئەوەیە کە ستەم لەدژی ژن کەم بکەنەوەو بنبڕی بکەن. ئەگەر ئەو رێکخراوانە نەبوایەن یەکەم ئەو ستەمەی کەلە هاوسەرەکانیان دەکەن و دووهەم ئەو زوڵمانەی کە ماڵی خەسوو لەبووکی دەکەن و گەلەک کێشەی دیکە ئاشکرا نەدەبوو».

نازدار، وەها درێژە بەقسەکانی دەدات: «پێشتر کۆمەڵگا وابیری دەکردەوە کە ژن تەنیا بۆ خزمەتی حەزەکانی پیاو دروستکراوەو نابێ هیچ گلەییەک بکات. بەڵام ئێستا بەهەوڵی رێکخراوەکان ئاگاداربوونەتەوەو داوای یەکسانی مافی ژن و پیاو دەکەن. ئێمە نامانەوێ ژن بەسەر هەموو خێزاندا زاڵ بێت، بەڵکو دەمانەوێت ئەویش وەک ئەوانیتر مافی یەکسانی هەبێت».

سەبارەت بەوەی کە هەندێک کێشە کاتێک دەگەیەتە لای ئەوان گەورەتر دەبێت نازدار عارف، زۆر بەروونی گوتی: «زۆرجار هەندێک لەو کێشانەی کە دێنەلامان لەقەبارەی خۆیان گەورەتر دەبن، بۆیە ئێمەیش پۆلیس و بەرێوەبەرایەتی توندوتیژی لێ ئاگادار دەکەینەوە. تا پێمانبکرێت ناهێڵین گەورەتر بێت».

نازدار، گەورەبوونەوەی ئەو کێشانە بۆ تێگەیشتنی هەڵەو دواکەوتووانەی خێزانەکان دەگەڕێنێتەوەو دەڵێ کە لەهەندێک خێزاندا نابێ کچ لەبەرچاوی باوک و براکانیدا قسە بکات و رەخنەیان لێبگرێت. بەڵام کچ ئێستا هۆشیار بووەتەوەو داوای مافی خۆی دەکات، بەڵام ئەوە زۆرجار لەلایەن باوک و برایەوە رەتدەکرێتەوەو کێشە دروستدەبێت.

بەرای نازدار، ئێستا ژنانی دەڤەری ئەوان لەبواری ماف و ئەرکیانەوە هۆشیار بوونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆری ماوە تا بەتەواوەتی ئاگاداربینەوەو وەک پێویست مومارەسەری بکەن. ئەو دەڵێ کە چوار ساڵ بەرلەئێستا کاتێک ژنێک زوڵمی لێدەکرا برا، باوک یان دایکی ئامادەنەبوونە بچنە لای ئەوان، بەڵام ئێستا رەوشەکە گۆڕاوە.

www.netewe.com

## بەرپرسی پەناگەیەک:

# دادوەرەکان لەبارەی کەیسەکانەوە پرسمان پێناکەن

وارڤین – تایبەت:

**بەهار ڕەفیق بەڕێوبەری شەڵتەری داڵدەدانی ژنان لەهەولێر دەڵێ کە شەڵتەرەکەیان جێی ژنانی لەشفرۆشی تێدا نابێتەوەو هێشتا زۆرێک لەدەرچووانی زانکۆ وەک نەخوێندەوار بیردەکەنەوە، بۆیە ناتوانن وەک توێژەر خزمەت بەژنان بکەن و هۆی سەرەکی کێشەکانیشی بۆ مۆبایل گەڕاندەوەو هەروەها گوتی بڕیاریشە شەڵتەرێکی مۆدێرن لەهەولێر دروستبکرێت.**



بەهار ڕەفیق

فۆتۆ: وارڤین

### ماڵی داڵدەدان لە خانووی کرێدا

ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو لەهەولێر، لەساڵی ٢٠٠٩وە بڕیاری دامەزراندنی درا، بەڵام لە ٢٠١٠/١٠/١٣وە دەستبەکاربووەو کەیس وەردەگرێت. ستافی ئەم شەڵتەرە سەر بەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییە، بەڵام لەژێر چاودێری وەزارەتی ناوخۆدایە.

لەهەرێم زۆر دەزگاو دامەزراوە بەناوی داکۆکیکردن لەمافی ژن دامەزراون، بەڵام زۆربەیان دەکەونە بەر ڕەخنەی هەڵسووڕاوانی ئەو بوارە، ئەو شەڵتەرە وەک بەڕێوەبەرەکەی دەڵێ «بەدەرنییە لەکەموکوڕی، بەڵام لەهەوڵی چاککردنیداین».

ڕووبەری ئەو شەڵتەرە تەنیا ١٠٠٠مەترە، جێی حەوانەوەی ١٢کەسی تێدایە، بەڵام ئێستا ٢٠ژن و ٨ منداڵی تێدا پارێزراوە. هاوکات تائێستا بینایەک بۆ ئەو شەڵتەرە نەکراوەو ئەو خانووەش کە تێیدان بەکرێ گیراوە.

### «ئەگەر بشکوژرێم نامەوێ بگەڕێمەوە ئەو شەڵتەرە»

سەبارەت بەو ڕەخنانەی کەلەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی شەڵتەرەکە دەگیرێت بەتایبەت بێزاربوونی کەیسەکان لەوێوە هەوڵی هەڵاتنیان، وێڕای ئەوەی کە دەزانن هەڕەشە لەسەر ژیانیان هەیە، بەڕێوەبەری شەڵتەرەکە ئاماژە بەبچووکی ماڵەکە دەکات «جار هەبووە بەناچاری کەیسمان وەرگرتووە».

لانە، یەکێک لەو کچانەیە، کە لەو شەڵتەرە داڵدەدراوەو هاتووەتە دەرەوە دەڵێ «ئەگەر بشکوژرێم نامەوێ بگەڕێمەوە ئەو شەڵتەرە، چونکە مامەڵەی کارمەندەکان لەگەڵمان خراپە». بەڕێوەبەری شەڵتەرەکە گوتی «لەوەتی من دەستبەکاربووم هیچ هەوڵێکی هەڵاتن نەبووە، بەڵکو بێزاری کەیسەکان پەیوەندی بەبچووکی ڕووبەری خانووەکەوە هەیە کە ناچارن شەو و ڕۆژیان لەچواردیوارێکدا بەسەرببەن».

گوتیشی «ئێمە چەند لەگەڵ کەیسەکان دانیشتن ئەنجامدەدەین، ئەوەندەش لەگەڵ ستاف. هەوڵمانداوە هەستیاری بارودۆخی کەیسەکانیان بۆ ڕونبکەینەوە، ئەگەر بشزانین فەرمانبەرێک ئارەزووی لەو کارەنییە، یان هەڵویستێکی ناشیاوی بەرامبەر بەکەیسێک کردبێت، ئەوا ئێمە بەنووسراوێک بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لامانبردووە».

### «لەشفرۆشی لێ نییە»

ئەو ژنانەی ڕوودەکەنە ئەو ماڵە، لەلایەن کەسووکاریانەوە هەڕەشەیان لێکراوە، هەندێکیشیان بەهۆی کێشەی ئاسایی و بچووک وەک شەڕکردن لەگەڵ براکانیان، هەشیانە بەهۆی لێدان و ئەنجامدانی توندوتیژی لەلایەن باوکیانەوە لەوێن، بەڵام بەهۆی بچووکی شوێنەکەوە کەیسەکان تێکەڵدەکرێن. سانا، کەیسێکی دیکەی شەڵتەرەکەیە، لەوێ ژنێکی «لەشفرۆش»ی ناسیوە. دوای دەرچوونی لەو شەڵتەرە کەسی نەبووە ڕوویتێبکات، چووەتە ماڵی ئەو ژنە «لەشفرۆشە». بەقسەی سانا، ئەو ژنە ویستوویەتی «بۆکاری لەشفرۆشی» بەکاربێنێت.

www.netwe.com

بەهار ڕەفیق لەبارەی تێکەڵکردنی کەیسەکانەوە دەڵێ «ئەوەندەی توانیومانە ویستومانە تێکەڵنەبن».

گوتیشی «لەناوشەڵتەرەکەی ئێمەدا ئافرەتی لەشفرۆش نییە، چونکە ئەوەی لەشفرۆش بێت بەگوێرەی ماددەیەکی یاسایی سزادەدرێت و دەبرێتە خانەی چاکسازی ئافرەتان».

ئەو لەبارەی لەشفرۆشییەوە گوتیشی «کەمترین ژن بەئارەزووی خۆی لەشفرۆشی دەکات، بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین ئەو ژنانەی کە بەبێویستی خۆیان خزاونەتە ئەوکارە، یارمەتییان بدەین و کاریان بۆ پەیدابکەین، دانیشتنیان لەگەڵ ئەنجامبدەین، تا واز لەو کارە بهێنن».

## تەکنۆلۆژیا بووەتە مۆتەکە

خراپبەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا بەتایبەتی مۆبایل، یەکێک لەگرفتەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردستانە. ئائێستایش مۆبایل هۆکاری دروستبوونی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی گەورە بووە. بەگوێرەی لێکۆڵینەوە لەکێشەی ئەو ژنانەی ڕوودەکەنە شەڵتەرەکان، یەکێک لەهۆکاری کێشەکانیان مۆبایلە، هەیانە بەهۆی مۆبایلەوە بووەتە دۆستی پیاوێک و وێنەو دەنگی تۆمارکراوەو هەڵخەڵەتێنراوە، هەشە بەهاتنی ژمارەی هەڵە کەوتووەتەژێر هەڕەشەی کەسووکاری. سارا، ژنێکە کە بەهۆی تۆمارکردنی وێنەو دەنگی لەلایەن پیاوێکەوە کەوتووەتە ژێر هەڕەشەی کەسووکاری و دەڵێ «سەرەتای ناسینی ئەو پیاوەش هەر لەڕێی مۆبایلەوە بوو. گرنگی زۆری پێدەدام تا متمانەم پێ پەیداکردو بەدزییەوە یەکتریمان بینی، نەمزانی کە بەمۆبایلەکەی وێنەم دەگرێت و پیشانی برادەرەکانی دەدات». بەڕێوەبەری شەڵتەرەکە ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە «دەتوانم بڵێم کێشەی هەموو ئەو کەیسانەی کە لێرەن ڕوکنێکی مۆبایلە. لەڕێی مۆبایلەوە پیاوێکیان ناسیوە، یان ژمارەی هەڵەیان بۆ هاتووە».

## تێنەگەیشتن لە شەڵتەر هەیە

تێڕوانینی خەڵک بۆ شەڵتەرەکان نەگونجاوە. ئەوەش بۆ زاڵبوونی ئەو دابوونەریتە باوە دەگەڕێتەوە کە تائێستا خێزانی کوردی نایەوێ کێشەکانی بچنە بەردەم پۆلیس و دادگا. ، ئەفسەری بنکەیەکی ئاسایشە. بێگوێدانە پێگەو پۆستەکەی زۆر بەدڵنیاییەوە گوتی «ئەگەر ژنەکەم ڕووبکاتە شەڵتەر دەیکوژم».

بەڕای ئەو «حکوومەت ژن بەکوشت دەدات». چونکە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەردەوام باسی مافی ژن دەکرێت، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی ژنان ئەو قسانە بەجدی وەربگرن و شت قبووڵنەکەن، نازانن کە لێیانقەوما کەس بەرگرییان لێناکات».

پاساوێکی دیکەی ئەو ئەفسەرە بۆ گوتەکەی ئەوەبوو کە «سیستەمی بەڕێوەبردنی شەڵتەرەکان زۆرخراپە، کەسانی ناشیاو کە هەستیان بەبەرپرسیارێتی ناکەن لەو شەڵتەرانە کاردەکەن». ماڵی خانزادی بەنموونە هێنایەوەو هاوکات ئاماژەی بەهەندێ دەنگۆکرد کەلەسەر هەندێ لەبەڕێوەبەری شەڵتەرەکان، لەماوەی ڕابردوودا بڵاوکرایەوە. بەهار ڕەفیق گوتی «بەڵێ تێڕوانینی خەڵک بۆشەڵتەرەکان باش نییە، بەڵام ئەوە پەیوەندی بەدابونەریتی باوەوە هەیە، ئێمە لەشەڵتەرەکەمان مافی سکاڵاکردنمان داوەتە هەر کەیسێک کە ڕەفتارێکی ناشیاوی بەرامبەر بکرێت». هەروەها گوتیشی «زۆر کەیسمان هەبووە توانیومانە دوای چەند دانیشتنێک لەگەڵ کەسووکاری ڕادەستی بکەینەوەو ئێستا ژیانێکی ئاسایی دەستپێکردووەتەوە».

## «زۆربەی دەرچووانی زانکۆ وەک نەخوێندەوارن»

لەو شەڵتەرە تەنیا دوو توێژەری کۆمەڵایەتی و توێژەرێکی دەروونی کاردەکەن. هاوکات توێژەرە دەروونییەکە بەڕێوەبەری شەڵتەرەکەشە. ئەوەش بەپێوەری ژمارەی کەیسەکان و سەختی کێشەکانیان کەمە. لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو کەیسانە لەژێر گوشاری دەروونی نالەباردان.

بەهار دەڵێ «سێ توێژەر بۆئەوماڵە کەمەوئێمە داوامان بۆ سەرووی خۆمان بەرزکردووەتەوە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی دەرچوانی کۆلێژیش هەمانڕای کەسانی نەخوێندەواریان لەسەر شەڵتەرەکان هەیە. هەبووە داوام لەتوێژەر کردووە کارمان لەگەڵ بکات، بەڵام قبووڵی نەکردووە، یان باوەڕی بەپرسەکە نەبووە. بۆیە ئەگەر کەسێک باوەڕی بەپرسی ژن نەبێت ناتوانێ و باشترە لای ئێمە کارنەکات».

ئاماژەشی بەوەکرد، کەلەگەڵ ڕێکخراوی هارتلاند گرێبەستیان هەیە، ئەوان بێبەرامبەر پارێزەرو توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونییان بۆدەنێرن و هاوکارییان دەکەن.

## دادوەر ڕای بەڕێوەبەری شەڵتەر وەرناگرێت

ئەگەر ئاوڕێک لە ژمارەکانی ڕابردووی وارڤین بدەین بۆماندەردەکەوێت کە چەند ژنێک دوای ڕادەستکردنەوەیان بەکەسووکاریان کوژران. هەورین لەسلێمانی و ساکار لەهەولێر، نموونەی ئەو قوربانییانەن.

بەهار، ئەوەی ڕەتکردەوە، بەبڕیاری ئەو ڕادەستکرابنەوەو گوتی «تائێستا هیچ کەیسێک کە من ڕەزامەندیم لەسەر گەڕانەوەی بۆناو کەسووکاری دابێت، نەکوژراوە. ئەو کەیسانەش بەفەرمانی دادوەرڕادەستکراونەوەو بێئاگاداری من بووە». هاوکات ڕوونیکردەوە کە «ساکار بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لای من برایەدەرەوە کە پەیوەندیم کرد، گوتیان نیوسەعاتە داومانەتەوە کەسووکاری، ئەگەر دادوەر ڕای منی وەربگرتایە نەمدەهێشت».

بەهار، بەپێویستی دەزانێ کە ئەو دادوەرانەی دەیانەوێ کەیس بدەنەوە دەست کەسووکاری ڕای ئەو وەربگرن «پێویستە ئەو دادوەرانە هیچ نەبێ داوای ڕاپۆرتێک لەمن بکەن، من ئاگاداری قووڵیی کێشەکانیانم، ئەگەر ڕاوێژ بەمن بکەن، ئەوا کەیس ناکوژرێت. هەبووە دوای بڕیاری دادوەر سێ مانگ هێشتوومەتەوە، چونکە زانیومە مەترسی لەسەر ژیانی ماوە».

## شەڵتەرێکی مۆدێرن

بەڕێوەبەری شەڵتەری ژنانی هەڕەشەلێکراو بەهار ڕەفیق باسی لەوەشکرد کە ئەوان هەوڵی باشترکردنی ڕەوتی شەڵتەرەکەدەدەن «دەهەزار مەتر زەویمان لەلایەن پارێزگارەوە بۆ تەرخانکراوە، لەماوەی ٧مانگدا بینایەکی تایبەت بەشەڵتەر بەستاندەری جیهانی دروستدەکرێت».

ئەو ئەوەی بەچارەسەرکردنی بەشێک لەکێشەی کەیسەکان زانی، چونکە زۆربەی کێشەکانیان «هەبوونی بۆشاییە کە هیچ نییە پێوەی سەرقاڵ بن. لەو بینا تازەیەدا هۆڵی وەرزش و کاری دەستی و خولی ڕاهێنان و خزمەتگوزاری دیکەی تێدا دەبێت».



www.netewe.com

# کۆچی دوایی هاوسەرەکەی دڵی

## ئەندامێکی پەرلەمان: شێتی گوڵی نێرگزم چونکە سیفەتی کوردانەی تێدایە

وارڤین - تایبەت:

**ئەندامی پەرلەمانی کوردستان تارا تەحسین ئەسعد، لەگفتوگۆیەکدا لەگەڵ وارڤین باسی چەند لایەنێکی ژیانی خۆی کرد. وەک گوتی ئەو لەمنداڵی خۆش ژیاوە، بەڵام گەنجێتی بەماندووبوون و ناخۆشی بەسەر بردووە.**



تارا تەحسین، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان — فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

تارا، ساڵی ١٩٥٩ لەهەولێر لەدایکبووە. باری دارایی خێزانەکەیان باش بووە، باوکی دادوەر بووەو دایکی مامۆستای سەرەتایی بووە، بەهۆی ئەوەی دایک و باوکی خۆشەویستییەکی زۆر لەنێوانیاندا هەبووە فێری ئەوە بوون کە رقیان لە کەس نەبێتەوە. «بەڕاستی بەهۆی دایک و باوکم و پەروەردەیان رقمان لەکەس نابێتەوە».

گوتیشی «هەمووکات حەزدەکەم قسە لەبارەی خۆشەویستییەوە بکەم». تارا، باسی لەوەکرد لەباوکی فێری لێبوردەیی بووە، هەمووکات باوکی پێگوتووە ئەگەر لێبوردنت هەبێ ئەوا گەورەیی خۆت پێشاندەدەیت. هەروەها فێریکردووە کەسێکی سادە بێت. تارا، لەدایکی فێربووە بەدوای شتەکان نەکەوێ ئەگەر هەرکێشەیەکی هەبێ ئەوەندە بیری لێنەکاتەوەو هەوڵی چارەسەری بدات، هەروەها فێری ئەوەی کردووە کە چۆن خۆی بگونجێنێت لەگەڵ کەسانی دیکەو ڕێزیان بگرێت. «دایکم فێریکردووم خۆشەویستیم بۆ هەموو کەسێک هەبێ و نەبمە هۆکاری ئازاردانی کەس». چوار خۆشک و برایەکی هەیە، بەهۆی ئەوەی منداڵی یەکەم بووە ئەرکێکی زۆری لەسەرشانبووە، هەردەم یارمەتی براو خوشکەکانی داوە. گوتی «شانازی بەوەدەکەم چاوەڕێ ناکەم بەرامبەرەکەم چیم بۆدەکات ئەوەی لەتوانمدایە بۆیدەکەم»، جگە لەوانەیش لەناو هەموو بنەماڵەکەی تایبەتمەندی خۆی هەبووە.

تارا، ١٩٦٥ چووتە قوتابخانە، لەهەولێر قۆناغی سەرەتایی دەستپێکردووە، بەڵام بەهۆی پیشەی باوکی لەهەولێر نەماون و لەزۆربەی شارەکانی عێراق ژیاون، گوتی «هەر کاتێک باوکم سەفەری بۆ هەر شارێک کردووە ئێمەش لەگەڵی ڕۆیشتووین». دواتر لەقۆناغی ناوەندی گەڕاوتەوە هەولێر و لەقوتابخانەی گەلاوێژ خوێندویەتی، دواناوەندی لەقوتابخانەی هەولێر تەواوکردووە. تارا، باسی لەوەکرد خۆشترین قۆناغی تەمەنی کاتی ناوەندی و دواناوەندی بووە. «ئەوکات مامۆستای زۆرباش وانەیان پێدەگوتم زۆرشتیان لێ فێربووم». لەتەمەنی منداڵی ئارەزووی ئەوەی هەبووە ببێتە مامۆستا، گوتی «سەرسامبووم بەمامۆستاکانم ئەوەش وایلێکردم ئارەزووی ئەوەم هەبێ ببمە مامۆستا».

تارا، لەتەمەنی هەرزەکاری هاوڕێیەتی زۆر پێخۆشبووەو زۆر حەزیکردووە یارمەتییانبدات و لەخۆشی و ناخۆشییەکانیاندا بەشداربێت. «هەمووکات هاوڕێیەکی تایبەت و نزیکم هەبووەو هاوڕێکانم هەموو کەسانی باش بوون». وەک گوتی، هیچکات بێزارنەبووە لەخوێندن و هەمووکات پێیخۆشبووە یەکەم بێت. هەمووکات دایکی بینیووەو خەریکی کتێب خوێندنەوەبووە. «لەخوێندنەوەی کتێبدا لاسایی دایکم دەکردەوە». ئەو باسی لەوەکرد کە دایکی زۆر گرنگیپێداون. گوتی «ئەوکاتانەی تاقیکردنەوەمان هەبوو نەدەچووە دەوام بۆئەوەی بتوانین بخوێنن، چونکە دەیزانی پێمانخۆشە هەمووکات لەگەڵمان بێت».

تارا، دوای تەواوکردنی دواناوەندی لەکۆلێژی زمان وەرگیراوە، بەشی کوردی، هەرچەند پێیخۆشبووە لەبەشی دەروونناسی



www.netewe.com

# شکاندووه

وەربگردرێـت. «پێمخۆشـبوو گرنگـی بەکەسایەتی کەسەکان بدەم، ئەگەر کەسێک بەهێزبێـت هەوڵبدەم شـتی لێفێربم ئەگەر بێهێزبێت یارمەتیبدەم».

تـارا پـاش تەواوکردنی زانکۆ لەسـلێمانی دادەمەزرێت و دووسـاڵ لەوێ دەبێت، دوای ئەوە دەگەڕێتەوە بـۆ هەولێر لەقوتابخانەی کچانەی هەولێر دەبێتە مامۆسـتاو ٢٠سـاڵ مامۆسـتای ناوەنـدی دەبێـت، دوای ئەوە لەمێـژووی ئەدەب لەبەغـدا لەزانکۆی ئیبن روشـد، ماسـتەر تـەواودەکات و دەبێتـە مامۆسـتای زانکۆ، دواتر لەبەشی تەکنیکی رۆژنامەوانیش لەزانکۆی سەلاحەددین ماستەر وەردەگرێت، ٦سـاڵ مامۆستای زانکۆ بووە.

«ئەوکاتەی مامۆسـتای زانکۆ بووم کاتێکی زۆر خۆشم بەسەربردووە، لەگەڵ قوتابیەکانم هاورێ بووم». لەزۆربـەی زانکۆکان وانەی کوردۆلۆجـی گوتووەتـەوە، تـا ئەوکاتەی دەبێتە پەرلەمانتار و دێتەناو پەرلەمان.

تـارا، لەباوکییەوە فێـری کوردایەتی بووەو لەدایکیشـی فێری خۆشەویسـتی نیشتمان بووە. گوتی «دروسـتکردنی خوشەویستی نیشـتمان لەناو دڵـی هـەر تاکێکی کورد لەئەسـتۆی دایک و باوکەکانـە». هەروەها رەوشـی خێزانەکەشـی وایکردووە لەدوور و نزیک ئاگاداری سیاسـەت بـێ و بەهۆی بیرکردنەوەو ئایدۆلۆژیای خۆشـی کە بڕوای زۆری بەمافـی مـرۆڤ هەیـە، هەمووکات حەزیکردووە مرۆڤەکان وەک یەک سەیربکرێن، هەروەها دەربڕینی بیـروڕا بەبێ جیاوازی و رەخنەگرتنی بنیاتنەرانە وایلێکردووە یەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان هەڵبژێرێت، گوتی «یەکێتـی لەبیرکردنەوەکانـم نزیکبـوو».

لـەدوای راپەرین بووەتە ئەندامی ئەو حزبەو سەرەتا بەنهێنی لەنێوان هەولێر و سلێمانیدا کاری کردووە. خێزانەکەی هاوکاریان کردووەو هیچ پۆستێکی حزبی وەرنەگرتووە. «زۆرجار پۆسـت هەبووە زۆر پێمخۆشبووە وەربگرم، بەڵام زیاتر پێمخۆشبوو درێژە بەخوێندنەکەم بدەم و پلەبەپلە بچمە پێشەوە».





گوتیشـی «باوکم کەسێکی ئاشتیخوازبوو، یەکێـک بوو لەو ٣٠ دادوەرەی کە بۆ لێژنەی ئاشتی لەنێوان یەکێتی و پارتی هەڵبژێردران لەکاتی شـەڕی ناوخـۆ». هەرچەند باوکی زۆر حەزی لەوە نەبووە پۆسـت وەربگرێت، بەڵام دواتر داوای لێکـردووە ئەگەر لەکاتی ئاشتەوایی هەر پۆستێکیان پێدا وەریبگرێت. بەبڕوای تارا، ژنی سـەرکەوتوو لەسیاسەت دەبێ رۆشـنبیربێت، لەگەڵ ئەوەش خاوەن بڕوانامە بێت، چونکە ئەوە پاڵپشـتێکە بۆی بۆئەوەی ئیتر دیلی پیاو نەبێ و مافی خۆیان بزانن جگە لەوەش خاوەن دارایی سەربەخۆی خۆیـان بن. بەقسـەی تـارا، هاوکاریکردن لەنێـوان ژنەکان کاریگـەری زۆری هەیە بۆ سـەرکەوتنیان، بڕوابەخۆبوونیـش خاڵێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی ژنان.

لەبارەی پەرلەمانەوە تارا، لەگەڵ ئەوەدانییە بەکەمی سەیری کاری هیچ خولێکی پەرلەمان بکرێت. «کاری پەرلەمان لەخولی پێشـوو و ئێسـتاو داهاتوویش تـەواوکاری یەکترن وەک زنجیرەیـەک وایە کارێـک پێش ئێمە دەسـتیانپێکردووە ئێمـە تـەواوی دەکەین لەدوای ئێمەش کارەکانمان درێژەی دەبێت».

گوتیشـی «پەرلەمان عەسـای سـیحری پێنییە لەچرکەیەکدا هەمـوو داواکارییەکان جێبەجێبکات».

تـارا، لە ١٩٧٩ دا کە دوا سـاڵی خوێندنی زانکۆی بـووە، بەرێککەوت هاوسـەرگیری کـردووە، گوتـی «هاوسـەرەکەم هاورێی مامۆستایەکی خۆم بوو لەرێگەی ئەو یەکترمان ناسی». ئەو باسی لەوەکرد خێزانەکەی زۆر پێیانخۆشـبووە بەهەڵبژاردنەکـەی، گوتی «هاوسەرەکەم کەسێکی زۆر خۆشەویستبوو لەنـاو خەڵک و جگە لـەوە لەبنەماڵەیەکی ناسـراوی سلێمانی بوو ئەوەش وایکرد باوک و دایکم هیچ نارەزاییان نەبێت».

تـارا، کورێـک و کچێکـی هەیـە، هۆزان کورەکەی و شەنگە کچەکەیەتی، دوای شەش ساڵ لەهاوسەرگیری هاوسـەرەکەی کۆچی دوایی دەکات، ئیتر لەوێوە ناخۆشـییەکانی ژیانی دەستپێدەکات، کاتێک باسی ئەو کات و هاوسـەرەکەی دەکرد فرمێسک چاوەکانی پڕکردبـوو، گوتـی «خۆشـترین قۆناغی ژیانـم لەگەڵ هاوسـەرەکەم ژیاوم هەرچەند سـاڵانێکی کەمبوو، ئەو کەسێک بوو کە زۆر رێزی ژنی دەگرت بەتایبەتیش رێزی منی زۆر دەگرت».

ئەو باسـی لەوەکـرد دوای کۆچـی دوایی هاوسەرەکەی ساڵانێکی زۆر لەبارێکی دەروونی خراپدا ژیاوە، بەهۆی هاوکاری باوک و دایک و هاورێکانی توانیویەتی ئەو قۆناغە تێپەڕێنێت. گوتی «لەگەڵ منداڵەکانـم زۆر ماندووبووم تابتوانم بەجوانترین و سەرکەوتووترین شێوە پەروەردەیان بکەم». ئێستا منداڵەکانی تارا،

www.netewe.com



بڕوام بە مستەحیل نییە!

فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

زانکۆیان تەواوکردووەو ژیانی هاوسەرییان پێکهێناوە. کچەکەی لەدەرەوەی وڵاتەو کوڕ و بووکەکەی لەگەڵ خۆی ژیان بەسەردەبەن. گوتی «ئێستا ژیانێکی خۆش لەگەڵیان دەژیم».

تارا، بڕوای بەوەهەیە کەدوای هەموو ناخۆشییەک خۆشی هەیە لەگەڵ ئەوەشدا بڕوای بەوشەی «موستەحیل» نییە، بەبڕوای ئەو مرۆڤ دەبێ هەمووکات هەوڵبدات شتی نوێ فێربێت، چونکە بڕوای بەوە هەیە مرۆڤ هەرچەند بلێ هیچ نازانم ئەوا زیاتر شت فێردەبێت.

ئەو زۆر پێیخۆشە سەفەر بۆ وڵاتانی دیکە بکات، سەبارەت بەحەزەکانی وەک خۆی گوتی «شێتی گوڵی نێرگزە» بەهۆی ئەوەی سیفەتی «کوردایەتی» تێدایەو بۆنەکەشی زۆر ئارامی دەکاتەوە. وشەی «هاوڕێیەتی» زۆر پێ جوانەو هەمووکات هاوڕێیەکی ڕوحی هەبووە. ئەو مرۆڤەی خۆشدەوێت کە پشتبەخۆی دەبەستێت، جگە لەوە ئەو کەسانەی خۆشدەوێت کە سادەو بێغرورن.

تارا، لەژنە دیارەکانی کورد بە «عادیلە خانم، حەپسەخان، لەیلا قاسم و لەیلا زانا» سەرسامەو بەشاعیری گەورەی کورد نالی، لەشاعیرە نوێیەکان حەزی لەشیعری شێرکۆ بێکەسە. ئەوکاتانەی کە بیردەکاتەوە پێیخۆشە گوێ لەمۆسیقای کلاسیک بگرێت. ئەو عاشقی گۆرانی کوردییە، ئەو گۆرانیبێژانەی گوێیان لێدەگرێت «شەمال سائیب، ئیبراهیم خەیات، نەجمەدین غولامی، عەدنان کەریم، شەهێن تاڵەبانی، مەرزیە فەریقی، لەیلا فەریقی»ن. ڕەنگی شیری پێجوانە بەهۆی ئەو پاکییەی تێدایە، هەروەها ڕەنگی خەنەیی و سەوزیشی پێ جوانە چونکە ئارامی پێدەدات. تارا حەزی لەمیکیاژی زۆر نییەو مکیاژی کاڵی زۆر پێجوانە، سوراوی سووری زۆر پێ ناشیرینەو بۆ دەوام بۆنی سووک بەکاردەهێنێت. لەتەمەنی گەنجی تائەوکاتەی هاوسەرەکەی لەژیان بووە بۆ هەموو دەرچوونەکانی و سەیرانەکانیان جلی کوردی لەبەرکردووە، بەڵام بەهۆی لەدەستدانی هاوسەرەکەی دڵی شکاوەو لەگەڵ ئەو دڵشکانەش ئیتر بۆ ماوەی ١٥ ساڵ جلی کوردی لەبەرنەکردووە، بەڵام ئێستا دووبارە جلی کوردی بۆ زۆربەی بۆنەکانی لەبەردەکات. «هەمووکات حەزم لەنوێبوونەوەیە، بەڵام زۆر پێمناخۆشە کاتێک سیمای جلی کوردی تێکدەدەن، جلی کوردی هەر بەشێوەی خۆی جوانە. ئەگەر بۆم بکرابا پێمخۆشبوو لەناو پەرلەمانیش جلی کوردی لەبەر بکەم».



ساکار ڕۆستەم

www.netewe.com

# خوێندکارە کوردەکانی ئەورووپا لەهەوڵی بنیاتنانەوەی کەسایەتی خۆیاندان

**وارڤین - تایبەت:**

زۆرێک لەو گەنج و خوێندکارە کوردانەی لەپارچەکانی کوردستانەوە بەهۆی ڕەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستانەوە ڕوویان لەئەوروپا کردووەو ئێستا سەرقاڵی درێژەدان بەخوێندنن. ئەوان هاوڕێ لەگەڵ خوێندنەکەیاندا خۆبەخشانە کاردەکەن بۆ بووژاندنەوەی کەلەپوورو ناساندنی کەلتووری کورد بەگەلانی ئەورووپاو هەوڵی بنیاتنانەوەی کەسێتی کوردانەی خۆیان دەدەن.

زۆرێک لەو خوێندکارانەی کورد، کەلە ئەورووپادان لەڕێگەی ڕێکخراوی «یەکێتی خوێندکارانی کورد»ەوە خۆبەخشانە کاردەکەن بۆ ناساندنی پرسی کورد بەجیهان و پەرەپێدانی زمان و تۆرەی کوردی و ئەو ڕێکخراوە لە زۆربەی زانکۆکانی ئەورووپا ئەندامی کوردی هەیەو ئەو ئەندامە کوردانە وێڕای کارکردنیان بەیەکەوەو هەوڵدانیان بۆ ناساندنی پرسی گەلەکەیان و وننەکردنی ناسنامەیان دەیانەوێ لەگەڵ زانکۆکانی هەرێمی کوردستانیش پەیوەندییان هەبێت.

مینا کچە خوێندکارێکی زانکۆی شاهانەیە لەدانیمارک. ئەو لەبنەڕەتدا خەڵکی هەڵەبجەیە، بەکوردییەکی پاراو دەدوێت، ئەمە لەکاتێکدایە وەک خۆی گوتی «لەماڵەوە بەدانیمارکی دەپەیڤن»، بەڵام ئاماژەی پێکرد شانازی بەوەدەکات کە کوردییەکی ڕەوان و پاراو دەزانێ و دووری لەکوردستان وایلێنەکردووە ناسنامەی خۆی ون بکات.

ئەو گوتی «یەکێک لەهۆکارەکانی پاراوی زمانەکەم کارکردنمە لەگەڵ ڕێکخراوی یەکێتی خوێندکارانی کورد و قسەکردنمانە بەزمانی کوردی».

مینا، باسی لەوەشکرد، لەگەڵ ئەو ڕێکخراوەدا خۆبەخشانە بۆ زیندوراگرتنی زمانی کوردی و ناساندنی پرسی کوردو کۆکردنەوەی توانای



مینا — فۆتۆ: وارڤین

خوێندکارانی کورد بۆ خزمەتی نەتەوەکەیان کاردەکات.

گوڵستان، یەکێکی دیکەیە لەو خوێندکارە کوردانەی لەئەوروپا دەژی و لەگەڵ ڕێکخراوەکەیاندا کار بۆ بنیاتنانەوەی کەسێتی خۆیان و هاوڕێ کوردەکانیان دەکات.

ئەو کچە خوێندکارە لەزانکۆی کۆڵنی ئەڵمانیا لەبواری یاسا دەخوێنێ و لەبارەی ژیان لەئەوروپا گوتی «لەتەمەنی ٨ ساڵی لەگەڵ خێزانەکەم بەهۆی ستەم و چەوساندنەوەی دەوڵەتی تورک لەباکووری کوردستانەوە ڕوومان کردە ئەڵمانیا».

ئەو لەبارەی زمانەوە قسەی کردو گوتی «تاپێش ئەوەی بێمە زانکۆ کوردییەکەم باش نەبوو، چونکە هاوڕێکانی قوتابخانەم هەموویان ئەڵمانی بوون و بەزمانی دایکیان دەپەیڤین، بەڵام کە هاتمە بەشی یاسا بۆمدەرکەوت لەڕووی یاساییەوە هیچ جیاوازییەک لەنێوان مرۆڤێکی بەرەگەز ئەڵمانی و کوردێکدا نییە، بۆیە ویستم بایەخ بەزمانی نەتەوەکەم بدەم».

هەروەها گوتی «لەزانکۆ ژمارەیەکی زۆر لەخوێندکارە کوردەکانم ناسی و ڕۆژانە لەگەڵیاندا بەکوردی دەدواین و دواتریش بەهۆی ئەوەی بوومە ئەندامی ڕێکخراوی یەکێتی خوێندکاران زیاتر تێکەڵی زمان و تۆرەی نەتەوەکەی خۆم بووم و هاونەتەوەکانم لەهەموو زانکۆکانی ئەوروپا ناسی و ئەمە بووەتە مایەی خۆشحاڵی و شانازی پێوەدەکەم».

فەرهاد، خوێندکارێکی دیکەی کوردی ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیەو هاوڕێی مینایە، هەردووک بەیەکەوە لەزانکۆی شاهانەی دانیمارک دەخوێنن، ئەوان بەهۆی سیاسەتی کرانەوەی دیموکراتی و ڕۆشنبیری لەوڵاتی دانیمارک توانیویانە بەتوانا مادییە سنووردارەکەی خۆیان کار بۆ ناساندنی زمان و ڕۆشنبیری و تۆرەی کوردی بکەن و زۆرێک لەخوێندکارانی زانکۆی شاهانەی دانیمارک لەخۆیان کۆبکەنەوە.

مینا، لەبارەی هەوڵەکانیانەوە گوتی «ئێمە بەدەستبەستراوی دانانیشن و ناکرێت لێرەوە تەنیا سەیری ئەو نەهامەتییانە بکەین کە بەسەر هاونەتەوەکانی ئێمەدا دێت لە تورکیاو سوریاو ئێران». هەروەها گوتی «ئێمە چالاکی بەردەوامان هەیەو لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی چەوساندنەوەو ستەم لەسەر کورد کار دەکەین».

هاوڕێکەی مینا، لەکۆلیژی ئەندازیاری تەکنۆلۆژی دەخوێنێ و ئاواتی ئەوەیە خوێندکارانی کوردی نیشتەجێی ئەوروپا کار بۆ بنیاتنانەوەی کەسایەتی خۆیان بکەن.

فەرهاد، ئەوەشی نەشاردەوە کە هەوڵیان بۆ ئەوەیە خوێندکارانی کورد زیاتر ئاشنابینەوە بەفەرهەنگ و کەلتووری خۆیان و نەتەوەکەیان و کار بۆ پێشخستنی تواناکانیان بکەن.

میناو گوڵستان و فەرهاد باسیان لەوە کرد کە دەیانەوێ لەهەرێمی کوردستان ڕۆشنبیری کاری پێکەوەیی و خۆبەخشین زیاتر هەبێ و لەوبڕوایەشدا بوون، پێویستە هەماهەنگی لەنێوان خوێندکارانی هەرێمی کوردستان و خوێندکارانی کوردی نیشتەجێی ئەورووپادا هەبێت.

**ئیبراهیم پەهلەوی**

www.netewe.com

# عاشقانی سلێمانی لە ڤالانتایندا چی دەکەن؟

**وارڤین – سلێمانی:**

ڕۆژی خۆشەویستی ئەو ڕۆژەیە کە لەسەرانسەری جیهان عاشقان هەستی خۆشەویستی بۆ یەک دەردەبڕن، گەنجانی سلێمانیش باس لەوەدەکەن کە دڵیان بەو یادە خۆشەو خۆیان ئامادەکردووە بۆی.

شانۆ محمد (٢٣) ساڵ لە یەکێک لەفرۆشگاکانی زیو خەریکی هەڵبژاردنی ئەڵقەیەکی کوڕانەبوو بۆ خۆشەویستەکەی، ئەو گوتی کە چەند مانگێکە ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە. شانۆ گوتیشی "هەرچەندە هەموو ڕۆژێکمان هەر خۆشەویستییە، بەڵام ١٤ی ٢ جیاوازترە لە ڕۆژەکانیتر و بەرنامەی تایبەتمان بۆ ئەو ڕۆژە هەیە".

ئەو گوتیشی "لەو ڕۆژەدا هەدووکمان جلی سوور لەبەر دەکەین و گوڵ و شیرینی دەگۆڕینەوە، دەچین بۆ گەڕان".

شانۆ، باسی لەوە کرد کە ڤالانتاینی ساڵانی پێشوو بۆ ئەو هیچ مانایەکی نەبووە، بەڵام ئەمساڵ لەگەڵ خۆشەویستترین کەسیدا ئەمرۆژە بەسەردەبات و زۆر دڵی پێیخۆشە.

لانەی ٢١ ساڵیش گوتی "ناتوانم لەگەڵ خۆشەویستەکەم بچمە دەرەوە، بەڵام دیاریم بۆ کڕیوەو لەشوێنێک یەک دەبینین تا بیەمێ".

ئەو کچە گوتیشی "ئەمساڵ زۆر دڵی خۆشەویستەکەمم ئێشاند و بڕیارمداوە لەو ڕۆژەدا داوای لێبوردنی لێبکەم و بەڵێنی خۆشەویستیم دووپاتبکەمەوە بۆی".

شیرینیفرۆش و گوڵفرۆشەکان و فرۆشگاکان لەڕۆژی ڤالانتایندا بازاڕیان گەرمەو عاشقان کارت و دیاری و گوڵ و شیرینیان لێدەکڕن بۆ ئەوەی بیبەخشنە خۆشەویستەکانیان، کافتریاکانی شاریش لەڕۆژانی پێشووتر قەرەباڵغتر دێنە بەرچاو و لەمڕۆژەدا دەبنە ژوانی دڵداران.

کاوە، خاوەنی فرۆشگایەکی دیارییە لە شاری سلێمانی ئەو بۆ وارڤین دواو گوتی "ساڵانە پێش ڕۆژی خۆشەویستی دیاری و گوڵ و کارت لەدوکانەکەم دادەنێم، چونکە دەزانم سەرفیاتی زۆرە". ئەو فرۆشیارە گوتیشی "گەنجان زیاتر حەزیان لە گوڵ و کەروێشک و ورچی سوورە و زۆرجاریش پێکەوە دێن دەیکڕن بۆ یەکتر".

کاوە، باسی لەوەشکرد گەنجان نەک ڕۆژی ڤالانتاین بەڵکو زۆربەی کاتەکان دیاری بۆ خۆشەویستەکانیان دەکڕن.

جیاواز لە بەشێک لەگەنجان ئارام ڕەشید ١٨ ساڵ یەکێکە لەو کوڕە گەنجانەی کە بەترسەوە دیاری ڤالانتاین دەداتە خۆشەویستەکەی، ئەو گوتی "ناتوانم بەئاشکرا لەگەڵ خۆشەویستەکەم بچمە دەرەوەو لەڕێگای خوێندنگا گوڵێکی سووری سروشتی پێشکەشدەکەم لەگەڵ هۆنراوەیەکی خۆشەویستی کە خۆم بۆم نووسیوە".

ئەو گوتیشی خۆشەویستەکەم ناتوانێ لەبەر قسەی خەڵک جلی سوور لەبەر بکات وماڵەوە پێیاننناخۆشەو لێی تووڕە دەبن، بۆیە منیش جلی سوور لەبەرناکەم و ئەو ڕۆژەشم وەک هەموو ڕۆژەکانیترمە".

ڕاوبۆچونی جیاواز هەیە لەسەر مێژووی ڕۆژی خۆشەویستی جیهانی. هەندێک لە سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوەدەکەن کە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی (کلادیۆس) ٢٧٠ ساڵ پێش زایین فەرمانێکی دەرکردووە بۆ قەدەغەکردنی ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەکاتی جەنگدا پاساوەکەشی ئەوەبووە کە هاوسەرگیری هێزی جەنگاوەران کەمدەکاتەوە، بەڵام قەشەیەک بە ناوی (ڤالانتاین)دژی بڕیارەکەی وەستاوەتەوەو ئەو کوڕوکچانەی لەیەک مارە کردووە کە یەکیان خۆشویستوە و دواتربەهۆی ئەمکارەیەوە خراوەتە زیندانەوە و لەڕۆژی ١٤-٢ دا لەسێدارەدراوە. هەر لەو کاتەشەوە ئەم ڕۆژە بەڕۆژی خۆشەویستی جیهان ناسراوەو هەتا ئێستا بەرز ڕادەگیرێت و لەسەانسەری جیهان یادی دەکرێتەوە.

www.netewe.com



www.netewe.com



ڕێبین هەردی

# «ڕێکخراوەکانی ژنان لە هەموو ڕێکخراوەکانی دیکە چالاکترن»

**وارڤین – تایبەت:**

**لەهەڤپەیڤینێکی تایبەت لەگەڵ وارڤیندا، نووسەرو ڕوناکبیر ڕێبین هەردی، زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژی دژ بەژنان لەکوردستاندا، بۆ قبووڵنەکردنی ئەو ململانێ و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانە دەگەڕێنێتەوە کە ڕوودەدەن. هاوکات حکوومەت و دەسەڵات بەبەرپرسیاری یەکەم لەو توندوتیژییە دەزانێت.**

وارڤین: **بەڕای ئێوە چەوساندنەوەو دەسەڵاتی پیاوسالاری لەکۆمەڵگادا، مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە یا لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسی و ئابورییەکاندا ڕێژەکەی دەگۆڕێت؟**

– **ڕێبین:** بێگومان مێژوویەکی یەکجار دێرینی هەیە. مێژوو تائێستاش هەر لەم قۆناغەدا ئەژی و بەجێینەهێشتوە. لەدوای نەمانی کۆمەڵگای دایکسالارییەوە (کەلە ئەدەبیاتی مارکسییەکاندا هەمان کۆمۆنەی سەرەتاییە) لەناو سیستەمی پیاوسالاریدا ئەژین. بەڵام گومانی تێدانییە ئەم سیستەمە، بەپێی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان گۆڕانی بەسەردادێت و وەک خۆی نامێنێتەوە. ڕێگەکانی کرانەوە، نەرمبوون و گۆڕان لەم سیستەمەدا هەیەو بەڕاستیش گەر تەماشا بکەین، گۆڕانی گەورە و بازدانی گەورە لەناو ئەم سیستەمەدا ئەتوانێ ڕووبدات. تەماشای ڕێژەی خوێندەواری، کارکردنی ژنان لەئێستادا بکە و بەراووردی بکە لەگەڵ رابردوودا، تەماشای ژمارەی ڕوولەزیادی ئەو ژنانە بکە هەمان ئەو کار و سەرقاڵییانەیان هەیە کە پێشتر بۆ پیاوان پاوانکرابوو. تەماشای گۆڕانی یاساکان بکە کە ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بەسەر ژن و مافەکانیدا ئەکرێتەوە. بێگومان ئەگەری گۆڕان و کرانەوە لەناو ئەم سیستەمەدا هەیە و ئەمێنێتەوە ئیرادەی ئەو هێزە کۆمەڵایەتی سیاسییانەی لەژینگەیەکدا ئامادەن و چەند حەزی گۆڕان یان داخرانیان هەیە.

وارڤین: **کاریگەری شەڕی ناوخۆ، لەسەر ژیانی ژن چۆن دەبینی؟ ئایا هۆکارێک نەبوو بۆ زیندووکردنەوەی دەسەڵاتی دیوەخان و جیاوازییە چینایەتی و ڕەگەزییەکان. هۆکارێک نەبوو بۆ تۆخکردنەوەی دەسەڵاتی پیاو لەکۆمەڵگای کوردیدا کە تائێستاش کاریگەرییەکانی ماون؟**

– **ڕێبین:** شەڕی ناوخۆ بەرنامەی مۆدێرنکردنی کوردستان و دامەزراندنی

www.netewe.com

سیستەمێکی نیشتیمانی سەرووی خێڵ و عەشیرەت بەشێوەیەک پەکخست، کە تائێستاش لەدەرئەنجامەکانی رزگارمان نەبووە. شەڕەکە هێزی خێڵ و عەشایری بەهەموو کەلتووره داخراوییەکەیەوە نەک هەر زیندووکردەوە، بەڵکو بەهێز و پتەوی کرد. ئێستاشی لەسەربێ، هێزە خێڵەکی و عەشایرە بەهێزەکان دەستیانکراوەیە بۆئەوەی گەورەترین پێشلکاری بەرامبەر بەو ژنانە بکەن کە بەبڕوای ئەوان لەکەلتووری عەشیرەت لایداوە. هێزە سیاسییەکانیش بۆ ڕەزامەندی و زویرنەکردنی ئەم هێزانە، هیچ شتێکی ئەوتۆ ناکەن. شەڕی ناوخۆ، نەک هەر لەڕووی پێکهاتەی یەکانگیرەوە ئەم هێزانەی بەهێز و پتەو کردووە، بەڵکو چەکداری کردووە و هەموو ئەو کەرەسانەی بۆ دابینکردووە کە پرۆسەی کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی بەهێزتر ئەکەن.

فەزای شەڕو کوشتار هەمیشە پیاوانی کردووە بەیاریکەری یەکەم. گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێویستی بەئاشتی کۆمەڵایەتی و فەزایەکی هێمن هەیە کە تێیدا هێزە کۆمەڵایەتییەکان بتوانن قسەبکەن و دەنگهەڵبڕن. گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێویستی بەدەنگهەڵبڕین و قسەکردن هەیە. لەدۆخی شەڕدا تەنیا گوللەیە کە قسە ئەکات و بەسەر هەموو دەنگەکانیتردا زاڵە.



**وارڤین: سیمۆن دیبۆڤار دەڵێ»مرۆڤ وەک ژن یان ئافرەت لەدایک نابێت، بەڵکو ئەوە کۆمەڵگایە ئەو ڕۆڵەی پێدەدات». کێشە بنچینەییەکان لەجیاکاری دابەشکردنی ئەو ڕۆڵەی لەکوردستاندا بەژن دەدرێت چین و ڕێگاچارە بۆ کاڵکردنەوەی ئەو ڕۆڵە چییە؟**

– **ڕێبین:** نابێ ئەم قسەیەی سیمۆن دیبۆڤار، لەڕووی پێکهاتەی بایۆلۆجییەوە وەربگرین. ئەوەی لەم رستەیەدا گرنگە ئەوەیە ئاماژەکردنە بۆئەو متهیەتە پێشوەختەی کە بە ژنان ئەدرێت. باسکردن لەو دۆخەی پێشوەخت کۆمەڵێک خەسڵەت، ڕەفتار و کردار بەسەر ژناندا ئەسەپێنرێت کە ئەبێ پەیڕەوی بکەن. ژنان دێنەدنیاوەو بەر کۆمەڵێک ئەشێ، ناشێ، ئەبێ، نابێ ئەکەون و قاڵبێکی دیایکراوی نەک هەر ڕەفتار بەڵکو شێوەی قسەکردن، جلوبەرگ و تەنانەت ڕۆیشتنیان بۆ ئامادەکراوە کە ئەبێ پەیڕەوی بکەن. ئەگەر زاراوەکانی فەلسەفەی بوونگەری بەکاربێنین ئەتوانین بڵێین لەدۆخی ژناندا بوون پێش ماهیەت ناکەوێت، بەڵکو ماهیەتیان پێش بوون ئەکەوێت. بەشێکی زۆری خەباتی ژنانیش هەوڵدان بووە بۆ دەرچون لەم پێناس و قاڵبە پێشوەختانە.

کێشەی بنچینەیی ئەم جیاکارییە لەنێوان ژن و پیاودا وەک زوربەی کێشەکانیتر نەبوونی دادپەروەری و ستەمکارییە. ئەو کۆمەڵگایەی ژن ئەچەوسێنێتەوە نەک هەر هەرگیز کۆمەڵگایەکی ئازاد و دادپەروەر نییە، بەڵکو ژینگەیەکی تەندروستە بۆ پەروەردەکردنی کەسایەتی دەسەڵاتخواز، دڵڕەق و توندوتیژ. لەهەر ژینگەیکدا چەوساندنەوە، جیاکاری هەبوو ئەم چەوساندنەوەو جیاکارییەشی وەک دۆخێکی سروشتی پێشاندا، کەسایەتییەک پەروەردە ئەبێت کە زۆرتر ئامادەیی دڵڕەقی، توندوتیژی و نادادپەروەری تێدایە. ئەمە جگە لەڕووی ئابوورییەوە هێزێکی گەورەی کۆمەڵایەتی کە ژنان ئەخاتە دەرەوەی نەخشەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەیانکات بەهێزێکی ناکاریگەر و ناچالاک کە کەمترین ڕۆڵیان لەژیانی کەلتووری و سیاسیدا هەیە.



www.netewe.com

ئەو شتانەی دەبێ بکرێت زیاد لەشتێکن. گرنگترینیان فراوانکردنی ئامادەیی ژنە لەبواری گشتیدا، بوونیانە لەهەموو ئەو جێگایانەدا کە پێشتر لێیان قەدەغەکرابوو. دیارە کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری و هەوڵدان بۆئەوەی زۆرترین ژن ئامادەبیان لەهەموو پلەکانی خوێندندا هەبێت، پێشمەرجی هەموو هەنگاوێکیترە. دەبێ کادێری لێهاتووی ژن پەروەردەبکرێن کە بتوانن گەر لەپیاوان زیاتر لەفلان بواردا کار نەکەن، ئەوا لەوان کەمتر پێشکەش نەکەن. پێویستمان بەبوونی دەنگ و عەقڵی ژن هەیە کە بتوانێ هاوتای دەنگ و عەقڵی پیاوان بێت.

**وارڤین: لەناو ژناندا وتەیەک باوە دەڵێن، سەرەڕای ئایدۆلۆژیاو بیروبۆچوون تێڕوانی پیاوان بۆ ئافرەت هەمووی یەکجۆرە. ئێوە چیدەڵێن؟**

– **ڕێبین:** یەک دیدمان بۆ ژنان نییە، وەک چۆن یەک دیدمان بۆ پیاویش نییە. چەند مرۆڤ هەیە هێندەیش بۆچونی جیاواز هەیە. بڕواناکەم بتوانین هەموو پیاوان بۆ یەک دید کورتبکەینەوە. وەک چۆن ئەستەمە یەک دیدمان بۆ ژنیش هەبێت. بەڵام با ئەو قسەیە بەجۆرێکیتر دابڕێژینەوە. هیچ مرۆڤێک بە ژن و پیاوەوە ناتوانێ بەیەکجاری لەو تێگەیشتن و چاوەڕوانییە ڕەگداکوتاو و مێژووییانە دەربازی بێت کە تیاییدا گەورەبووە. کەلتوور زەبری خۆی هەیە و نەک هەر کاریگەری لەسەر پیاوان بەڵکو لەسەر ژنانیش هەیە. بۆ نموونە: چەند ژنمان هەیە کە بەهەموو تواناکانی خۆیانەوە لەکاردان بۆئەوەی دۆخی ژنان وەک خۆی بمێنێتەوە؟ چەند ژنمان هەیە کە بەرگری لەهەموو ئەو شتانە ئەکات کە دژی مافەکانی ژنە. چەند ژن هەیە کە دۆخی باوی ژن بەدۆخێکی سروشتی ئەزانن و کارئەکەن بۆئەوەی ئەم دۆخە وەک دۆخێکی شەرعی و یاسایی قەبووڵبکرێت؟ بێگومان پیاوانێکی زۆریش لەژێر کاریگەری ئەم کەلتووردان و هەمان دید و بۆچوونیان بۆ ژن و مافەکانی هەیە. ئەمەوێ بڵێم نەپیاو و نە تەنانەت خودی ژنیش بەئاسانی لەو زەبری کەلتوورە ڕزگاریان نابێت کە سیما و چوارچێوە و چاوەڕوانییەکی دیاریکراو بۆ یەکتر دروستدەکات.

**وارڤین: لەدیمانەیەکدا دەڵێی تەنیا خاڵێکی دەستپێکردن کە لەبەردەم بزووتنەوەی ئافرەتاندا هەبێت، جەنگ و ململانێیە لەگەڵ ئەو شێوازی ناونانەدا کە کۆمەڵگای باوکسالاری پیادەی دەکات. دەبێ خودی ناوی ئافرەت لەوشەیەکی سیاسینەکراوەوە بۆ وشەیەکی سیاسیکراو بگۆڕێت. بەڕای تۆ لەواقیعی ئێستای سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا بزووتنەوەکانی ژنان چۆن دەتوانن ئەفسانەی ژن بکەن بەپرۆسەیەکی مێژوویی؟**

– **ڕێبین:** من لەو کەسانەم بڕواموایە ڕێکخراوی ژنانی کوردستان یەکێکە لەچالاکترین ئەو ڕێکخراوانەی دەرهەق بەهەلومەرجی کوردستان کاری یەکجار باشیان کردووە. ڕاستە هەندێک کێشە و کەموکوڕی لەم ڕێکخراوانەدا هەیە، بەڵام بەبەراوورد بەڕێکخراوەکانیتر لەهەموویان چالاکتر و کاریگەرترن. کێشەی ژن تەنیا ئەوە نییە یاسای باش بەقازانجی مافەکانی دەربکەین، بەڵکو ئەوەشە کۆمەڵگا پشتگیری و قەناعەت بەم یاسایانە بکات و کار بۆ جێبەجێبوونیان بکات. واتە کێشەی ژنان تەنیا لەگەڵ حکوومەت و یاسادا نییە، بەڵکو لەگەڵ کۆمەڵگاشە. بەمانایەکیتر جووڵەکردن بەرەو کۆمەڵگاو قەناعەتپێکردنی بەو گۆڕانانەی ئەبێت ڕووبدەن، گرنگترین تەحەدایە لەبەردەم بزووتنەوەی ژنان و هەموو ئەوکەسانەدا کە بڕوایان بەم مافانە هەیە. بەوەشدا کە پەروەردە ئەتوانێ ڕۆڵێکی گەورە لەگۆڕینی عەقڵیەت و بیرکردنەوەی کۆمەڵگادا ببینێت، ئەوا هەوڵدان بۆ چاکسازی خوێندن و گۆڕانی بابەتەکانی خوێندن بەئاڕاستەیەک کە هۆشیاری مرۆڤەکان بەرامبەر بەمافەکانی ژن گەورە بکات، کارێکی پێویست و ناچارییە. بێگۆڕینی عەقڵیەتی کۆمەڵگا، ئەستەمە بەتەنیا گۆڕینی عەقڵیەتی نوخبەی سیاسی، بتوانرێت شتێکی ئەوتۆ بکرێت. پرۆسەی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا گرنگترین و چارەنووسسازترین بەشی کاری ژنانە. بۆیە، هەموو ئەو هەوڵانەی ڕوویان لەپێشخستن و کرانەوەی ڕۆشنبیری خەڵکی کوردستانە، ڕۆڵێکی گرنگ ئەبینین و ئەبێ زیاتر کاری لەسەر بکرێت.

**وارڤین: تۆ گوتووتە کە ڕێکخراوەکانی ژن بزوێنەری هۆشیاری نین. ئەو تێڕوانینەت لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

– **ڕێبین:** بەشێکی زۆر لەڕێکخراوی ژنان کارێکی گرنگ و گوشارێکی زۆریان لەبواری سیاسی کردووە بۆئەوەی بواری سیاسی ناچاربکەن یان پاڵی پێوەنێن هەندێک هەنگاوی یاسایی و کردەیی بۆ پارێزگاری لەمافی ژن دەستەبەر بکات، بەڵام هەمان هەوڵ، گوشار و کاری جدی بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک ناکەن. بەشی زۆری کێشەی ژنان لەناو کۆمەڵگا و کەلتوور و دابونەریتدایە، ئەم جێگەیەش ئەو شوێنەیە کە کەمترین کار بۆ گۆڕانی کراوە. ژمارەی ڕۆشنبیرانی ژن یەکجار کەمە و ئەوەشی کە هەیە تواناکانی دەرەقەتی ئەم ئەرکە سەختە نایەت، هەم بەهۆی کەمی ژمارەوە و هەم بەهۆی کەمی تواناوە. هەستئەکەم ڕووبەڕووبونەوەی کۆمەڵگاو کاری ستراتیژی بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا ئەبێت، لە جوغزی گرنگی پێدانی ڕێکخراوەکانی ژناندا بێت و کاری زۆر زیاتر و ئیرادەی بەهێزتری ئەوێت لەوەی تائێستا ئەنجامدراوە.

**وارڤین: بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماری شەش مانگی یەکەمی ٢٠١٠ی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژبە ژنان، ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر بەژن لە٢٠١٠دا زیادیکردووە، لێکدانەوەی تۆ بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەکە چییە؟**

– **ڕێبین:** هەمیشە لەکوردستاندا ئەو کێشەیە هەیەو تاماوەیەکی نادیاریش ئەمێنێت کە یاسایەک دەرئەچێ بەئاسانی کاری پێناکرێت. لەکوردستاندا مێژووی دەرچوونی یاساو مێژوی جێبەجێکردنی دووشتی جیاوازن. یاساگەلێکی زۆر لەکوردستاندا دەرئەچن کە کاریان پێناکرێت. بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە دەرچونی ئەو یاسایانە گرنگ نین، بەڵکو تەنیا بەمانای ئەوەیە بەتەنیا بەس نین. بەشێک لەزیادبوونی توندوتیژی بەرامبەر بەژن ئاماژە بۆ ئەو جووڵە گەورەیەیە کە هەیە بۆئەوەی کۆتایی پێبێت. چەند ئەو جووڵەیە بەهێز بێت و کاریگەری دابنێت، کەڵەبەو دڵڕەقی ئەو هێزانەی دژی ئەمجۆرە گۆڕانەن زیادئەکات. واتە زیادبونی توندوتیژی تەنیا ئاماژەیەکی نەرێنی نییە بۆ دۆخەکە بەڵکو ڕوویەکی ئەرێنی نەخشەی

www.netewe.com

ململانێیەک ئەخاتەڕوو کە ئەزانێت جگە لەتوندوتیژی ڕێگەیەکی نەماوە بۆ ئەوەی بەر بەمگۆڕانە بگرێت. پێموایە توندبوونی دڵڕەقی وتوندوتیژی لەبەشێکیدا دەلالەت لەنائۆمێدبونی ئەو هێزە تاریکانە ئەکات کە ئەزانن خەریکە شتەکان لەدەستیان دەرئەچێت.

**وارڤین: بەرای تۆ کاریگەرییەکان و ڕۆڵی ئایین، لەژیانی ژنی کورددا چین؟**

– **ڕێبین:** دین لەسەرجەم کۆمەڵگادا کاریگەری هەیە. هەم لەسەر ژیانی ژن و هەمیش لەسەر ژیانی پیاو. تائێستا کۆمەڵگایەک نەناسراوە شێوازێک لەشێوازەکانی دینی تێدانەبێت و کاریگەری لەسەریان نەبێت. ڕۆڵی دین لەژیانی ئێمەدا یەکجار گەورەیە. دین لەهەموو شتێکی ئێمەدا ئامادەیە. لەرەفتارماندا تەنانەت لەسڵاوکردنماندا. بەڵام ئەو کاریگەرییەی لەسەر ژیانی ژن هەیبووە لەبەشێکی زۆریدا نەرێنی بووە. ئەو تێگەیشتنەی بۆ دینی ئیسلام لەواقعی ئێمەدا زاڵە ڕۆڵێکی یەکجار لاوەکی بەژن ئەدات و ئەیکاتە پەیڕەوی پیاوان. سنوورەکانی بۆ کونترۆڵکردنی رەفتار و کرداری ژنان گەورەیە. رووبەرێکی گەورەی لەئەشێ و ناشێ هەیە کە هەر هەمووی لەسەر حسابی دیسپلینکردنی ژنە. بگرە ماناکانی شەرەف و ئەخلاقی کورتکردۆتەوە بۆ ژن و رەفتارەکانی. هەموو ئەمانە وایانکردووە ئەو تێگەیشتنەی بۆ دین لەواقعی ئێمەدا هەیە، کۆمەکی کرانەوە و مافەکانی ژنان نەکات و بگرە ببێتە یەکێک لەرێگرە سەختەکانی بەدەستهێنانی ئەم مافانە.

**وارڤین: لەگەڵ ئەوەی کە تائێستا لەهەندێک لەقوتابخانەکاندا نزیکەی ٥٠ قوتابی لەپۆلێکدا وانەدەخوێنن، زیادکردن و دروستکردنی حوجرەو قوتابخانەی ئایینی لەکوردستاندا لەستراتیژییەتی کارەکانی وەزارەتی ئەوقافە. هەروەها بەپێی گوتەی بەرپرسانی ئەوقاف، ڕێژەی کەسانی وانەبێژی ئایینی کە بتوانن بەشێوازی دروست لێکدانەوە بۆ ئایین بکەن و بیگەیەنن بەخەڵک بەبەراوورد لەگەڵ ژمارەی مزگەوت و حوجرەکاندا کەمە. تۆ لەوبارەیەوە چیدەڵێی؟**

– **ڕێبین:** من لەبنەڕەتدا بڕوام بەوە نییە وانەی دین تەنیا بۆ یەک دین بێت لەقوتابخانەکاندا. بڕوام بەوەهەیە وانەی دین ببێت بەوانەیەکی گشتی دین و هەموو دین و مەزهەبە سەرەکییەکانی تێدا بخوێنرێت. پێموایە، دەبێ وانەی دین ببێت بەوانەیەکی ڕۆشنبیری فراوان کە کار لەسەر ئەوەبکات رووبەری لێبوردەیی و قبووڵکردنی ئینسان، مەزهەب و دینە جیاوازەکان بۆ یەکتر گەورەبکات. پێداچوونەوە بەڕۆڵی مزگەوت، وانەبێژ و خەتیبەکاندا یەکێکیترە لەو شتانەی ئەبێت بەجدی و پلانێکی عەقڵانیانە بکرێت. ئەبێ فرسەتێکی زیاتر بەو دینییە منەورانە بدرێن کە دین وەک رەحمەت نەک وەک غەزەب بۆ مرۆڤ تەماشا ئەکەن و رووبەری ئینسانی و لێبوردەیی دین گەورەو فراوان ئەکەن.



بەداخەوە زۆرێک لەمامۆستاکانی ئایینی ئەو کەسانەن تێگەیشتنێکی دۆگمایی و پڕ توندڕەوییان بۆ دین هەیەو زۆر بەدڵڕەقیشەوە تەماشای دین و ئەو کەسانە ئەکەن کە دین بۆ کۆمەکیان هاتووە. ئەم تەوەرانە ئەو شتانەن کە ئەبێت هەم بزووتنەوەی ژنان و هەم دەنگە ئازادەکان کاری لەسەر بکەن. لەژینگەیەکدا کە منداڵان لەسەرەتاوە بەتێڕوانینێکی توندڕەوەوە پەروەردە بکرێن کە دیدێکی دۆگمایی بۆ دین و دنیا هەیە، ئەستەمە گۆڕانی گەورە ئەنجامبدرێت.

**بەهرە حەمەڕەش**

# سیستەمی تەندروستی کوردستان مەرکەزییە

## د. زریان بۆ وارڤین:

# دەسەڵاتی تەندروستی هەرێم بۆ وەزیر و چەند بەڕێوەبەرێک قۆرخ کراوە



د. زریان عوسمان　　فۆتۆ: وارڤین

**وارڤین-تایبەت:**

**وەزیری پێشووی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان د. زریان عوسمان دەڵێ «سیستەمی تەندروستی هەرێم مەرکەزییەو دەسەڵاتەکان لای وەزیر و چەند بەڕێوەبەرێکی گشتی کۆبووەتەوە، لەکاتێکدا پێویستە وەزیر و بەڕێوەبەرەکان بخرێنە خزمەتی نەخۆشەوە».**

### هاووڵاتیان نارازین

وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاو بەرەو گۆڕینی سیستەمی تەندروستی هەرێم دەنێ و وەزیری پێشووی تەندروستی کابینەی ٥ی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش د.زریان عوسمان، لەلێدوانێکدا بۆ وارڤین بەرنامەی گۆڕانکارییەکان ئاشکرا دەکات و راشکاوانە کەموکورتییەکانی سیستەمی ئێستای تەندروستی هەرێم دەخاتەڕوو.

لەسەرەتای لێدوانکەیدا د. زریان لەبارەی کۆنگرەی گۆڕینی سیستەمی تەندروستی هەرێم کە لەرۆژانی ٢-٤ی ئەم مانگە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەهەولێر سازدرابوو، گوتی «لەکابینەی ٥ پرۆژەکە هەبوو، بەڵام



www.netewe.com



نۆرینگەکانی لاکۆڵان زەروورەتێکی مێژوویی بوو — فۆتۆ: وارڤین

بەهۆی دواخستنیەوە لەکابینەی شەش جێبەجێمان کرد». د. زریان هەروەها گوتی کە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەو خزمەتگوزارییە تەندروستییەی پێشکەشیان دەکرێت نارازین، پزیشکان رازینین و بەرپرسانیش بەو سیستەمە دڵخۆشنین هەموویان گلەییان بەرامبەر بەو پارەیەی بۆ چارەسەرکردن لەهاووڵاتیان وەردەگیردرێت،هەیە.

## پزیشکی خێزانی و بنکەی فریاگوزاری

بەپێی قسەکانی د.زریان، کەموکورتییەکانی سیستەمی تەندروستی هەرێم زۆرن و لەوانەش خراپی دەرمان و نەبوونی شوێنێک کە هاووڵاتی رووی تێبکات، لەگرفتە سەرەکییەکانن. د. زریان وەها درێژەی بەقسەکانی دا»بنکەی تەندروستی لەهەرێم هەیە کە هاووڵاتیان رووی تێبکەن، بەڵام کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ دادەخرێت و دەرمانیشی کەمە، بۆیە لەو کۆنگرەیەدا پرۆژەیەکم پێشکەش کردو دەمانەوێ سیستەمێکی فریاگوزاری سەرەتایی دابنێین کە تا شەو بنکەکە کراوەبێت و دەرمانی باشی لێدەستبکەوێت، ئەمەش وادەکات هاووڵاتی پێویستی بەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی گشتی و نۆرینگەکانی سەرشەقام نەبێت». ئەو هەروەها دەڵێ کە بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکان فراوان بکرێت، پێویستە مووچەی پزیشک و کارمەندانی ئەو بنکانە زیاد بکرێت، تا پزیشکان پێویستیان بەدانانی نۆرینگە نەبێت. هاوکات راهێنان و خولی بەردەوامیش بۆ کارمەندان و پزیشکان هەبێت و ساڵانە هەڵسەنگاندنیش بۆ کارەکانیان بکرێت، تا بزانرێت کارەکان چۆن بەڕێوەچوونەو چۆن بتوانرێت زیاتر خزمەتی هاووڵاتیان بکرێت

د. زریان لەپرۆژەکەیدا جەختی لەوەکردەوە، دانانی پزیشکی خێزانی لەبنکەیەکی تەندروستی کە چەند ماڵێک ئەو بنکەیان هەبێت، وادەکات خەڵک نەچێتەنێونۆرینگەکانیکۆڵانەوە.

## نۆرینگەی کۆڵانەکان

لەبارەی نۆرینگە دەرکی و لاکۆڵانییەکان و نارەزایی هاووڵاتییانەوە د.زریان گوتی: « نۆرینگەکانی کۆڵان زەروورەتێکی مێژوویی بوو، سوودی بۆ خەڵکی هەژار هەبوو، چونکە لەقۆناغێک و ئێستاشی لەگەڵدابێت زۆر خێزان هەیە پارەی نییە بچێتە نۆرینگەی پزیشکێکی دەرەکی کە لانیکەم ١٠٠ هەزار دینار خەرجیاتی دەچێت. هەروەها لایەنێکی نەرێنی و مەترسیداریشی هەیە زۆرجار بەهەڵە دەرمان و چارەسەری نەخۆش دەکرێت یان دەرمانی زیاتر لەپێویست بەنەخۆش نەدرێت».

د.زریان گوتیشی «ئەگەر سیستەمی پزیشکی خێزانی دابنرێ ئەو حاڵەتە چارەسەر دەکرێت و خەڵکەکە ناچارنابێ بچێتە نۆرینگەی کۆڵان و شوێنەکانیتر «ئەمە مافێکە دەبێ پێشکەشی هاووڵاتیانیهەرێمکرێت».

وەک گوتی دانانی ئەو خزمەتگوزارییە بۆ هاووڵاتیان دژایەتیکردنی کەس نییەو خێرکردن بەکەسیش نییە. «ئەوە مافە سەرەکییەکانی هاووڵاتییانەو بودجە تەرخانکراوە بەبێئەوەی منەت بەسەر هاووڵاتیانەوە بکرێت، پێویستە سیستەمی تەندروستی بەوەزیرو نەخۆشخانەو پزیشکەوە هەمووی بخرێتە خزمەتی نەخۆشەوە».

## پزیشک وەک ئەفسەر و خەڵک وەک سوپا لێکرابوو

د. زریان نیگەرانی خۆی لەوە دەربری کاتێ گوتی «سیستەمی عێراق و کوردستان و هەرێم مەرکەزیەو هەموو دەسەڵاتەکان لای وەزیر و چەند بەڕێوەبەرێکی گشتی کۆبووەتەوە. دەبێ ئەو دەسەڵاتە بڵاوبکرێتەوەو بگاتە نەخۆشخانەوکارمەندەکانیش».

لەدرێژەی قسەکانیدا د. زریان گوتی کە سیستەمی تەندروستی هەرێم وایکردووە پزیشک بەهەوەسی خۆی فەرمان دەربکات، وەک چۆن ئەفسەرێک بەهەوەسی خۆی سوپا بەڕێوەدەبات و فەرمان دەردەکات، پزیشکیش لەهەرێم توانای هەیە نەخۆشخانە دابخات و کارنەکات و بەهەوەسی خۆی بێتە دەوامەوە. بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە د.زریان دەڵێ «دەمانەوێ لەسیستەمی نوێدا دەسەڵات بدرێتە دەست نەخۆش، تا نەخۆش بریار بەدەستی خۆیەوە بێ، چۆن چارەسەر بکرێت، چونکە وەزیر و کارمەندو پزیشک مووچەخۆرێکن بەمووچەی ئەو میللەتەوە بەڕێوەدەچن دەبێ بخرێنە خزمەتی نەخۆشەوە».

www.netewe.com

# پەرستاران نیگەرانن

## کۆنگرەی هەولێر پرۆگرامی پەرستاری لەبیر کرد

**وارڤین:**

**ئەکادیمیست و بەرپرسە باڵاکانی بواری پەرستاری هەرێم کەموکورتییەکانی کۆنفرانسی تەندروستی هەرێم ئاشکرادەکەن و دەڵێن، رۆڵی ئەوانی ژن کە لەوبوارەدا ئەکادیمیستن فەرامۆشکراو تەنیا وەک میوان بەشدارییان پێکراوە. هاوکات پسپۆڕێکی زانکۆی ئێسێکسی بەریتانیا دەڵێ «سەرخستنی ئەو سیستەمە پێویستی بەتوێژینەوەی تەندروستی و چاودێریکردنی بەردەوام هەیە، تا گۆڕانکارییەکە هەرەمەکی نەبێت».**




هەولێر، کۆنفرانسی چاکسازی سیستەمی تەندروستی ٢-٣/٢/٢٠١١ فۆتۆ: وارڤین

### پسپۆڕانی ژن فەرامۆشکران

د. حەمدیە میرخان سەرۆکی کۆمەڵەی پەرستارانی کوردستان کە دکتۆرای لەپەرستاریدا هەیە بۆ وارڤین دەڵێ «لە ١٢ ساڵی رابردوودا ئەوە سێهەمین کۆنگرەی تەندروستییە لەهەرێمی کوردستان، بەمەبەستی چاکسازیکردن لەسیستەمی تەندروستی سازدەکرێت. ئەو هیوا دەخوازێت برگەو ناوەڕۆکی کۆنفرانسەکە بگاتە هەنگاوی جێبەجێکردن. نەوەک تەنیا هەر بەقسەو دروشم باس لەگۆڕانکاری بکرێت. دکتۆرە ڤیان نەقشبەندی، راگری کۆلێژی پەرستاری لەوبارەیەوە دەڵێ «سوودی بەشداریم لەو کۆنفرانسە ناسینی کۆمەڵێک کەسی پسپۆڕ بوو لەدەرەوەی هەرێم، گۆڕینەوەی بیروڕای تەندروستی بوو. هاوکات دەبێ دەسەڵات بەپەرستاری بدرێت. لای خۆیەوە دکتۆرە ناهیدە کە لەوەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەری پەرستارانی هەرێمە دەڵێ پێویستە دەسەڵاتی سیستەم و پزیشک لەنەخۆشخانە بەرزبکرێت.

ئەوەی بەلای د.ڤیان نەقشبەندی، جێگەی رەخنەبوو کۆنگرەکە ناوێکی گەورەی هەبووەو بابەتەکان زۆربوون و پەلەی پێوەدیاربووەو بەقووڵی لەبابەتەکان نەکۆڵدراوەتەوە «ئێمە وەک خوێندنی باڵا رۆڵمان پێنەدراوەو توێژینەوەمان بۆ دیارینەکراو فەرامۆش کراین، تەنیا وەک میوان بانگکراین کەچی ئێمە تایەبتمەندی و پسپۆڕێتیمان هەیەو هیچ بایەخێک بەئێمە نەدرا، تا کەموکورتییەکانی سیستەمی پەرستاری هەرێم دەستنیشان بکەین».

دکتۆرە حەمدیە سەرۆکی کۆمەڵەی پەرستارانی هەرێم دەڵێ ئێمە بانگهێشتنەکراین بەڵکو وەک تاکەکەس بانگێهشتکراوین هیچ رۆڵێکمان پێنەدراو بەئێمە نەگوترا ئایا هیچتان هەیە پێشکەشی بکەین؟ لەوبارەیەوە دکتۆرە ناهیدە لە وەزارەتی تەندروستی دەڵێ رۆڵنەدان بەو ژنە ئەکادیمیستانە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی وەزیر و رێکخەرانی کۆنگرەکە.

### پرۆگرامەکەمان لەبیر کرا

دکتۆرە ڤیان، دەڵێ ئێمە ١٠ رۆژ بەرلە سازدانی ئەو کۆنفرانسە بەرنامەیەکمان بۆ پەرستارانی هەرێم دانا، کە تایبەتمەندی پزیشکی جیابکرێتەوەو پێشکەشی کۆنفرانسمان کرد و خرایە بەرنامەی کارەوە کەچی ئەو بەرنامەیە لەبیر کرا. دکتۆر حەمدیە گوتی: «کۆنفرانسەکە وەک ئەوەی ریکلامی بۆکرا وانەبوو کەموکورتی




ئەمی بیڵ

فۆتۆ: وارڤین

زۆری هەبوو». ئەوەی جێگەی ڕەخنەبوو بەلای دکتۆرە حەمدییەو ڤیانەوەو بۆ وارڤین دەربان بڕی «ئافرەت لەو کۆنفرانسە وەک خزمەتگوزار دانراو جلی کوردی لەبەرکراو بۆ ڕازاندنەوە بەکارهێنرا کەچی ئێمەش وەک پسپۆرانی بواری پەرستاری کە ئافرەتین هەر بانگهێشتنەکراین. ڕۆڵی بەشداری ژن لەو کۆنفرانسە کەمبوو. پێویستیشی نەدەکرد بۆ لەکۆنفرانسی زانستی ژن بکرێتە خزمەتکاری پیاو و لەپێشەوە بۆ نمایشکردن دابنرێت».

## ناوەڕۆکی کۆنگرە

لەڕۆژانی ٢-٤ ئەم مانگە لەهۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵلای شاری هەولێر بەبەشداری ٤٠٠ کەسی پسپۆڕ لەناوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان کۆنگرەی نێودەوڵەتی چاکسازی و پەرەپێدانی سیستەمی تەندروستی لەهەرێمی کوردستان دەستی بەکارەکانی کرد. لەو کۆنگرەیەدا کە وارڤینیش ئامادەبوو ئامانجی سەرەکی کۆنگرەکە دابەشی سەر چوار بەشی سەرەکی کرا: بەشی یەکەمی کۆنگرە بریتیبوو لەئابووری تەندروستی و بڕیاردرا پێداچوونەوە لەنرخی خزمەتگوزاری تەندروستی لەهەرێمی کوردستان بکرێت. بەشی دووهەمی کۆنگرەکە بریتیبوو لەسیاسەت و کارگێری تەندروستی کە تێیدا جەخت لەبەرەوپێشبردنی سەرچاوەمرۆییەکان و جۆری خزمەتی تەندروستی و سەلامەتی نەخۆش و سیستەمی پێزانینی تەندروستی و پیشەیی و پەرستاران کرایەوە. بەشی سێهەمی بەرنامەی کۆنگرەکە بریتیبوو لەدانانی سیستەمێکی تەندروستی ستانداردی نێودەوڵەتی کە بنەمایەکی پێشکەوتووی جیهانی هەبێت. لەبەشی چوارەمی بەرنامەی کۆنگرەکە پەیوەندی کەرتی تەندروستی گشتی و تایبەتی و ڕێکخستنی هەماهەنگیەکان گفتوگۆی لەبارەوەکرا. بەشی پێنجەمی بەرنامەی کۆنگرەکەش باسکردن لەسیستەمی ڕەوانەکردنی نەخۆش و پزیشکی خێزانی و چاودێری تەندروستی لەلادێکان بوو. بەشی شەشەم و کۆتایی کۆنگرەکەش ڕێکخستنەوەی کارگێری دەرمان و کەموکورتییەکانی دەستنیشانکرد. ئەمانە بنەما سەرەکییەکانی ئەو کۆنگرەیەبوو کە ٣ ڕۆژ گفتوگۆی لەبارەوە کرا.

## کڕینی دەرمان

د.فەریدون ئیبراهیم، یەکێک لەڕێکخەرانی ئەو کۆنفرانسەیە بە وارڤینی گوت، کە دوای ئەو کۆنگرەیە دەستدەکرێت بەڕێکخستنەوەی لایەنی تەندروستی و کۆنترۆڵی جۆری و ڕێکخستنەوەی تۆرینگەکانی هەرێم. هەروەها لەڕووی چۆنیەتی هاتنی دەرمان و دانانی کۆنترۆڵی جۆری و کارئاسانیکردن بۆ دەستکەوتنی دەرمان لەهەرێمی کوردستاندا یەکێک لەبنەماکانی کاری ئەو کۆنگرەیە بوو. وەزیری تەندروستی هەرێم د. تاهیر هەورامی لەبارەی ئەو کۆنفراسنەوە دەڵێ کۆنگرەکە بۆ ڕیفۆرم لەسیستەمی تەندروستی بوو، تا بتوانرێت بەشێوەیەکی باشتر خزمەتی هاووڵاتییان بکرێت. ئەو گوتارانەی کە لەو کۆنگرەیەدا پێشکەشکران و بەلای وەزارەتی تەندروستی جێگەی بایەخبوو، لەمەودوا راستەوخۆ لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە، پەیوەندی لەگەڵ ئەو کۆمپانیا جیهانییانە دەکرێت کە دەرمان دروستدەکەن، بۆ ئەو مەبەستەش بودجەی ئەو وەزارەتە زیاد دەکرێت. هاوکات دەستدەکرێت بەدروستکردنی لێژنەیەک لەوەزارەتی تەندروستی بۆ چۆنیەتی کڕینی دەرمان و زانیاری وەرگرتن لەڕووی دەرمان کە ئەو لیژنەیە مانگانە ئامادەکاری و ڕاپۆرت و ئاماری خۆی دەبێت.

پرۆفیسۆر ئەن کۆرین، لەکۆلێژی تەندروستی زانستە مرۆڤایەتییەکانی ئێسێکسی بەریتانی لەبارەی ئەو کۆنفرانسەوە بۆ وارڤینی گوت: «بۆچوونی زۆرمان لەگەڵ پزیشکانی هەرێم لەبارەی تەندروستی زانستە مرۆڤایەتییەکان ئاڵوگۆڕکرد کە بەو بەرنامەیە دەبێ هەرێم بایەخی زۆر بەهۆشیاری کۆمەڵایەتی و تاکەکانی بدات». ئەو دەڵێ چاوەڕواندەکرێت کە دوای ئەو کۆنفرانسە هەرێم لەڕێگەی بەرنامەیەکی تۆکمەوە بایەخ بەتەندروستی کۆمەڵایەتی بدات ئەمەش بەرێگەی ئەو لێکۆڵینەوە زانستیانەوە دەکرێت کە لەبارەی هەرێمەوە دەکرێن. ئەن کۆرین، ئامادەیی زانکۆکەی بۆ یارمەتیدانی هەرێمی کوردستان لەرێگەی نێتوۆرکەوە دەربڕی و گوتی پاڵپشتی بەردەوامی هەرێم دەبین. جەختی لەوە کردەوە کە لەو کۆنفرانسەدا ئەزموونی زانکۆکەی بۆ هەرێم شیکردووەتەوە کە چۆن بایەخ بەلایەنی تەندروستی بدرێت. هاوکات دووپاتیکردەوە سیستەمی تەندروستی بەرێگەی توێژینەوەی زانستی باش و چاودێری بەردەوامەوە ئەنجامدەدرێت.

## کەنەدا هاوکاری تەندروستی هەرێم دەکات

ئەمی بێل، سەرۆکی دەزگای دۆستانی کوردستان کە دەزگایەکی کەنەدییەو ڕێکخراوێکی خزمەتگوزاری تەندروستییە لەهەرێمی کوردستان کار دەکات، بەشداربوویەکی دیکەی کۆنگرەی تەندروستی هەرێم بوو. بە وارڤینی گوت: «ئێمە لەرێگەی ڕێکخراوەکەمانەوە خزمەتی هەمەجۆری کەنەدادا پێشکەشی منداڵان و ژنانی هەرێمی کوردستان دەکەم». ئەمی، خۆشخاڵی خۆی دەربڕی کە ئەمڕۆ لەکوردستان باس لە گۆڕینی سیستەم دەکرێت و بەرێگەی پلانێکی نێودەوڵەتییەوە لێرەوە هەنگاو بەرەو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی تەندروستی دەنرێت.

www.netewe.com

### سەرۆکی ئەکادیمای نەخشەسازی و لەشساغی جیهانی بۆ وارڤین:

# پرۆژەیەکم بۆ گۆڕینی تەندروستی هەرێم پێیە




ئالان دیلانی

فۆتۆ: وارڤین

**وارڤین - تایبەت:**

**بیرمەندێکی کورد کە سەرۆکی ئەکادیمیای نەخشەسازی و لەشساغی جیهانەو لەتەواوی وڵاتانی جیهاندا ناسراوە، لەدیمانەیەکی وارڤیندا باس لەپرۆژەیەک دەکات کە بەنیازە لەهەرێمی کوردستان ئەنجامی بدات. ئەو پرۆفیسۆرە کە ناوی ئالان دیلانییە دەڵێ «دەمەوێ کوردستان لەڕووی نەخشەسازی و لەشساغییەوە بگۆڕم، هاوکات بەیارمەتی زانکۆی هاروارد بەنیازم پرۆژەیەک بۆ گۆڕینی ناوی وەزارەتی تەندروستی لەتەواوی جیهان پێشکەش بکات».**

## لە مهابادەوە بۆ ستوکهۆلم

ئەکادیمیای نەخشەسازی و لەشساغی لەساڵی ١٩٩٧ لەسەر دەستی بیرمەندێکی کورد بەناوی ئالان دیلانی، دامەزراوەو ئەو ئەکادیمایایە بارەگای سەرەکی لەستوکهۆلم و لەندەن هەیە. پرۆفیسۆر ئالان ٢٢ ساڵە لەوڵاتی سوید دەژیت و خەڵکی شاری مەهابادی رۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو دوای ٢٢ ساڵ نیشتەجێبوون لە سوێد، بەکوردییەکی پاراوی مەهابادی قسەی دەکردو لەماوەی ١٥ ساڵی رابردوویش بەهاوکاری زانکۆی هاروارد ٧ کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ پێشخستنی جیهان لەبواری نەخشەسازی و لەشساغیی لە جیهان سازکردەوە «بەنیازین مانگی حەوتی داهاتوو ٨ـمین کۆنگرەی نێودەوڵەتی لە بۆستن، بەهاوکاری زانکۆی هاروارد سازبکەین و لەو کۆنگرەیەشدا کۆمەڵێک پرۆژە، لەڕووی نەخشەسازی و تەندروستییەوە پێشکەشی تەواوی جیهان دەکەین.

هەروەها ئەو دەڵێ هەڵەیە بگوترێت وەزارەتی تەندروستی، چونکە ئەو وەزارەتە بۆ چارەسەری نەخۆشەکانە، بۆیە پرۆژەیەکمان ئامادەکردووە کە لەتەواوی جیهان ناوی وەزارەتەکان بکرێتە وەزارەتی نەخۆشەکان و ئەمە بۆ تایبەتمەندی چارەسەری نەخۆش باشە، چونکە چەمکی تەندروستی گشتگیرە».

پرۆفیسۆر ئالان دیلانی، وەک سەرۆکی ئەکادیمیای نەخشەکێشی و لەشساغی جیهانی، بەشداری لەکۆنگرەی گۆڕینی سیستەمی تەندوستی هەرێم کردو لەروانگەی ئەو هەوڵەکانی ئەو کۆنگرەیە سوودی بۆ سیستەمی تەندروستی دەبێ «بەیەک شەو رۆژ گۆڕانکاری ناکرێت، بەڵکو ئێمە لەرێگەی نێتورکەوە لەگەڵ تەندروستکارانی هەرێم بەردەوام دەبین و ئەوان دەتوانن لەو پەیوەندییەی ئێمە سوودوەربگرن».

ئەوەی جێگەی نیگەرانی ئەو بیرمەندەی کوردبوو، نەبوونی سیستەمێک بوو لەهەرێمی کوردستان، کاتێ کە خەڵک لە دەرەوەی وڵات بانگهێشتی کۆنگرەکان دەکرێت چۆن بتوانێ سوودیان لێوەربگرێت کە تائێستا لەکوردستان ئەو سیستەمە نییە. «لەکوردستان سیستەمی پەیوەندیکردن بەپسپۆڕانی کورد یان بیانی لەدەرەوە نییە، زۆر لەو کەسانەی دێنە هەرێم، نازانن بۆچی دێن و بانگهێشتکراون و چۆن ئەو سوودە بگەیەنن».

ئالان دیلانی، ئاشکرایدەکات ئەو پرۆژەیەکی بۆ نەخشەسازی و لەشساغی هەرێم ئامادەکردووەو چاوەڕێی وەڵامی سەرۆکوەزیرانی کوردستانەو دەڵێ «دەمەوێ کوردستان لەڕووی نەخشەسازی و لەشساغییەوە بگۆڕم و ئەو کارەش بەئاسانی دەتوانم ئەنجامیبدەم. پرۆژەیەکم بۆ چۆنیەتی نەخشەکێشانی لایەنی تەندروستی هەرێمی کوردستان و باشترکردنی لایەنی تەندروستی خەڵک لەو هەرێمەدا پێیەو چاوەڕێ وەڵامی د.بەرهەمم بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو پرۆژەیە».

ئەو ئاشکرایدەکات کە بۆ ئەو پرۆژەیە لەلایەن وەزیری تەندروستی عێراقەوە د.مەجید پەیوەندی پێوەکراوەو بۆیە بەنیازە خزمەت



www.netewe.com




حکومەت ناتوانێت بە ڕێگای دەرمان کەموکورتییەکان چارەسەربکات

فۆتۆ: وارڤین

لەهەرێمی کوردستان بکات.

کارەکانی ئالان دیلانی، وێڕای ئەوەی لەیەکێتی ئەورووپا دەنگی داوەتەوە هاوکات ئەو خاوەنی گەورەترین خەڵاتی جیهانی ساڵی ٢٠١٠ی دەزگای بیناسازی ئەمریکایە، لەچەندین وڵاتدا نەخشەسازی نوێی بۆ دروستکردنی بینای تەندروستی پێشکەش کردووە. توێژینەوەکانیشی لەبارەی لایەنی لەشساغی و دەروونی و ژینگەیی بووەو ئەو لەبارەی هەرێمی کوردستانەوە دەڵی «لە ٢٠٠٥ سەردانی کوردستانی کردووەو دەمەوی بەهەمان شێوەی وڵاتانی دنیا سوود بگەیەنم کە چۆن بتوانین بینای نەخۆشخانە لەرووی نەخشەسازییەوە دروستبکەین، هەروەها چۆن تەندروستی هاووڵاتیان لەڕووی لەشساغییەوە باشتر بکرێت. پشتگیری لە نەخۆش بکرێت و تەندروستی بەهێز بکرێت دوای ئەو قۆناخە دەرمان پێشکەش بکەیت». ئەو بەپێویستی دەزانێت بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی تەندروستت هەبێ پێویستە سەرەتا لەبایەخدان بەمنداڵانەوە دەستپێبکرێت. «پێویستە ئەو سیستەمە لەهەرێمی کوردستان هەنگاوی بۆ بنرێت لەڕووی نەخشەسازییەوە بایەخ بەقوتابخانەکان بدرێت و منداڵ فێری چۆنیەتی یاریکردن و وەرزش بکرێت. هەروەها لەرێگەی پزیشکی خێزانییەوە منداڵ فێری چۆنیەتی خواردن بکرێت کە چ جۆرە خواردنێک بخوات. ئەمە وادەکات ئەو تاکە تووشی نەخۆشی نەبێت و تاکێکی تەندروستکار بێت».

بەبۆچوونی دیلانی تەندروستی ٣ بەشە: جەستەیی، دەرونی و کۆمەڵایەتییە. ئەو پسپۆڕەی بواری تەندروستی هەروەها دەڵێ «حکوومەتی هەرێم ئەگەر پێیوابێت بەرێگەی دەرمان دەتوانێت چارەسەری کەموکورتی تەندروستی بکات ئەمە هەڵەیە، بەڵکو بەر لەقۆناغی دەرمان، ڕێگاکانی سەلامەتی دەروونی و کۆمەڵایەتی، پێویستە سەرەتا چۆن بتوانین کۆمەڵگا لەخواردنی جگەرە دووربخەینەوەو دواتر ئەو خواردنەی کە چەوری زۆرەو تووشی شەکرەو جەڵتەیان دەکات، هۆشیاریان بکەینەوەو دواتر فێری وەرزشکردنیان بکەین، بەوە خەرجیاتی کڕینی دەرمان کەمدەبێتەوەو خەڵک کەمتر نەخۆشدەکەوێت».

لەدوا قسەکانیدا نەیشاردەوە کە هیوایەکی زۆری بەپێشخستنی هەرێمی کوردستان لەڕووی تەندروستییەوە هەیە. «هەرێمی کوردستان لە ٥٠٪ی وڵاتانی دنیا لەڕووی تەندروستی و ئابوورییەوە پێشکەوتووترە، بۆیە ئەو دەیەوێ سیستەمی تەندروستی لەهەرێم بەرەو باشترین وڵاتی دنیا هەنگاو بنێت».

**پرۆفایل**

**لە مەهابادی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە ٢٢ ساڵە لە سوید نیشتەجێیە.**

**بڕوانامەی دکتۆرای لەبواری نەخشەسازی و تەندروستی لەزانکۆی شاهانەی ستوکهۆلم وەرگرتووە.**

**ماستێری لەنەخشەسازی و ژینگە لەتۆرینو لەئیتالیا وەرگرتووە.**

**سەرۆکی بنکەی توێژینەوەی زانستی ستوکهۆلمەو لەبواری نەخشەسازی و لەشساخی لەزانکۆی هاروارد وانەبێژە.**

**سەرۆکی ئەکادیمای نەخشەسازی و لەشساخی جیهانییە.**



www.nelewe.com

# تاڵە موو لە خواردندا

## ئەتەکێت

ئایا هیچ کاتێک هەبووە لە قاپی خواردنەکەتدا، تاڵەقژ یان مێروله یا هەر شتێکی هاوشێوەت بەرچاو یان بەدیکردبێت. ئایا تێرامانت کردووە سەبارەت بەوەی ئەو تاڵە قژە، نەرمە یان ژاکاو؟ ئایا ئەو مێرووە زیندووە یان مردوو؟

دەزانم ئێستا کاردانەوەتان چییە، بەڵام ئەمە راستییەکە زۆرێک لە ئێمە رووبەرووی دەبینەوە. چۆن مامەڵە دەکەی کاتێک خۆت لەو هەڵوێستەدا دەبینیتەوە؟

لەکاتی بینینی تاڵەمو یان هەرشتێکی نامۆ لەقاپی شیوخواردندا، بۆ بێزارنەبوونی هەموو لایەک پێویستە بەمجۆرە مامەڵە بکەیت:

* ئەگەر تووشی هیچ حاڵەتێکی بێزاری و نیگەرانی نەبوویت، دەتوانی ئەو بەشە پیسەی لابەریت و خواردنەکەت تەواو بکەیت. بەڵام لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی بەرپرسەکە لێی یان ئەو کەسەی خواردنەکەی هێناوە.

* ئەگەر تووشی بێزاری بوویت و لەماڵی یەکێک لەهاوڕێکانت بووی، نەتتوانی هیچ بەشێکی خواردنەکە بخۆی، دەتوانی قاپی خواردنەکە بەجێ بهێڵیت. بەڵام ئەگەر هاتوو لەچێشتخانە بوویت پێویستە گارسۆنەکە، بانگ بکەیت بۆ ئەوەی یەکسەر قاپەکەت بۆ بگۆڕێ.

* ئەگەر هاتوو بێئاگایانە ئەو بەشەی خواردنەکەت خستە دەمت، پێویستە بەدەست لەدەمت بیهێنیتە دەرەوەو لەلایەکی قاپەکەتەوە دایبنێی. بەڵام بێئەوەی هیچ کەس ئاگای لێ بێت.



کنێر عەبدوڵلا

kner_abdullah@yahoo.com

www.netewe.com

# ژن و ژیان

## چارەنووسی ژن لە شارستانیەتی هیندی کۆندا

## (٥-٢)

بەباشی دەزانین لێرەدا ئاماژە بکەین بۆ لاپەڕەیەکی دیکەی یاسای مانۆ کە باسی ژن دەکات. مانۆ، بەشێوازێک کە ئیلاهیاتی سەرەتایی مەسیحیەت بەبیردەهێنێتەوە سەبارەت بەژن دەدوێ و دەڵێ: «ژن سەرچاوەی بێئابڕوویی و ناوزڕانە، ژن سەرچاوەی شەڕوشۆڕو ئاژاوە، فەرتەنە، هەراوهوریایە، ژن سەرچاوەوی ژیانی میوانی جیهانی گڵ وخۆڵینە، بۆیە دەبێ لەژن دووری بکرێت».
ئەمە بیروباوەڕی کۆنی هیندە سەبارەت بەکەسایەتی ژن. بۆیە ژنی هیندی لەهەمبەر ئەم بۆچوونە مێرد بەسەروەرو سالارو خاوەن و ئەرباب دەزانی و تەنانەت بە «خودای من» بانگی مێردیان دەکرد. لەنێو خەڵک و لەبەرچاو خەڵکەوە دوورتر لەمێردەکەی دادەنیشت وبەتایبەت لەکاتی هاتووچۆکردندا هەمیشە چەند هەنگاوێک پاش مێردەکەیان هەنگاویان هەڵدەگرت و ڕێگایان دەپێواو کڕوکپ دادەنیشتن و ورتەیان لێوەنەدەهات. ژنی هیندی دەبووا کاتی سفرە راخستن و نانخواردن پاش مێردو کوڕەکانی (نێرینەی ناو ماڵ) نان بخوات و لەڕاستیدا بەرماوەی ئەوانی دەخوارد کە زۆرجار هیچ لەبەریان نەدەمایەوەو بەمجۆرە ژن لەو سفرەو خوانە شتێکی بەرنەدەکەوت، برسی و ماندوو چاوەڕێی ژەم وخوانێکی دیکە دەمایەوە. دەبوو ژن وەک ڕێزلێنان لەکاتی نووستن بنی پێی مێردەکەی راموسابا. بەگوێرەی یاسای مانۆ، ئەو ژنەی کە گوێرایەڵ و بەرقەوڵی مێردەکەی نەبووایە ئەوە لەدنیای پاش مردن دەبوو بەچەقەڵ .
«مگاستنس» یەکێک لەنووسەرانی هێندی سەبارەت بەسەردەمی «چاندرا گۆپتا» نووسیویەتی: «بەرهمەنەکان (پیاوە ئایینییەکان) کە هەرکامەیان چەندین ژنیان هەبوو نەیاندەهێشت ژنەکانیان فێرە خوێندن بن، بەتایبەت نەیاندەهێشت فێری فەلسەفە ببن و ژێرو ژوور و بەرزو نزمی ژیان تێبگەن. چونکە ئەگەر ژنان لەروانگەی فەلسەفەوە لەخۆشی، چێژ و ئازاری ژیان بڕوانن و لەڕاستی مەرگ و ژیان شارەزابن، یان تووشی کرمۆڵی و خراپە دەبن یان چیتر لەکۆتوبەندی مێردا نامێنن و یاخی دەبن».
هەروەها لەیاسای مانۆدا هاتووە کە (سێ) کەس شیاوی داهاتی ئابووری نین «ژن، کچ و کۆیلە» هەموو شتێک دەبوو بەهی خاوەن و ئەربابەکان و تەنیا ژن دەیتوانی خاوەنی ماڵەباوان و جیازیەکەی بێت کە لەکاتی مێردکردن لەماڵە بابی هێنابووی بۆ ماڵی مێردەکەی.
فرەژنی لەکۆمەڵگای هیندی نەتەنیا باو بوو، بەڵکۆ لەناو گەورەماڵاندا بەفەڕو شانازیەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکراو برەوی پێدەدرا. هەڵبەت لەو سەردەمە بەپێچەوانەی ئەو دیاردە باوەی شارستانیەتی کۆنی هیند، باسی چیرۆکێکی سەرسووڕهێنەر دەگێڕنەوە. چیرۆکی «درۆپادی» (Draupadi) کە باسی ژنێکە لەیەک ئان و ساتدا مێردی بە پێنج برا کردووەو ژنی پێنج برا بووە. وەک دەڵێن شوێنەواری ئەم فرەمێردیە هەتا ساڵی (١٨٥٩)لەسیلان مابوو، تەنانەت دەیان ساڵ دواتریش لەهێندێک لەکوێرەگوندەکانی تبت و کوێستانەکان هیمالایا بینراوەو باسکراوە.
لەبنەماڵە هیندی مێرد خاوەن و ئەربابی ژن و منداڵی بووەو تەنانەت هەندێجار دەیتوانی بیانفرۆشێت یان لەماڵ بیانخاتە دەرەوەو بەرەڵای ناو کۆڵانیان بکات. لەیاسای مانۆدا ئاماژە بەوەکراوە کە ژن لەژیانیدا دەبێت پیاوێک (باوک، مێرد یان کوڕ) خاوەن و خودانی بێت لەم شارستانیەتدا مێرد دەیتوانی ژنەکەی بەتاوانی بێئابڕوویی تەڵاقبدات، ئەمە لەکاتێکدایە ژن بەهیچجۆرو بەهیچ بەڵگەو بنەمایەک نەیدەتوانی لەمێردەکەی جیابێتەوە. لەهەموو ئەمانە سەیرتر هەبوونی دابونەریتی باوی «ساتیە» لەهیندی کۆندا. ڕێوڕەسمی «ساتی» بەمجۆرە بوو کە دوای مردنی مێرد ژن یان ژنەکانی ئەو مێردە مردووەیان، لەگەڵ تەرمی مردووەکە لەقووڵکەیەک بەزیندوویی دەسووتاند، یان زیندەبەچاڵیان دەکردن. لەلێکۆڵینەوەی بەسەرهات و چارەنووسی ژن لەهیندی کۆن بابەتێکی دیکە سەرنجمان رادەکێشێت کە یەکجار سەرسووڕهێنەرە ئەویش ئەوەیە، هێندێجار ژنانی خانەدان کچێک لەکچەکانی پێشکەشدەکرد بەپەرستگا تاکو لەپێناویدا لەشفرۆشی بکات.

**هەژار هەورامی**

## مێژووی ئافرەتانی ناودار:

# ماریا مۆنتێسۆری

# Maria Montessori

**(کیارا ڤالێ ١٨٧٠ ئیتالیا – نۆردڤەیک ١٩٥٢ هۆڵەندا)**




مامۆستا، پەروەردەکار، فەیلەسوف، پزیشک، زانا و کەسێکی خۆبەخش بووە، زۆر لەخزمەتی مرۆڤایەتیدا بووەو بەیەکێک لەئافرەتە فریشتەئاسا ناوبانگی دەرکردووە، بەشێوەیەک وێنەی بکەوێتەسەر دراوی ئیتالی.

ماریا مۆنتێسۆری، باوکی ناوی «ئالێساندرۆ مۆنتێسۆری» و دایکیشی «رێنیلدێ ستۆپپانی» بووە، لە گوڕەپانی ماتسینی لە کیاراڤاللێی ئیتالیا لە ٣١ ی ئۆگۆستی ساڵی ١٨٧٠دا هاتۆتە دونیاوە. باوکی بەهۆی کارەوە لەمانگی مارتی ١٨٧٣دا دەگوازرێتەوە بۆ فلۆرەنسا و دوو ساڵ لەگەڵ خێزانەکەی و ماریا دەگوزەرێنن، دواتر بەرەو رۆما دەچن کە ماوەیەکی کەم بووە بەپایتەخت، ماریا دەخرێتە قوتابخانەی شارەوانی ئامادەکردنی ریۆپۆنتێ «باخچەی ساوایان». هەر لەسەرەتای منداڵیەوە دیاردەبێ کە منداڵێکی زیرەک و چالاک دەبێت، لەخوێندنی سەرەتایی فەرەنسی و پیانۆ فێردەبێت، زۆر بەختەوەر نابێ بەهۆی خراپبوونی باری تەندروستییەوە، بەردەوام نابێ لەخوێندن، لە تەمەنی ١١ ساڵیدا جارێکیتر دەستدەکاتەوە بەخوێندن و قوتابیەکی زیرەک و چابوک دەبێت، بەتایبەتیش لەرێزمانی زمانی ئیتالی و ماتماتیکدا. لەفێبریوەری ١٨٨٤ دا لەرۆما یەکەم قوتابخانەی حکوومی کچان دەکرێتەوەو «ماریا» یەکێک دەبێ لە ٣ باشترین قوتابیانی ئەو قوتابخانەیەو دیپلۆمەکەی بەکۆی ١٩/٢٥ بەدەستدەهێنێت.

ماریا مۆنتێسۆری، لەخوێندندا گرنگی زۆری بۆ وانە زانستییەکان دەبێت، بەتایبەتیش بایۆلۆجی، ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی دایک و باوکی دوای قۆناغی ئامادەیی، هانیبدەن کە ببێتە مامۆستا و بەردەوامنەبێت لەخوێندن، گەرچی بەخواستی دایک و باوکی بوایە ماریە هەر نەیخوێندباو کچی ماڵەوە بوایە. بۆیە ماریا هانا بۆ باپیری دەبات کە هاریکاری بێت بۆ ئەوەی بچێتە زانکۆ، ئەم هەوڵدانەی بەفیرۆناچێت و لە کۆلێجی پزیشکی زانکۆی «لا ساپێنتزە»ی رۆما وەردەگیرێت و بەیەکێک لە یەکەم ئەو ئافرەتانە هەژماردەکرێت کە دوای یەکگرتنی ئیتاڵیا بوونەتە پزیشک لەساڵی ١٨٩٦دا. لەکاتی خوێندندا خۆی تەرخاندەکات بۆ شێوازی لێکۆڵینەوە لە تاقیگەدا و جگە لەخوێندنی باتێریۆلۆجی میکرۆسکۆپی و ئەندازیاری تاقیگەو پزیشکی منداڵان لەنەخۆشخانەی منداڵان و نەخۆشییەکانی ژنان لەنەخۆشخانەی «سان جۆڤاننی لە لاتێرنۆ» و نەخۆشیەکانی پیاوان لەنەخۆشخانەی «سانتۆ سپیریتۆ دی ساسیبا» دوو نەخۆشخانە کە تائێستاش هەر لەکاردان و ماون.

ماریا بەهۆی زیرەکی و لێهاتوویی و بلیمەتی خۆیەوە ساڵێک بەر لەتەواوکردنی زانکۆ، لەساڵی ١٨٩٥دا پێشبڕکێیەک بەهەزار لیرەی ئەوکاتە دەباتەوە، بەهۆی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر زانستی نەخۆشیە گشتییەکان و دەکرێتە ئەندام لە «گروپی پزیشکی نەخۆشخانەکان» و مافی چوونە ناو «رێکخراوی لانسیسیانە»ش وەردەگرێت، کە بریتیبوون لە دکتۆر و پرۆفیسۆرەکانی نەخۆشخانەی رۆماو بەردەوامدەبێت لە لێکۆڵینەوەکانی و رۆژی ١٠ ی تەموزی ١٨٩٦ بەکالۆریۆس لەپزیشکیدا بەسەرکەوتوویی بەدەستدەهێنێت.

www.netewe.com



سەرەتای کارکردنی لە نەخۆشخانەکانی ڕۆمادا، بەردەوامی بەلێکۆڵینەوەکانی دەدات، زیاتر سەرقاڵی منداڵانی هەتیو و دواتر سەرقاڵی چارەسەرکردنی ئەو منداڵانە دەبێت کە کێشەی دەروونییان دەبێت، یان بەدرەنگ فێردەبن یان بەدەستەواژەکەی ئەو بە منداڵانی نائاسایی ناوی دەبردن. بە چوونەناو ئەو کارە گرنگی بەدواداچوونی زیاتری لاپەیادەبێ و لێکۆڵینەوەکانی دەباتە ئینگلتەرا، فەرەنسا و هەر لەوکاتەدا گرنگی بۆ ئەدەبیاتی زانستی فەرەنسی لادروستدەبێت. لەزۆربەی کۆنفرانس و کۆبوونەوە لە شارەکانی ئەوروپا بانگهێشت دەکرێت و بەشدار دەبێ و ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەر لەهەموو ئەو بانگهێشتنانەدا دەبینێ و ئەنجامی سەرەتایی مێتۆدەکەی ڕادەگەیەنێت. لەساڵی ١٨٩٨دا لێکۆڵینەوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە ئەنجامدەدات و لە تورینۆ لە کۆنفراسێکدا پێشکەشیدەکات و دەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی پێگەیاندنی مامۆستایان.

گرنگی بۆ کارەکەی لە زیادبووندا دەبێت، بۆیە دەست بەخوێندنی کۆلێجی فەلسەفە دەکات و ساڵی ١٩٠٤ تەواوی دەکات.




لەساڵی ١٩٠٧دا ناوەندێک دروستدەکات بەناوی «ماڵی منداڵان» و لێرەوە مێتۆدێکی تایبەت بەخۆی پیادە دەکات بۆ شێوازی پەروەردەکردن و ناوبانگی ئەو مێتۆدە لەجیهاندا دەنگدەداتەوەو یەکەمجار لەئەمریکا پیادە دەکرێت و ناوی لێدەندرێت مێتۆدی «مۆنتێسۆریانۆ» و دواتر لەئەورووپاش لە ساڵی ١٩٢٤ وە ڕێکخراوی «مۆنتێسۆریانۆ» و لە زۆربەی شارەکانی وڵاتانی ئەورووپاشدا هەمان قوتابخانە، بەهەمان ناوەوە دەکرێتەوە.

ماریا، چەندین پەرتووکی لەسەر لێکۆڵینەوەو مێتۆدەکانی نووسیوەو هەموشیان بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگی بواری خوێندن و پەروەردەکردن و سیستەمی گەشەپێکردنی



مێشکی منداڵان و چارەسەری نەهێشتنی نەخوێندەواری.

ماریا مۆنتێسۆری، لە یەکێک لەپەرتووکەکانیدا دەنووسێ «کێشەی کەمتێگەیشتن و فێرنەبوونی منداڵ بەپێی تەمەنەکەی، لەچاو منداڵێکی ئاساییدا، نابێت بەدەرمان چارەسەربکرێت، بەڵکو دەبێ بەپرۆسەیەکی پەروەردەکردندا بڕوات و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیدا چارەسەرییە. هەموو منداڵێ خاوەن هەستە وەک هەموو بوونەوەرێک، کێشەی هەستنەکردن یان بێئەقڵبوون لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە چارەسەرییەکەی



دەبێت، وا لەو منداڵە بکرێت خۆی هەست بەهەڵەکانی خۆی بکات و مامۆستا تەنیا سەرپەرشتی ڕاستکردنەوەی هەڵەکەی بکات، بێئەوەی فێری ڕاستکردنەوەکەی بکات. دەبێ ئەو منداڵانە سەربەست بکرێن لەچۆنێتی هەڵبژاردنی ئەو کەلوپەلانەی ئارەزوویان لێیەتی تا هەست بەو بوونە بکات کە مێشکی پێویستی پێیەتی. لەکۆتاییدا کەواتە پەروەردەکردن دەبێتە پرۆسێسێکی خۆپەروەردەکردن و خۆکۆنترۆڵکردن».

ماریا مۆنتێسۆری، لە ٦ی مەی ساڵی ١٩٥٢ دا لە «نۆردڤەیک- هۆلەندا» ماڵئاوایی لەدونیای لێکۆڵینەوەو جیهانی کێشەو گەشەسەندنی منداڵان دەکات و تائێستاش بەسەدان قوتابخانەو ئەنیستوت و ناوەند و ڕێکخراوی لێکۆڵینەوە لە ئەوروپا و جیهاندا بەناوی «مۆنتێسۆریانۆ» لەسەر مێتۆدەکەی، منداڵان پەروەردە دەکەن و ژیانی هەزارەها منداڵ ڕزگاردەکەن کەلە ناو کۆمەڵگادا بە نەزان، نەفام یان تەمبەل هەژمار دەکرێن و لەو قوتابخانەدا زۆر بەباشی، بەو مێتۆدە فێردەکرێن و ئەنجامی باش بەدەستدەهێنن.

گرنگی ماریا مۆنتێسۆری، ناوبانگی و ئەو خزمەتەی بەمرۆڤایەتی، بووە هۆکارێک بەدوای مردنیدا، لەدراوی هەزار لیرەی ئیتالیدا، وێنەکەی جێگای «مارکۆ پۆلۆ» بگرێتەوەو تا گۆڕینی دراو بە «یۆرۆ» لە ساڵی ٢٠٠٠ دا بمێنێت.

**سامان عەلی سابونچی**

www.netewe.com



# زولەیخا: دەمەوێ بە هەموو زمانەکانی دنیا گۆرانی بڵێم

وارڤین – ئەستەنبوڵ:

**گۆرانیبێژی کورد زولەیخا ئۆرتاک گۆرانییەکانی هونەرمەندێکی بەناوبانگی تورکی وەرگێڕاوەتەوە سەر ١٠ زمان و ئەلبومێکی لەو گۆرانییانە دەرکردووە.**

هونەرمەندی دەنگخۆشی کورد زولەیخا ئۆرتاک بە ئەسڵ خەڵکی موتکایای بەدلیسە لە تورکیا دەرگایەکی نوێی بەڕووی هونەردا کردەوە. ئۆرتاک، گۆرانییەکانی هونەرمەند زولفۆ لیڤانەلی کەلە تورکیاو جیهان زۆر بەناوبانگە، وەرگێڕاوەتە سەر ١٠ زمان و ئەلبومێکی لێ بەرهەمهێناوە. ئەلبومەکەی ئۆرتاک ناوی «گۆرانییەکانی زولفۆ لیڤانەلی لەزمانی نەتەوەکانی دیکەدا»یە. لەئەلبومەکەدا جگە لە زازاکی و کرمانجی بە ٨ زمانی دیکە کەلە تورکیا و باکووری کوردستان قسەیان پێدەکرێت گۆرانیگوتراوە. ئەم هونەرمەندە لەسەر قۆناغی دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ئەلبومەکەی و هەروەها بیروبۆچوونی خۆی و کاروبارەکانی قسەی بۆ وارڤین کرد.

وارڤین: **کورد وەک هونەرمەندێکی بەدلیسی تۆ دەناسێت، بەڵام تۆ لە ئەستەنبوڵ لەدایکبووی. دەتوانیت هەندێک باسی ئەوەمان بۆ بکەیت؟**

– **زولەیخا:** ساڵی ١٩٨٧ لەئەستەنبوڵ لەدایکبووم. بنەماڵەکەم ٢٥ ساڵ لەمەوبەر لەبەدلیسەوە هاتوونەتە ئەستەنبوڵ. ئێمە ٨ خوشک و براین. منیش حەوتەمینم. بنەماڵەکەم هەندێک موحافزکار بووە. بەڵام ئێمە هەمیشە دەمانزانی کە ئێمە چی و چەندەمان دەوێت. بنەماڵەکەم زۆر بەڕێزن. ماڵەکەمان لەئەستەنبوڵ لەلای دێری مەریەم ئانا بوو. ئەو کۆڵانەی کە من تێیدا گەورەبووم کورد و ئەرمەنی زۆر لێبوو. هەڤاڵ و دراوسێکانمان زۆربەیان کورد و ئەرمەنی بوون.

وارڤین: **کوردی دەزانی؟**

– **زولەیخا:** بەڵێ. من بەشێوەزاری زازاکی قسە دەکەم. بەڵام زاراوەی هەرێمی موتکا. من لەمنداڵیمەوە تائێستا بەکوردی قسە دەکەم.

وارڤین: **نێوانت لەگەڵ دەنگبێژی چۆنە؟**

– **زولەیخا:** لەگەڵ دەنگی دەنگبێژاندا گەورەبووم. باوکم هەمیشە گوێی لەدەنگبێژان دەگرت. تائێستاش بەخۆشحاڵییەوە گوێ لەدەنگبێژان دەگرم. ئایشێ شان، مەریەم خان، شاکیرۆ، گولیستان پەروەر و شیڤان پەروەرم زۆر خۆشدەوێ و گوێیان لێدەگرم. بەتایبەت زۆر گوێ لەدەنگی بلوێری عەگیدی جەمۆ، دەگرم.

وارڤین: **ئەو شتانەی کە بەلای تۆ وە گرنگن چین؟**

– **زولەیخا:** مۆسیقاکەم، خێزان و دۆستانمە.

وارڤین: **چۆن لەگەڵ هونەرمەندی بەناوبانگی تورک زولفۆ لیڤانەلی ئاشنابووی؟**

– **زولەیخا:** ساڵی ٢٠٠٧ کە زانکۆم تەواو کرد هەوڵمدا کارێک بدۆزمەوە. بۆ ئەوەیش سیڤییەکەمم بۆ هەموو شوێنێک نارد. رووم لەزۆر شوێن دەکرد، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو، بەشێوەیەک کە هیچ هیوایەکەم بەپەیداکردنی کار نەمابوو. رۆژێک رۆژنامەی وەتەن بۆ چاوپێکەوتن بانگی کردم. بەڕێوەبەری ئیدارەی رۆژنامەی وەتەن ئەمرە بەگ، سیڤییەکەمی لەسەر ئەنتەرنێت بینیبوو. لەسیڤییەکەمدا ئەو شتانەم نووسیبوو کە حەزملێدەکردن وەک گۆرانیبێژی، لێدانی تەمبور. چونکە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانم تەواوکردبوو. ئەو شتانە سەرنجی ئەمرە بەگی راکێشابوو. رۆژێک دوای بانگهێشتەکەیان بەخێرایی رۆیشتمە رۆژنامەی وەتەن. بەڵام نەمدەزانی بۆ چ کارێک بانگیان کردووم. چووم، هەندێک قسەمان کرد. ئەمرە بەگ پێیگوتم: «تۆ دەتەوێ لەداهاتوودا ببیتە گۆرانیبێژ»؟. منیش پێکەنیم. گوتم «بەڵێ دەمەوێ». ئەمرە بەگ گوتی کە ئەوان دەیانەوێ لەگەڵ زولفۆ لیڤانەلی دا کار بکەم.

وارڤین: **گۆرانی زولفۆ لیڤانەلی، بەناوی»بیگیدیم ئاسلانیم» (شێری من عەگیدی من) زۆر بەناوبانگە. چۆن بڕیارتاندا وەرگێڕی سەر زمانی کوردی بکەنەوە؟**

– **زولەیخا:** لەمانگی ئاداری ٢٠٠٩دا داوام لە هەڤاڵی خۆم رەنگین ئەلچی کردبوو کە گۆرانی «ئەی ئازادی – زولفۆ لیڤانەلی» وەربگێڕێتەوە سەر زمانی کوردی. ئەویش دڵی نەشکاندم و وەریگێڕایەوە. بەڵام ئەوکات نەمتوانی بە زولفۆ بڵێم کە کردوومانەتەوە کوردی. رۆژێک کە پێمگوت، لە هاربیە کۆنسێرتی هەبوو.زۆرخۆشحاڵبوو.پێیگوتم: «تۆ دەتوانی ئەو گۆرانییەم بۆ کوردی وەربگێڕیت؟ منیش داواکارییەکەم قبووڵ کرد و لەگەڵ رەنگین قسەم کرد. رەنگینیش دەستپێکرد.پاشان من هەستمکرد کە زولفۆ، زۆر مەبەستیەتی کە ئەو گۆرانییە بە کوردی بگوترێتەوە.

وارڤین: **دواتر ئێوە چۆن بڕیاری دەرکردنی ئەلبومتان دا؟**

– **زولەیخا:** دەستپێک گۆرانییەکانمان وەرگێڕایەسەر کوردی. چونکە من زۆر حەزم لە موزیکی ئەتنیکە، ویستم بەئەرمەنی و لازیش گۆرانی بڵێم. دەستپێک سینگڵێکمان ئامادەکرد. زولفۆ لیڤانەلی و فەرهاد لیڤانەلیش هاریکارییان دەکردم. زولفۆ، بۆ ئەوەی سینگڵ بڵاوبێتەوە ناردی بۆ بولەنت سەرحان. ئەویش گوێی لەدەنگم گرت و داوای چێکردنی ئەلبومی لێکردم. پێیگوتم «تۆ کام زمانت دەوێ، دەتوانی گۆرانی پێ بڵێیت؟». پاشان من دەستم بەئامادەکاری بۆ دەرکردنی ئەلبومەکەم کرد. پاش هەوڵێکی دوورودرێژ توانیمان ئەلبومی «گۆرانییەکانی زولفۆ لیڤانەلی بەزمانگەلی ئەتنیکی» دەربکەین.

وارڤین: **تۆ بەو ئەلبومە دەتەوێ چ پەیامێک بەلایەنگرانت بدەی؟**

– **زولەیخا:** زولفۆ لیڤانەلی، هەم لە تورکیا و هەمیش لەجیهان زۆر ناسراوە. هەرکەس گۆرانییەکانی

www.netewe.com



ئەو هونەرمەندەی به ١٠ زمان گوتی «مەرحەبا»...

فۆتۆ: وارڤین

دەزانـــیَ. ئـیـدی کاتی ئـــەوە هاتبـــوو ئێمە ئەو گۆرانییانە بەو زمانانەی کەلەسەر ئەم نیشتیمانە قســـەیان پێدەکرێت بڵێینەوە. دەتوانم بڵێم ئێمە لەو پرسەدا دواکەوتووین. زمان دەوڵەمەندییەکی کەلتووری ئێمەیە. ئیتر لەجیهاندا گەلان بەزمانی مۆســـیقا یەکتر دەناسنەوە. ئەنەدۆڵ باخچەیەکی گەورەیە. ئێمە بەو ئەلبومە تەنیا گەیشـــتووینەتە بەردەگاکـــەی. گوتمـــان «تەنیـــا زمانێک بەس نییە، بە ١٠ زمان مەرحەبا». ئەو «مەرحەبایە» مەرحەبای ئەو گەلانەیە کەلەسەر ئەم خاکە ئێش و ئازاریان چێشتووە. مەرحەبا، یانیَ ئەو گەلانەی کە ناسنامەی جیاوازیان هەیە دەتوانن لەناو برایەتیدا پێکەوە بژین.

**وارڤیـــن: ئەم رۆژانە لە تورکیا باس لەژیانی «دوو زمانـــی» دەکرێت. ئەلبومەکەی تۆیش لەم کاتەدا دەرچوو، ئایا ئەوە رێکەوتبوو یان؟**

– **زولەیخا:** راســـتە ئێســـتا باس لە ژیانی «دوو زمانـــی» دەکرێت. بەڵام دەتوانـــم بڵێم رێکەوت بوو، چونکە پڕۆژەکەی ئێمە ســـاڵێک لەمەوبەر و بەرلە پرســـی «کرانەوەی کورد» دەستی پێکرد. من بۆ پێشخستنی هونەرەکەم کار دەکەم. کاتێک ئەلبومەکەیش دەرچووگوتم «من هەمووگوڵاڵەکانی جیهانم خۆشدەوێت». من حەزم لەهەموو رەنگ، بۆن و روخسارێکە. ئەوانە هەموویان بۆ من گرنگن. دەمەویَ بەو خۆشەویستییەوە بڵێم «مەرحەبا». بەو ئەلبومە ویستم هەموو کەس لەهەموو بۆنەکان بۆنی وڵاتەکەی ئێمە بکات.

**وارڤین: کیَ ئەو هەموو گۆرانییەی وەرگێڕا؟**

– **زولەیخا:** چەندینکەس کاریان بۆ کردین، هەموویان بەڕێز بوون. بەبیَ ئەوان ئەلبومەکە دەرنەدەچوو. ئەوان ماندوویەتییەکی زۆریان کێشا. لەوەرگێڕانی کرمانجیدا رەنگین ئەلچـــی، زازاکی جەمال تاش، عەرەبی جانا سەیدا، فارسی جاویت مورتەزائۆغلۆ، لازی بیـــرۆل تۆپاڵ ئۆغلۆ، هەمشـــینی حیکمەت ئاکچیچیـــەک و ئەرمەنییش پاکرات ئەســـتۆکیان و گورجیـــش ئیبەریا ئـــۆزکان و بە رومیش ماریا فارنادۆری زەحمەتێکی زۆریان کێشا.

**وارڤیـــن: گۆرانی بەکام زمانیـــان بۆ تۆ زەحمەت بوو؟**

– **زولەیخا:** بە عەرەبی. بەڵام بۆ ئەوەی پەیڤەکان بەدروســـتی ئەدا بکەم، جانا سەیدا و خێزانەکەی زۆر یارمەتییاندام. هەروەها گۆرانیگوتن بە رۆمی و گورجی زەحمەت بوو.

**وارڤین: تۆ زازاکی دەزانـــی. بۆچی خۆت گۆرانی «داغلارا کۆســـتۆم عەلی» ( لەچیا دوور کەوتووم عەلی»ت وەرنەگێڕاو نەتگوتەوە؟**

– **زولەیخا:** زۆر حەزم لێبـــوو، بەڵام جەمال تاش وەریگێڕا و زۆریش خۆش بوو.

**وارڤین: دەتوانـــی پڕۆژەکانی داهاتووت بۆ وارڤین ئاشکرا بکەی؟**

– **زولەیخـــا:** دەمەویَ بە زمانەکانی دیکەی جیهان گۆرانـــی بڵێم و ئەلبومێکی نـــویَ دەربکەم. ئەم ئەلبومەی من هێشتا نوێیە. هەندێک شتی دیکەش هەن کە هێشتا روون نەبوونەتەوە.



دیلار سەولەدار



# نەوال زوغبی بۆ وارڤین:
# بەو زووانە دێمە هەولێر

وارڤین - تایبەت:

**هونەرمەنـدی نـاوداری لوبنانی نـەوال زوغبی لەدیمانەیەکی وارڤیندا باس لە کارە هونەرییەکانی دەکات و بە لایەنگرانیشـی لەهەرێمی کوردستان دەڵێ «بەمنزیکانە لە هەولێر بەیەکتر شاد دەبین و ئاهەنگ سازدەکەم».**

وارڤیـــن: **کێ تـۆی گەیاندە ئەو سـەرکەوتنەی ئەمـڕۆ کە وەک هونەرمەندێکی نـاوداری لوبنان دەریکەویت؟**

- **نەوال زوغبی:** پەروەردگارم.

وارڤیـن: **یەکەم ئەلبومت کـە بەناوی «وحیاتی عندک» بڵاوکـردەوە دەنگدانـەوەی لەجیهانی عەرەبیـدا چـۆن بـوو و تاچەند لـەلای خۆت پەسندبوو؟**

- **نەوال زوغبی:** ئەوکات کە ئەو کلیپەم بڵاوکردەوە، من و دوو هونەرمەندی دیکە لەگۆڕەپانەکە بووین و کلیپەکەم دەنگدانەوەیەکـی بەرچاوی هەبوو، خۆم زۆر لێی ڕازیبووم و پێی دڵخۆشبووم.

وارڤین: **تەنیا بەزمانی عەرەبی گۆرانی دەڵێیت؟ ئەگەر وەڵامت بەڵێیـە بۆ هەوڵتنەداوە، بەزمانی دیکەش گۆرانی بڵێیت؟**

- **نەوال زوغبی:** بێگومان تەنیا بەزمانی عەرەبی، چوونکە من خۆم لەزمانی دیکەدا نابینمەوە.

وارڤیـن: **کامانەن ئەو گۆرانییانەی بەهاوبەشـی لەگەڵ گەورە گۆرانیبێژانی دیکەدا چڕیوتن؟**

- **نەوال زوغبی:** بۆ گەورە گۆرانیبێژانی وەک وەردە، فائیزە ئەحمەد، ئوم کەلسـوم گۆرانیمگوتووەو گۆرانییە هاوبەشەکانیشـم وەک «انت حبیبی»، «مەسـاری» لەگەڵ گۆرانیبێـژی جیهانی کازم سـاهیر و وائیل کفوری لەگۆرانی «لا تموت مین حبیبی انا» بەشداریمکردووە.

وارڤین: **چۆن دەڕوانیتە مەینەتییەکانی ژن، ئایا هیچ شتێکت پێشکەش بەژن کردووە؟**

- **نـەوال زوغبی:** من زۆرتر هەسـت بەئازارییان دەکەم، چونکە لەگەڵ ئەو ئازارانەدا ژیاوم، بۆیە هەمیشە هەوڵمداوە لەڕووی شێوازی جلوبەرگ و قژ داهێنانەوە بەشێوازی نوێ لەنێو ژناندا دەربکەوم، چونکە دەخوازم هەمیشە ژنان بەوپەڕی جوانی و شۆخییەوە دەربکەون.

وارڤین: **ئایا کەس ڕێگری لەڕێڕەوی کاری هونەریت کردووە؟**

- **نەوال زوغبی:** کەس ڕێگری کەسـی پێناکرێت ئەگەر دوای سەد ساڵیش بێت.

وارڤین: **هەرێمی کوردسـتان هەرێمێکی ئارامەو گەلەکـەی ئازادی و کەیشـتن بەمافەکانی خۆی دەوێ لەمـاوەی ئـەم چەند سـاڵەدا زۆرێک لەهونەرمەندان سەردانی ئەم هەرێمەیان کردووە، ئایا نەوال حەزدەکات سەردانی کوردستان بکات و گۆرانی بڵێت؟**

- **نـەوال زوغبی:** بێگومان ئارەزووی ئەوە دەکەم و خوا یاوەرم بێت بەمزووانە ئاهەنگێک لەوێ ساز دەکەم.

وارڤین: **دوای بڵاوبوونەوەی چەندین کلیپی کوردی لە کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکان، چۆن هونەری کوردی هەڵدەسەنگێنیت؟**

- **نەوال زوغبی:** هونەرێکی ڕاقییە.

وارڤین: **چی لەبارەی کوردەوە دەزانیت کە گەلێکە دابەشـکراوە بەسـەر چوار وڵاتدا، ئایا ئەو گەلە مافی ئەوەی نییە دەوڵەتی هەبێت؟**

- **نـەوال زوغبی:** هەموو گەلێکـی جیهان مافی خۆیەتـی بگات بەئازادی و یەکگرتوو بێت، بەڵام بەداخەوە لەهیچ وڵاتێکدا کێشـە سیاسـییەکان کۆتاییان نایێت.

وارڤین: **دوا ئەلبومی گۆرانی نەوال زوغبی چییە؟ ئایـا بەئەلبومێکی نوێ لەدەرگای جیهانی هونەر دەدەیتەوە؟**

- **نـەوال زوغبی:** دوا ئەلبوومم ماوەی هەفتەیەکە بەنـاوی «معرفش لیە» کەوتووەتـە بازارەوەو ئێسـتاش گۆرانییەکانی «اکتر من الف ومیە»و «حقولک ایە» و «معرفش لیە». سـوپاس بۆ خودا لەپێشەوەی گۆرانییە عەرەبییەکانن.

وارڤین: **وشـەیەک کەلە ڕێگەی گۆڤارەکەمانەوە پێشکەشی جەماوەری خۆت لەهەرێمی کوردستانی**

www.netewe.com



**بکەی چییە؟**

**– نەوال زوغبی:** خۆشمەدوێن، هیوادارم بەمنزیکانە بەیەک شادبین و بەیەکەوە چێژ لەئاهەنگێکی گەورە ببینین، هەروەها هیوادارم چێژ لەئەلبومە نوێیەکەم «معرفش لیە» وەربگرن و جێی رەزامەندیتان بێت.

**وارڤین: رات چییە لەسەر بوونی گۆڤارێکی تایبەت بەژنان لەهەرێمی کوردستان و چی بە وارڤین دەڵێی؟**

**– نەوال زوغبی:** بەردەوام بن، هەمیشە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی ژنان لەسەنگەری راگەیاندندا بمێننەوە.

**وارڤین: لەکۆتاییدا دەتەوێ شتێکی دیکە بڵێیت؟**

**– نەوال زوغبی:** لەخودای پەروەردگار دەپاڕێمەوە سەرکەوتوو و تەندروستبن و دوا بەرهەم و ئەلبوومی گۆرانییەکانم کە ناوی « معرفش لیە» بەدڵی هەموو لایەک بێت، چونکە ٣ ساڵ کارم بۆ کردووە.

www.netewe.com



# پێنج منارە لە نیویۆرک

## «دەجال» فیلمێک سەبارەت بە تێڕوانینەکانی ئیمڕۆ بۆ ئیسلام

سەرەتا:
ئیتر کەس گومانی لەوە نییە کە ماهسون کرمزیگویل، دەرهێنەرێکی نێودار و گەورەی بواری سینەمایە. ماحسون کرمزیگویل، ساڵی ١٩٦٩ لەشاری بینگوێل لەدایکبووە. ئەو بەگۆرانی پۆپ دەستیپێکرد و ناوبانگی دەکرد. لەناو کورد و تورکەکاندا خۆشەویستبوو، گوێ لەدەنگی دەگیرا. تەنانەت لەناو کورد و تورکەکانی ئەوروپایشدا هەروەها بوو. بەڵام ماحسون، وا بۆ نزیکەی پێنج ساڵ دەچێت دەستبەرداری گۆرانیگوتن و مۆزیکدانان بووە. ئەو راستە دەستبەرداری گۆرانیچڕین بوو، بەڵام ناوبراو لەساڵی ٢٠٠٧ بەدواوە وەک دەرهێنەر، ئەکتەر و بەرهەمهێنەرێکی گەورەی بواری سینەما دەرکەوت. کاتێک ساڵی ٢٠٠٧ زۆر کەس فیلمی فریشتەی سپی (بەیاز مەلەک) یان بینی و پاشان رۆژم بینی (گوینەیشی گوێردوم)، لە گوماندابوون کە ئەوکارە گەورانە بەرهەمی ماحسون کرمزیگویل بن. لەئەوروپا ئەو دوو فیلمەی دەرهێنەر پێشتر لەپەردە گەورەکانی سینەما بەچەشنی بەرهەمەکانی هۆلیود پیشاندران. ئێستایش پاش ئەو کارە نایابانە، ماحسون کرمزیگویل بەفیلمی پێنج منارە لەنیویۆرک دێتەوە دیداری بینەر و کارێکی تایبەت پێشکەش دەکات.

ناوی فیلم: پێنج منارە لە نیویۆرک
ناوی ئۆرژینال:
New York’ta Beş Minare
سیناریۆ: ماحسون کرمزیگویل
دەرهێنان: ماحسون کرمزیگویل
بەرهەمهێنەر: جەرەن ئاسلان، موراد تۆکات
وەڵاتی بەرهەمهێنەر: تورکیا
شوێنی وێنەگرتن: ئەمەریکا، تورکیا
ساڵی پیشاندان: ٢٠١٠
کامێرا: جەیمس گوچیاردۆ
موزیک: ماحسون کرمزیگویل، یلدرای گویرگەن، تۆفیق ئاکباسلی
مۆنتاژ: مستەفا پرێسهەفا
١١٦خولەک، ٣٥ ملیم
رەنگاوڕەنگ
زمان: تورکی

### پێنج منارە لە نیویۆرک:

فیلمەکە بەدیمەنی چوونەسەر ماڵێک دەستپێدەکات. ماڵێک کە بەرواڵەت شوێنی عیبادەت و فێربوونی وانەکانی ئیسلام و قورئان خوێندنە. بەڵام راستییەکەی بنکەیەکی ترسناکی کەسانی توندڕەوە. لەو ماڵەدا مرۆڤەکان ئەشکەنجە دەدرێن و دیارە بنکەیەکە سەرچاوەی هەڕەشەیە بۆ سەر خەڵک و ئاسایشی وڵاتەکە. پۆلیسی تایبەت هەڵدەکوتێتە سەریان و لەشەڕێکی دەستەویەخەدا رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. پاش کوشتار لەهەردوو لا، پۆلیسەکانی دەست بەسەر بنکەکەدا دەگرن، بەڵام تاکۆتایی فیلمەکە ئاشکرا نابێت کە لەو ماڵەدا چ پیاوێکی توندڕەوی ترسناکیان دەستگیرکردووە. پیاوێک خەڵک بەناوی ئیسلامەوە بۆ تۆقاندن و بۆ کوشتن هاندەدات. ماحسون کرمزیگویل فیلمەکەی بەدوو وێنەی جودا دەستپێدەکات. وێنەیەکی ئەو ماڵ، بنکەیەی توندەڕەو و پەڕگیران، بەرانبەر بەوان و دنیابینی ئەو بیرکردنەوەیە وێنەی کۆمەڵێ پۆلیس کە سوێنددەخۆن وەڵاتەکەیان لەهەموو دەستدرێژییەک بپارێزن. شوێنی بەرهەمهێنانی


ماحسون کرمزیگویل

فیلمەکە ئەمەریکا و تورکیایە. تورکیا وەکو سیستەمێکی خۆ بە عیلمانی زان، دوژمنی سەرسەختی ئیسلامی سیاسی و بەتایبەتیش توندڕەوانن. بەڵام کێشەکە ئەوەیە رەنگەکانی ئیسلام زۆرن، یەک و دووان نین. ئەو گروپانەی بەناوی ئیسلامەوە کار و کاران گەلێ زۆرن، لەناو خۆیشیاندا ناتەبان و هەر یەکێکیان وێنەیەکی زۆر جیاوازی لەوی دیکەیان بەئیسلام بەخشیوە. هەروەها ئەمەریکا رووبەرەکەی دیکەیە بۆ

www.netewe.com




بەرهەمهێنانی ئەم فیلمە. ئەمەریکاو پەیوەندی ئەو وەڵاتە بەئیسلامی سیاسییەوە، بەتایبەتیش پاش یازدەی ئەیلول. دیارە تێڕوانینەکان لە ئەمەریکایش بەرانبەر بەئیسلام جیاوازن.

ماحسون، لە فیلمی پێنج منارە لە نیویۆرک ئەو جیاوازییانەمان بۆ دەخاتە بەردەست و بواری ئەوە بۆ بینەر دەهێڵێتەوە تا بەراووردی بکەن یان خۆیان بڕیار لەبارەی وێنەکانی ئیسلامەوە بدەن. بۆ ماحسون کرمزیگویل-ی دەرهێنەر تاکەکەس نوێنەرایەتی راستەقینەی ئیسلام دەکات، ئیسلامێک کە بڕوای بەئاشتی، لێبوردەیی و لێکگەیشتن هەیە، حاجی گومویشە. ئەو پیاوە لەشاری نیویۆرک-ئەمەریکا دەژی. بەڵام لەپای ئەوەی لەتەمەنێکی زۆر زوودا بێگوناهانە بەکوشتنی کەسێک لەشاری بدلیس تاوانبار کراوە، چۆتە ئەمەریکاو لەوێ ژیانێکی سەرکەتووی بۆ خۆی مەیسەر کردووە. ئەو کەسەی لەشاری بدلیس کوژراوەو حاجی گومویش-ی پێ تاوانبار دەکرێت، باوکی فراتە (ماحسون کرمزیگویل ئەو رۆڵە دەبینێت). فرات لەپای هێنانەوەی ئەو پیاوەداو تۆڵەسەندنەوەی خوێنی باوکی لێی، کاری نەکردە دەکات، بەڵام لەئەنجامدا دەگات بەو بڕوایەی ئەو پیاوە، واتە حاجی گومویش، بێتاوانەو پیاوێکە لەدڵەوە موسوڵمانەو باوەڕی بەئاشتیخوازی ئیسلام هەیە. فرات ئیتر بەرچاو روونە حاجی گومویش، ئەو پیاوە نییە باوکی ئەمی کوشتووە. فرات وەک پۆلیسێکی گرنگ و بەهاوڕێیەتی پۆلیسێکی هاوکاری بۆ هێنانەوەی حاجی گومویش، دەچنە نیویۆرک. حاجی گومویش کە لەوێ لە زیندانی ئەمەریکییەکاندایە دەیانەوێ وەریبگرن و بیبەنەوە تورکیا. لەلای ئەوان وەها زانراوە ئەو پیاوە، واتە حاجی گومویش، ناوە نهێنییەکەی (دەجال)ە و خۆیەتی کە ئەو هەموو کاری تۆقاندنانە لەدژی دەوڵەت لەو دوورەوە بەڕێوەدەبات و کۆنترۆڵی دەکات.

بەڵام پاش هێنانەوەی حاجی گومویش، بۆ تورکیا و پاش ئەوەی فرات خۆی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکات، بۆی دەردەکەوێت سەرجەم کارەکە بەڕێی هەڵەدا تێپەڕیوەو حاجی گومویش کەسێکی بێتاوانە. ئەو پیاوە موسوڵمانێکی بێوەیەو دیوانەو دەروێشێکی رێ و باوەڕی خۆیەتی. تەنانەت حاجی گومویش، ژنەکەی کریستیانەو جلی کراوە دەپۆشێت و ملوانکەی خاچێکی لە ملدایە، ئەمانە بۆ فرات و دەوروبەرەکەی سەرەتا زۆر ناجۆر دێنە نرخاندن. بەڵام پاشان لە لێبوردەیی و کراوەیی حاجی گومویش حاڵی دەبن.

پاش ئەوەی حاجی گومویش لە لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسی تورکیا رزگاری دەبێت. دەبێ بەهاوڕێی هەردوو پۆلیس، فرات و هاوکارەکەی، ئەوان داوای لێبوردنی لێدەکەن و پێیدەڵێن، ناچاربوونە ئەرکی خۆیان بەجێبهێنن، ئەویش دەڵێ «تەقدیری ئیلاهی بوو» واتە هیچم لەدڵدا نییە بەرانبەرتان.

هەر ئەو دەمە فیلمەکە دەگەڕێتەوە سەر هێرشەکەی سەرەتا لەبنکەی توندڕەوەکاندا، ئەوانەی نوێنەرایەتی تیرۆر دەکەن بەناوی ئایین و ئیسلامەوە. لەو ماڵەدا (دەجال) دێتەگرتن. دەجال، ئەو پیاوەی هەموو دەوڵەت بەدوویدا وێڵە دەستبەست دەکرێت و راپێچی زیندانی دەکەن.

بەرلە کۆتایی فیلمەکە، کاتێک فرات پێشنیازی ئەوە بۆ حاجی گومویش دەکات، پێکەوە سەرێک لەشاری بدلیس بدەن، حاجی گومویش پێشنیازەکە پەسەنددەکات و دەکەونە رێ. حاجی گومویش، ساڵی ١٩٧٣ ئەو شارەی




بەجێهێشتووە بۆ؟ چونکە بەکوشتنی باوکی فرات تاوانبار کراوە. نزیکەی ٣٤ ساڵە نەگەڕاوەتەوە ئەو شارە. کاتێک دەگەنە شاری بدلیس، باپیری فرات زۆر خۆشحاڵەو بەفرات دەڵێ، نەتهێشت خوێنی باوکت بە فیڕۆ بڕوات، بکوژەکەیت هێنایەوە بەردەستمان و ئێستە کاتی ئەوەیە دەستی خۆت بوەشێنیت. بەڵام فرات بەباپیری دەڵێ «ئەو پیاوە کەسی نەکوشتووە، ئەو پیاوە بێتاوانە».

باپیری سەرەتا لە فرات دەدات و سووکایەتی پێدەکات، بەڵام پاشان دەڵێ باشە تۆ راستدەکەیت و بڕۆ بۆ لای حاجی گوموش. باپیری فرات پاش کەمێک خۆی دەچێتە سەر ماڵەکە، لەکاتێکدا هەموو پێکەوە دانیشتوون فراتیش لەناویاندا و هاوڕێ پۆلیسەکەیشی، باپیری فرات دێتە سەریان، تەقە لەحاجی گوموش دەکات و دەکوژێت. دیارە هاوڕێ پۆلیسەکەی فراتیش یەکسەر ئەو پیاوە پیرە، باپیری فرات، دەکوژێتەوە. بەڵام پاش چی؟ بەرلەوەی حاجی گوموش گیان بسپێرێت رووداوی کوشتنی باوکی فرات بۆ فرات دەگێڕێتەوە. فرات زۆر دەگری و دەڵێ «دەزانم و بۆم دەرکەوت تۆ کەسێکی بێگوناهیت».

حاجی گوموش، لە وەڵامدا دەڵێ: «تەقدیری ئیلاهی»یە. لە تاو جەهالەت رامکرد و گەڕامەوە بۆ ناو جەهالەت، ئەوەیش ئەنجامەکەی بوو.

### پێنج منارە لە نیویۆرک:

جەهالەت، بێگومان سەرچاوەی هەموو نەگبەتی و نەهامەتییەکان. ماحسون، لە فیلمی پێنج منارە لە نیویۆرک دا، دەیەوێ ئەوە بڵێت، کە جەهالەتە وادەکات هەموو ئایین و بیروڕاکان بەد بەکاربهێندرێن. جەهالەتە وایکردووە مرۆڤەکان پێکەوە هەڵنەکەن و یەکتری پەسەندنەکەن. ئەو دەرهێنەرە مەبەستێتی ئەو پەیامە بگەیەنێت. جەهالەت و ترسناکی رەهەندەکانی جەهالەت. (دەجال) کە سەرکێشی گروپێکی پەڕگیر و توندڕەو بوو هاتەگرتن، بەڵام کوشتنەکان، تۆقاندن و دەستدرێژییەکان تەواونەبوون و کۆتاییان نەهات، بۆ؟ چونکە جاهیلەکان زۆرن. تا ژمارەی جاهیلان زۆر بن، ژیان دوورە لە دڵنیایی و ئاسایشەوە.

ماحسون، فیلمێکی بەرهەمهێناوە شایستەی بینین و مایەی رامان و بیرکردنەوەیە. فیلمی پێنج منارە لە نیویۆرک، پێماندەڵێ پێویستە ئاگادار بین لەو هەموو خراپ بەکارهێنانەی دین و گەمەکردنی بازرگانەکانی دین بەباوەڕەمەندەکان. ماحسون کرمزیگویل، کارێکی کردووە شایستەی رێزێکی گەورە، هەروەها فیلمێکی بەرهەمهێناوە شایانی زۆرتر لە یەکجار تەماشاکردنە.



# هەمیشە غەرقم لە عیشقی تۆ ...

کات : چارەکێ بەر لە دەستپێکردنەوە.
شوێن : کەناری چاوەڕوانییەکی هیوادار.
لە (نیشە)ەوە .. بۆ .. (جوانترین بوونەوەری دونیا)
شەوباش ئەی جوانترین مرۆڤی خودا .. دەنگ و باست چۆنە؟
هیوای من هەمیشە باشی و سەلامەتی تۆیە..! بەڵام ئەم کاتەی ئەم نامەیەت بۆ
دەنووسم نازانم دەنگ و باسی تۆ چۆنە؟ و خەریکی چیت ...؟
هەرچەندە زۆر ماندووم، بەڵام لەبەرئەوەی هێندە بیرتدەکەم ناتوانم بێ نووسینی
ئەم نامەیە بخەوم.. ئەزانی بۆ؟
چونکە دوایینجار کە قسەمان کرد هەندێ تووڕە بووم لێت.. خۆ ئەزانم تۆ نەک هەر
نیگەران نەبووی بگە هێندە جوانت وەسفکرد ئیدی شەرمەزار ئەبم لێت تووڕەبم...
هەندێجار بیرلەوە دەکەمەوە کە ئەم نامانە هەتا کەی؟ .. نزیکبوونەوەمان بۆ هێندە
دوورەو دوورکەوتنەوەمان بۆ هێندە نزیکە، بەڵام کە بیرلەوە دەکەمەوە کە هیچ
پەڕەیەک لەبەر دەستما پێپەڕ نابێ بەبێئەوەی دێڕێکی بۆ تۆ لەسەر نەنووسم،
ئەمە ئەمگەیەنێتە یەقینێک کە ئەڤینداری یانی ئەمەی کە منی تێدام، هەمیشە پڕم
لەپەیڤی خۆشەویستی چاوەکانم لەخەونیشدا نیگاکانی ئەو لەیاد ناکات، دڵم
بەردەوام خورپەی ئەویندارى رایئەچەنێ و دەروونم هەندێجار پەشۆکاو و هەندێجار
ئارام و ئاسوودە !! نەوەک کەسێک کە بۆ هەمیشە لەژێر بنمیچێکدا شەو و رۆژ
بەڕێدەکەن.. کەچی هەتا پەیڤێکی خۆشەویستی دەربڕن هەزار گرژی و ئاڵۆزی دێتە
ئاراوە...!!
هەناسەگیان هەمیشە سوپاسگوزاری خواوەندێک بکە کە لەژێر بنمیچەکەی خۆیدا دوور
دوور لەیەکتر دوورتر لەدووری یەکتر دەژین.. بەڵام هەموو چرکەیەک ئەڤینداری و
عیشق رۆحمان پڕدەکات لەئاسوودەیی...!!

من هەرگیز نامەوێ کەسێک وەڕەس بکەم چ جا ئەو کەسەش ئازیزی دڵم بێت.. با
نامەکەم کۆتایی پێبهێنم.. ئیدی چاوەجوانەکانت ماندوونەکەم ...
لێوانلێو بوون لە عیشق، خاڵی بوونەوەیە لە نەهامەتییەکانی ژیان.

بەختەوەرم بەختەوەر بیت



www.netawe.com

# شادی و شۆخانەکانی ٢٠١١

ئەوان قسەناکەن، وەک ئەوەی لەسەر گڵکۆی ئەوانەوە بێدەنگی نووسرابێ و بگوترێ وەڵامی کوشـــتنی دوو کچی کورد تا ئەبەد بێدەنگییە. چاوەکانیان هێشتا بۆنی پەرتووکی رۆژانەی قوتابخانەی لێدێ. کەچی بەرلەوەی پێنووسی شادی چارەنووســـی کۆلێژ هەڵبژێرێ و شۆخانیش لەگەڵی وەک جاران بەرەو قوتابخانەکە بکەوێتەڕێ، ئیتر بۆدواجار رفێندران و لاشـــەیان لەســـەر رێگەی کەرکـــوک- چەمچەماڵ بەمردوویی فڕێدرا. ئەوان پێنووســـەکانیان رادەســـتی داواکاری گشتی و دادگا کرد، تا لەبارەی چۆنیەتی کوشتنیانەوە هەواڵ بدرێـت، بەڵام وەک چەندین پێنووســـی رادەســـتکراویتر، مەرەکەبی لێپێچینەوە لەدوو رۆژی مەرگی ئەو دووشۆخە وشـــکبوو، ناونیشانی بێدەنگی لەسەر دۆسیەیان لەساڵی ٢٠١١ تۆمارکرا.

دوای ٤٠ رۆژ بەســـەر مەرگی شادی و شۆخان، چیرۆکی کوشتنی ئەو دوو کچە روداوگەڵێکە وەک پرســـیارێک بەسەر بێدەنگی داواکاری گشتی و دادگانی هەرێم و بەرپرسە باڵاکان و ژنپارێزان و پەرلەمان و حکوومەت و سەرۆکایەتی هەرێم دەگوترێتەوە. تۆ بڵێی رووداني فڕێدانی تەرمی دوو کچ و حەشـــاردانی چۆنیەتی کوشـــتنی ئەو دووکچە جێگەی دانیشتنێکی پەرلەمان نەبێ کە ببێتە هۆی بانگهێشتی لایەنی پەیوەندیدار و بزانرێت بۆچی دۆسیەکان دوای کوشتن راناگەیەندرێن و بێدەنگیان لێ دەنوێنرێت.

شۆخان و شادی، لەزۆربەی شاروشارۆچکەکانیتری کوردستان هەن، کاتێ دەکوژرێن «داواکاری گشـــتی وەک ئـــەوەی باڵندەیەکی دەنووک قرتاو بێت و دادگاش وەک باڵندەیەکی پەڕوباڵ شـــکاو» کە نەتوانێ دەستی دادپەروەی بۆ دۆزینەوەی بکوژێک درێژبکات، دۆســـیەکان بەداخراوی هەڵدەگیرێن. تۆ بڵێی داواکاری گشـــتی ترسی لەبەدواداچوونی دۆســـیەی کوشتنی شادی و شۆخان هەبێ یان لەگەڵ پەردەلادان لەســـەر دەمامکی ئەو جۆرە رووداوانە دەســـتی باندێک لەنێو دەسەڵاتدا ئاشکرادەبێت، یان داواکاری گشتی داواکاری بێدەنگی و سەیرکردنی رووداوەکانە.

گڵکۆی شادی و شۆخان، ماڵی چەندین کچیتری ئەو وڵاتەیە، کاتێ دەکوژرێن ئیتر وەک هەواڵێکی ســـەرەتایی دەگوترێت کچێـــک کوژراو تەرمەکەی فڕێدرا، بەڵام دوای یەک هەفتە ئیتر بێدەنگی دەنوێنرێ و بەدواداچوون ناکرێت؟. ئەی تۆ بڵێی دادگا لەچاوەڕوانی ئەو دۆســـیە بێوەڵام بمێنێتەوە؟ ئەی بەرپرسانی ئەمنی ســـلێمانی هەر بڵێن رووداوەکە سیاســـی نییـــەو کۆمەڵایەتی بوو؟ ئەی بکوژانـــی ئەو دوو کچـــە کێن و لەکوێن؟ ئەی بڕیارنەبـــوو لەهەفتەی یەکەمی کوشـــتنی ئەو دووکچە، بکوژانی دەستگیربکرێن و رابگەیەنرێن؟ یەکێک دەڵێ بکوژ کەسێکە سەر بەئاسایشی پارتێکی دەسەڵاتداری هەرێمە، ئەوەیتر گوتی نا پاسەوانی بەرپرسێکە! بکوژ هەر کێ بێت؟ لەرەنگی هەر پارتێک و دەسەڵاتێک بێ بکـــوژە. ئەی بێدەنگی لەبەرئەوەی بکوژ کێییە، مانای پەردەپۆشـــکردنی ژنکوشـــتن نییە؟ تاکەی کاروانی پەردەپۆشـــکردنی ژنکوشتن لەهەرێمدا درێژ بکرێتەوە؟

دیمەنی چیرۆکی شادی و شۆخانەکانی ٢٠١١ لەسلێمانی لەبەردەم پارێزگای ســـلێمانییەوە دەبینرێن و لەبەردەم پارێزگارو بەڕێوەبەری گشـــتی پۆلیس و دادگاو دەســـەڵاتی ئەو پارێزگایە باس دەکرێن، کەچـــی دوای تێپەڕبوونی ٤٠ رۆژ بەســـەر مەرگەساتی ئەوان، کەسێ نییە بپرســـێتەوە ئەو دۆسیە بەکوێ گەیشـــت؟ تۆ بڵێی دەسەڵاتی کوردستان لەسزادانی بکوژانی ژن بترسێت؟ یان بکوژ مافیایەکی ئەوەندە زلهێزە کە دەستی شاردنەوەی تاوانەکانی باڵی بەسەر دەسەڵاتدا کێشاوە.




www.warvin.org

د. زریان بۆ وارڤین:
دەسەڵاتی تەندروستی هەرێم
بۆ وەزیر و چەند بەڕێوەبەرێک
قۆرخ کراوە



شیرین و فەرهادەکانی
تەکنۆلۆژیا پەشیمانن



نەوال زوغبی بۆ وارڤین
بەمزووانە
دێمە هەولێر



عاشقان لە ڤالانتاین
چی دەکەن؟

www.nefteweb.com